دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەرەکی ئەنجومەنی کارگێری و سەرنووسەر
مصلح جەلالی

هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

پێنج شەمە ١٩٨٦/١٠/٣٠ ژمارە ٨٦٣
١٢ لاپەڕە
بە ٥٠ فلسە
الخميس ١٩٨٦/١٠/٣٠ العدد ٨٦٣

لەم ژمارەیەدا

● راپۆرتێك دەربارەی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی کورد لە هەولێر ل ٤

گفتوگۆی نێوان سەرکردە صدام حسین و مەلیك حسین

سەرکردە پێتەوێی بەرەکانی جەنگ دووپات دەکاتەوە

خاوەند شکۆ مەلیك حسین کوڕی طلال پادشای وولاتی ئەردەنی هاشمی بە سەردانێکی ڕەسمی گەیشتە بەغدا.

پێشوازییەکی ڕەسمی بۆ خاوەند شکۆ مەلیکی ئەردەن کرا لەسەرووی پێشوازیکەرانەوە بەڕێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین بوو.

لە پێشوازییەکەدا بەڕێز عزة ابراهیم جێگری سەرەکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش طه یاسین رمضان یەکەمین جێگری سەرەك وەزیران و طه محیی الدین معروف جێگری سەرەك کۆمارو بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و بەڕێز لطیف نصیف جاسم وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن سەرەکی وەفدی پێشوازیکردن و بەڕێز أحمد حسین سەرەکی دیوانی سەرەکایەتی و سکرتێری سەرەك کۆمارو چەندین لێپرسراوی تر ئامادەبوون.

وەفدەکەی تەك خاوەند شکۆ مەلیك حسین پێك هاتبوو لە ئەمیر عبدالله کوڕی الحسین و بەڕێزان زید الرفاعی سەرەك وەزیران و مروان القاسم سەرەکی دیوانی پاشایەتی و عدنان أبو عودة وەزیری کۆشکی پاشایەتی و لیوای فروکەوان إحسان شردم فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئەردەن.

پاش پشوودانێکی کورت بەڕێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین میوانەکەی خۆی خاوەند شکۆ مەلیك حسین ی لە ڕێزەوێکی ڕەسمی دا بۆ شوێنی مانەوەی برد.

پاشان بەڕێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین و خاوەندشکۆ مەلیك حسین دەستیان بە گفت وگۆی ڕەسمی کرد باسی پەیوەندیی پەرەسەندووی دووقۆڵی نێوان هەردوو وولاتی براو باری عەرەبی بەشێوەیەکی تایبەت کرد، هەروەها گفت وگۆکە باری بەرەی جەنگیشی گرتەوە کە بەڕێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین بۆ مەلیك حسین ی دووپات کردەوە کە باری بەرەی جەنگ زۆر پتەوەو هێزە چەکدارەکانمان ئامادەن هەر هەوڵێکی ئاژاوەنانەی دوژمن سەرکوت بکەن.

وەفدی هەردوو لا لە گفت وگۆکەدا ئامادەبوون، سەر لە ئێوارەیش بەڕێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین خوانێکی شیوخواردنی گەورەی بۆ ڕێز لێنانی خاوەندشکۆ مەلیك حسین کوڕی طلال ڕێك خست ئەندامانی وەفدی هەردوو لا تێیدا ئامادەبوون.

لە نامەیەك دا لە بەڕێز سەرەك (صدام حسین)ەوە بە بۆنەی هەفتەی هاریکاری تەك گەلی نامیبیادا

عیراق سەرلەنوێ پشتگیریی خەباتی گەلی نامیبیا دەکات

عیراق سەرلەنوێ پشتگیریی تەواوەتی ی خۆی بۆ خەباتی گەلی هەرێمی نامیبیا پیشان داوە تا مافە ڕەواکانی خۆی لە سەربەستی و ئازادی دا وەربگرێتەوە.

لە نامەیەك دا کە سەرەکی بەڕێز صدام حسین ناردوویەتی و شەوی سێشەمە لە نێویۆرك دا بڵاو کراوەتەوە ئەویش بە بۆنەی هاریکاریی تەك گەلی نامیبیاو ڕێکخراوی گەلی خواروی ڕۆژئاوای ئەفریقیا (سوابۆ) بە بەشداری کردنی ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتانی ئەندامی ڕێکخراوەکە دووپاتی ئەوەی کردەوە کە عیراق وەك ئەندامێك لە لیژنەی نەهێشتنی ئیستیعمار هەوڵی هاوبەشی داوە تەك دەوڵەتانی تری جیهان دا بە ئامانجی ئەوەی گەلی نامیبیا مافە ڕەواو چەسپاوەکانی خۆی لە چارەنووسی و سەربەستی و ئازادی دا بە سەرکردایەتیی ڕێکخراوی (سوابۆ) وەربگرێتەوە.

نامەکەی سەرەکی بەڕێز پەنجەی بۆ پێویستی سەرکوت کردن و پاکژدانی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمی پریتۆریا کێشاوە لە هەرێمەکەدا کە تەك ئارەزووی کۆمەڵی نێو دەوڵەتی دا ناگونجێت کە خۆی لەو ڕاگەیاندنەدا دەنوێنێت نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاوی کردووەتەوەو داوای کردووە سەربەستی بەو گەلانە بدرێت کە لە ژێر ڕکێفی ئیستیعماردان، دووپاتی ئەوەیشی کردووەتەوە کە ڕژێمی ڕەگەزپەرستی پریتۆریا توانای ئەوەی نەدەبوو لەو سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەی خۆی بەردەوام بێت ئەگەر پشتگیریی لێنەکرایەوەو نەپارسترایە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لەلایەن هەندێك دەوڵەتەوە لە ڕێشەوەی هەمووشیان قەوارەی زایۆنی.

نامەکە سەرنجی دەوڵەتانی بۆ ئەو لە یەك چوونە ڕاکێشاوە لە نێوان سێ ڕژێمی ڕەگەزپەرستانەی قەوارەی زایۆنی و خواروی ئەفریقیاو ڕژێمی ئێران دا هەیە کە مەترسییەکی ئەوتۆن کار دەکەنە پاشە ڕۆژی کۆمەڵی نێو دەوڵەتی و ڕەنجی بەردەوامی بو بەدی هێنانی ئاشتی و سەقامگیری لە جیهان دا.

پێنج بەلەمی جەنگیی دوژمنمان سەرنگووم کرد

هێزە چەکدارەکانمان کە پەرە بە چالاکیی جەنگیی خۆیان دەدەن ئەوا هەردەم ئامادە و سوورن لەسەر سەرکوت کردن و هارینی هەر هەوڵێکی ئاژاوەنێدانەی دوژمن و زیان پێگەیاندنیان لە هەر شوێنێکی بەرەی جەنگ دا..

ئەوەبوو هێزی ئاسمانیمان بەرەنگاری دوژمن بووەو ئەو شەش بەلەمە جەنگییەی دەیانویست لە سنووری دەریاییمان نزیك ببنەوە دایانە بەر شلیکی مووشەك و ئاگربارانیان کرد تەك فروکەوانیی سوپاو سەربازانی دەریاییمان دا توانیان پێنج بەلەمیان لێبپێکن و سەرنگومیان بکەن تەك ئەو سەربازە گەوجانەی تێیاندا بوون لە کاتێك شەشەمین بەلەم بۆی هەڵهات.

لە کەرتی ڕۆژهەڵاتی بەسرەیش چوارده سەربازی دوژمن نیازیان بوو لە سەنگەرەکانمان نزیك ببنەوەو سەربازەکانمان بە توێخانە بوردومانیان کردن و پێنج کەسیان لێکوشتن و ئەوانی تریان بریندار کرد.. هەروەها لە هەمان کەرت ڕەنجی ئەندازیاریی دوژمنیان ڕاوەستاندو توانیان دوو ئۆتۆمبێل پەك بخەن یەکێکیان تایبەت بوو، لەگەڵ تێکدانی حەوت سەنگەری پیادەو کوشتنی سەربازەکانی ناویان سەرەڕای کوشتنی سێ سەربازی تری دوژمن و تێکدانی ڕەشاشێکی مام ناوەندو دوو ڕووانگەو سێ سەنگەری جۆربەجۆر.

لە کەرتی باکوورییش هێزەکانمان توانیان شەش سەنگەری پیادەو ڕووانگەیێك و سەنگەری هاوەنێکی (٨٢ ملم)ی تێك بدەن و کوشتنی ئەو سەربازانەی تێیاندا بوون.

لە کەرتی فەیلەقی حەوتیش یەك کۆمەڵ تەقەمەنی تەقێنرایەوەو ئۆتۆمبیلێکیش تێك شکێنرا.. دوژمنی گەوجیش شاری قورنەو خومالّ و زەمقی ی بەتۆپخانەی دوور بوردومان کردو زیانی بە هاوولاتیەکان گەیاند.

بەڕێز طارق عزیز لە بەردەمی کونگرەی نێودەوڵەتی ی خاچی سووردا

عیراق داخوازی ی ئال و گۆڕکردنی تەواوەتی ی هەموو دیلەکان دەکات

بەڕێز طارق عزیز جێگری سەرەك وەزیرانی دەرەوە دووپاتی کردەوە باشترین ڕێگا بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەشکەنجەی دیلەکان ئاڵ و گۆڕکردنی هەموو دیلەکانە لە چوارچێوەی لیستەیەکی دیاری کراودا بەچەشنێك یەك دیل لە هەردوو لادا نەمێنێت.

بەڕێز طارق عزیز وتی عیراق ئامادەیە هاریکاری لەگەڵ سکرتێری گشتی ی نەتەوە یەکگرتووەکان و لیژنەی دەوڵەتی ی خاچی سووردا بکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەم چارەسەری یە.

ئەمە لەو وتەدا ڕای گەیاند کە لەبەردەمی بیست و پێنجەمین کۆنگرەی خاچی سووردا کە لە جنیف سازکراوە.. ڕوونیشی کردەوەکە دەبێت ئاڵ و گۆڕکردنی دیلەکان تەواوەتی سەرناپاگیری بێت.

پاش ئەوەی وتەکەی خوێندەوە لەو کۆنگرەدا ئێوارەی دووشەمە بۆ نیشتمان گەڕایەوە.

لە ڕاپۆرتێکی ناوخۆی سوریاوە:

باری ئابووری شلوقەو هاوولاتی خوراکی ڕۆژانەی دەست ناکەویت

ئەو هەواڵەی ڕۆژنامەنووسیانەی گەیشتوونەتە پاریس وا دەگەینن کە باری کۆمەڵایەتی و ئابووری ی سوریا بەرەو خراپ تر دەڕواتو و ڕۆژ لە پاش ڕۆژ زۆربەی زۆری سووریاییەکان بەدەستی دژواری و گوزەرانی ئالەباری ڕۆژانەوە دەناڵێنن.. ئەویش بە چەشنێك شت و مەك لە بازاردا دەست ناکەوێت جگە سووتەمەنی و کەرەستەی پێویستی تا ئەو ڕادەیە بازاڕی قاچاخ و قاچاخچێتی پەرەی سەندووەو بڵاو بووەتەوە.

هەواڵەکان وا دەگەیەنن هەموو شتێك لە سووریادا سنووری بۆ دانراوە ئەویش بەوەی ڕێگا دەدرێت ڕۆژی پێنج سەعات کارەبا سەرف بکرێت و ئاویش زۆربەی ڕۆژ دەپچڕێت و ڕۆن و سوونەمەنیش دەست ناکەوێت.

هەروەها هەواڵەکە دەڵێت لەم دواییەدا حکومەتی سووریا وازی لە یارمەتیدانی نرخی کرینی کەل و پەلی بنەڕەتی وەك شەکرو برنج هێناوە بە شێوەیەك زۆر گران بوون و دەوڵەتی ئەویش باجێکی نوێی خستووەتە سەر کڕین و فرۆشتنی خانوو بەرە.

وەفدێکی بەرهەڵستکارانی نیراتی دەگاتە تورکیا

ڕۆژنامە کانی تورکیا ڕۆژی دووشەمە ڕایان گەیاند کە وەفدێکی بەرهەڵستکارانی نیشتمانی ئێران ڕۆژی یەك شەمە گەیشتووەتە شاری ئەستەمووڵ بۆ سەرنج دان لەباس و خواسی کوشتنی سەرهەنگ فەرزان تەحمەد حەمید کە ڕۆژی هەینی ی ڕابوردوو لە لایەن چەند نەناسراوێکەوە لەو شارەدا کوژراوە.

نەشزانراوە وەفدەکە چەند ئەندامەو ئەو ئەندامانەی لە تەك چەند لێپرسراوێکی ئاسایشی تورکیادا کۆ دەبنەوە تاکوو هۆو بارودۆخی کوشتنی ئەفسەری پێشووی ئێرانی بزانن کە جێگری لێپرسراوی سوپایی بەرهەڵستکارانی ئێران بووە لە تورکیادا.

وتەی (هاوکاری)

ڕۆژی ڕەشیان نزیك بووەتەوە

ئەو هەواڵانەی لە تارانی پایتەختی ڕژێمی ئاخوندەکانەوە گەیشتوون وا دەگەیەنن کە ناکۆکیەکی توندو تیژو زۆرانبازییەکی بێ وێنە لە نێوان دەست و پێوەندەکانی کارپاانانی ئێران دا ڕووی داوەو لەوانەیە ئەو ناکۆکی و زۆرانبازییە بگاتە نێو هێزو دام و دەزگاکانی لایەنەکانی ناکۆکی و زۆرانبازییەکە.

ڕاپۆرتەکانیش وا دەگەیەنن کە دەست و پێوەندەکانی ڕژێمی ئاخوندەکان بە نهێنی پێوەندییان بە چەند هێزێکی چەکدارەوە کردووە لایەنیان بگرێت و لەو زۆرانبازییەدا کاریان مسۆگەربکات..

دوو کەس لە دەست و پێوەندەکانی کارپاانانی ڕژێم دەزووی زۆرانبازییەکەیان بە دەستەوەیە یەکێکیان خامەنەئی سەرەك ڕژێمەو ئەوی تر ڕەفسەنجانی سەرەك ئەنجوومەنی بەناو شوورایەو لە دەوریشیان دەزووی بەڕۆوەندویستە بنەڕەتەکانن گردبووەتەوە کە پێکهێنراوە نهێنی یە سەر بە هەردوو لایەنەکە بەڕێوەیان دەبەن.

ئەم ڕووداوە گرنگەی کە ئێستا ڕژێمی تووش هاتووە، ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو ڕژێمە وای لێهاتووە بەروبوومی ئەو هەڵس وکەوتە نابەجێیانەی خۆی بدورێتەوە کە ئەوسا هەوڵی دەدا ئاژاوەو پشێوی لە وولاتانی جیهان و ناوچەکەدا بنێتەوەو، خۆی لە دوورەوە تەماشا بکات و سمێڵی ناپیرۆزی بزەی فێڵبازی و ڕق و کینەی لێوەبێت.

ڕژێم بەم ڕووداوەی ئێستای بووەتە بنێشتە خۆشەی ژێر ددانی هەموو کۆمەڵی نێو دەوڵەتی و نەك هەر ئەمە، بەڵکوو لە ئێران دا هەموو گەلانی ئێران حەز بەوە دەکەن ئەو ناکۆکی و زۆرانبازییە لەنێوان ئەو دەست و پێوەندە بێمێشکەدا زۆرتر پەرەبستێنێت و وای لێ بێت خۆ بەخۆ قربکەن و ئەمانیش سووك و ئاسان بتوانن بە سەریان دا زاڵ ببن و ماف بۆ خاوەندی ماف بگێڕنەوەو خاکی ئێرانیان لێ خاوێن بکەنەوە.

بروانە ل ١١

نیویۆرك تایمز:

هێرشە ئاسمانییەکانی عیراق ئابووریی ئێرانی ڕووخاندووە

ڕۆژنامەی - نیویۆرك تایمزی - ئەمریکایی وتوویەتی بوردومان کردنی دام و دەزگا نەوتی و بەندەرەکانی ئێران لە لایەن فروکەکانی عیراقەوە بووەتە هۆی کەم بوونەوەی ناردنە دەرەوەی نەوتی ئێران.

ڕۆژنامەکە لە وتارێك دا لەسەری ڕۆیشتووەو وتوویەتی ئەو زنجیرە هێرشانەی هێزی ئاسمانی عیراق کردوویەتیە سەر دام و دەزگا ئابوورییەکانی ئێران بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بووەتە هۆی ڕووخاندنی ئابووریی ئێران و ڕاگرتنی ڕەوڕەوەی پارە پەیدا کردن بۆ ئامێری جەنگیی ئێران.

زۆرانبازی لە ئێران دا تەشەنەی کردووە

خومەینی داوا لە وەزیری سیخوری خۆی دەکات دەست و پێوەندی مونتەزری بە دادگایدات

لەنامەیەك دا کە لە وەزیری سیخوری ڕژێمی ئێرانەوە بۆ خومەینی نێراوە ئەو زۆرانبازییە توندوتیژەی نێو ڕژێمی ئێران دەرکەوتووە پاش ئەوەی مونتەزری وازی لە لێپرسراویەتی ی خۆی هێنا لە شوێنی خومەینی دوای ئەوەی دەمرێت.

نامەکە پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە ناوبراو مەهدی هاشمی کە بەڕێوەبەری تایبەتی ئۆفیسی مونتەزری و زاوایەتی دەستگیرکراوەو تاوانی بەپاڵ دراوە.

تاوانەکانیشی پیاوکوشتن و ڕفاندنە جگە هاریکاری کردن لە تەك ساڤاك دا سەرەڕای ئەنبار خستنی چەك و تەقەمەنی بەشێوەیەکی نایاسایی و هەڵگرتنی بەڵگەنامەی نهێنی ی دەوڵەت و لاسایی کردنەوەی بەڵگەنامەکانی دەوڵەت و ئەنجام دانی چوست و چالاکی ی نهێنی نایاسایی.

وەزیرەکە داوای لە خومەینی کردووە بیروڕای خۆی سەبارەت بەم مەسەلە دیاری بکات ئەویش فەرمانی پێداوە بیاندانە دادگاو لە دادگا دانەکەیش لە وەزارەتی سیخوری ڕژێم ئەنجام بدرێت.

شارۆن ددانی بەوەدا ناوە کە چەکیان بە تاران داوە

ئاریل شارۆن وەزیری کشت وکاڵی زایۆنی لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسیدا کە ڕۆژنامەی (مەعاریف)ی زایۆنی بڵاوی کردووەتەوە ددانی بەوەدا ناوە کە قەوارەی زایۆنی لە ساڵی ١٩٨٢دا فروکەی ڤانتۆم و پارچەی یەدەکی ئەو فروکەیەی بە ئێران داوە.

شایانی باسیشە کە قەوارەی زایۆنی لە پێشەوەی ئەو دەوڵەتانەیە چەك بە ئێران دەفرۆشێت.

---

١٦٣ ئەندام لە ئەندامانی ئەنجوومەنی پیران و پەرلەمانی ئەمریکا داوای ڕیسواکردنی ڕژێمی خومەینی دەکەن

سەدو بیست و هەشت ئەندام لە پەرلەمانی ئەمریکاو سی وپێنج ئەندام لە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا نامەیەکیان بۆ خافیر پیریز دی کویلار سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ناردووە هیوای خۆیان تێدا دەربڕیوە نەتەوە یەکگرتووەکان لە تەنگ و چەڵەمەی مافی مرۆڤ لە ئێران دا، بکۆڵێتەوە.

Institut Kurde de Paris

ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان کۆ دەبێتەوە

ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان ڕۆژی دووشەمە بە سەرەکایەتی بەڕێز سیروان عبدالله جاف سەرەکی ئەنجوومەنەکە کۆبووەوە بۆ لێکۆڵینەوەی ڕەوتی کار لە پرۆژەو ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش بە دانیشتووانی ناوچەکە دەکرێن لە پێناوی پەرەپێدانیان دا.

بەڕێز سەرەکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن لە کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێزان ئەمیندارە گشتی‌یەکان بەڕێوەبەرایەتیەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئامادەی ببوون داوای ئەوەی کرد هەموو ڕەنج و ووزەیەك یەك بخرێت لە پێناوی تەواوکردنی ئەو پرۆژانەدا کە ئەمانەتەکان لە کاتی دیاری‌کراوی خۆیان دا جێبەجێیان دەکەن و گونجان تەك ڕێڕەوی بنیاتنان و ڕاپەڕینی شارستانیەت کە وولاتە تێکۆشەرەکەمان لە هەموو بوارێك دا بەخۆوەی دەبینێت و پێشکەش کردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ هاوولاتیان.

لە کۆبوونەوەکەدا لە نەخشەکان کە بۆ ساڵی ئایندە پێشکەش بە ئەمانەتە گشتی‌یەکان کراوون کۆڵرایەوە، لەو نەخشانەدا ئەوە هاتووە کە (٦) قوتابخانەی سەرەتایی بە (١٨) هەژدە پول و پەنجا خانوو بۆ موچەخۆرانی دەوڵەت و خانوویەرەی کۆمپیوتەری پارێزگای هەولێرو (١٠) قوتابخانەی سەرەتایی (١٠) پۆلی و یەك خانووی دانیشتن و مەلەوانگەیەکی هاوینە لە پارێزگای دهۆك دروست بکرێن تەك کرینی لۆری و پاسی نەفەر گوێزەرەوەو شت ومەکی دەستەکی‌ی تایبەتیان و پارێزگاری‌کردنی ڕیگاو بانەکان و قیرتاوکردنی شەقامی گەرەکەکان و کردنەوەی خانوویەکی برینچان لە پارێزگای هەولێرو فراوان کردنەوەی خوێندنی تەندروستی لە پارێزگاکانی ناوچەکەدا.

ئەمەو نەخشە پێشنیارکراوەکانی ئەمانەتە گشتی‌یەکان پێشکەش بە ئەنجوومەنی یاسادانان لە خولی ئاسایی ئەم ساڵیدا دەکرێت تا بڕیاریان لەسەر بدات..

پیشانگەهەکا چاندنێ لدهوکێ

(محمد ئوسمانا)

ل سپێدەهیا ڕۆژا ١٩٨٦/١٠/١٥ دەم ژمێر [١٠]و ب چافدێریا بەڕێز چێگرێ پارێزگاریێ دهوکێ و ب حازربونا هەفال چێگرێ ڕازگرێ پارتا بەعسا عەرەبیا هەڤپشکی لقێ دهوکێ و هەفال و ئەندامێن لقێ پارتێ و هەژمارەکا بەربسیاراو هاوەلاتیا.. دەزگەها گشتی یاچاندنێ لدهوکێ بوجارا ئێکێ پێشانگەهەك هوسا لپارێزگەهێ هاتەفەکرن..

ئەڤەو بو زێدەتر شەهرەزایی و زێدەتر زانین لسەر ڤێ پێشانگەهێ.. مەئەف چاڤێکەتنە کر دگەل بەڕێز [عبدالعزیز محمد احمد المزوری] ڕێڤەبەرێ لێژنا پێشانگەهێ..

پ١ = سەبدا سەروبەرێ ڤێ پێشانگەهێ تو چاوا دبینی و ژ چ پێکهاتیە وئەڤەتە هوین هەر ساڵ پێشانگەهەك هو ڤەکن..؟

ب/ - پێك هاتیە ژ [٢٠] پشکا ئو ئەف پشکێت خواری ١ - پشکا دارستانا ٢ - پشکادارو بارێ جوانێ ٣ - پشکا بازرکانێ ٤ - پشکا تەندروستیا گیاندا ٥ - پشکا کارکەهێ و جلوبەرێ کوردی ٦ - پشکا کارگەها ڤەکرتنێ ٧ - پشکا پارستنا چاندنێ ٨ - پشکا لێکولینێت چاندنی ٩ - پشکا چارەکرنا ئاخێ ١٠ - پشکا چاڤدێریا گیاندا ١١ - پشکا بیرێن ژێر زەمین ١٢ - پشکا سکرێ دهوکێ ١٣ - پشکا چیچەلوکا ١٤ - پشکا ئامێرەتا ١٥ - پشکا کەلوپەلێت چاندنێ ١٦ - پشکا دروسکرنا ئامێرەتا ١٧ - پشکا ئامێرەتێت چاندنێ ١٨ - پشکا خودانکرنا گیاندا ١٩ - پشکا ئامێرەتا ٢٠ - پشکا توتنێ..

ئو مە ئنیەتە ئەم هەر سال پێشانگەها ڤەکن...

پ٢ - مەخسەدا وەچیە ژ بوڤەکرنا ڤێ پێشانگەهێ چی‌یە؟

ب٢ - مەخسەدا مە ژ ڤێ پێشانگەهێ ئەوە داکو کورێت دهوکا رەنگین بزانن کا رەنجا دەزگەها گشتی یا چاندنێ لدهوکێ چەندە وهەتا کیری شیایە چاندنێ لدهوکێ پشبیخیت وکا هەتا چ رادەی ڤێ دەزگەهێ ئامێرەتێت هەڤچەرخ ئینانە لناڤ جیهانا چاندنێدا لدهوکێ و دیسان دابزانن کا چەند رەنگێت داروبارو گولێت جوانێ و دەرمانێت چاندنێ و چەند توخمێت گیاندارا هەنە ودابزانن کا کارێ دائیرا تەندروستیا گیاندارا (بیطرە) چی‌یەو کارێ دائیرا ئاڤێت ژێر زەمین (میاه جوفیە) چی‌یەو هەتا چ رادە کارکریە.. دیسان داپتر نیاسین و شەهرەزایی دناڤبەرا دەزگەها کشتی یا چاندنێ و داولاتیا چێ ببیت و ب راستی هاتنا خەلکەکێ زۆر بوڤێ پیشانگەهێ بەلگەیە بو هاریکاریێ دناڤبەرا دەزگەهامەو هاولاتیا.. داخازا مە سەرکەفتنا کورێت عیراقی‌یە لسەر دوژمنێ خومەینی ێ نەفام.

بەغدا.. یەکەمین پیشانگای جیهانی هونەری شێوەکاری لە ئامێز دەگرێت

لەژێر چاودێری‌ی بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین دا، بەڕێز لطیف نصیف جاسم وەزیری ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن لە ڕۆژی بیست وشەشی تەشرینی یەکەم دا چالاکییەکانی یەکەمین میهرەجانی جیهانی‌ی هونەری شێوەکاری لە بەغدا کردەوە.

بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن سلاوی ئاراستەی بەشداربووانی میهرەجانەکە کردو سلاوو ڕیزی سەرەکی فەرمانده (صدام حسین)ی بە هونەرمەندە شێوەکارەکان ڕاگەیاند.

لە ووتەکەیدا وتی: ئێوە لە چوارچێوەی هونەرەوە بەسەر هەموو گرێ کوێرەکانی ژیان دا نێ دەپەڕن کە لە مێشکەکان دا هەڵ دەنیشن و بەوپەری بەهێزییەوە روو دەکەنە داهێنان و جوانیکاری‌و بە هەستێکی ناسك و پەرەی سەندووەو لێوەی بەرەو جیهان بلاوبووەتەوە.. تا لە بنیاتنانی شارستانیەکان دا بەشداری بکات.. شتێکی سەیر نییە ئەم پێشکەوتنە بەدی بکەین کە هونەرمەندانی ئەم سەردەمە بەدی‌ی دەهێنن.

پاشان تیپی سەمفۆنیای نیشتمانی چەند پارچە ئاوازێکی ژەند لەلایەن ئامادەبووانەوە بە چاکی وەرگیران.

لە ئاهەنگی کردنەوەی میهرەجانەکەدا بەڕێزان خالد عبدالمنعم رشید ئەمینداری پاتەخت و عبدالأمیر معلة وەکیلی وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن و ژمارەیەك لێپرسراوو سەرۆکانی دەزگاو بەڕێوەبەرە گشتی‌یەکانی وەزارەت و سەروکی نێراوە دیپلۆماسی‌یەکان لە بەغداو ژمارەیەك لە هونەرمەندانی عیراق ئامادە بوون.

لە میهرەجانەکەدا چەندین کۆرو کۆبوونەوەی پەیوەستەی ڕەخنەگرانی هونەر دەبەسترێت و ساز دەدرێت.

ذکریات: محمد حسن

پاش کۆتایی‌هاتنی ئاهەنگی کردنەوەکە بەشداربووان چەپکێك گوڵیان لەسەر گلکۆی سەربازی نەناسراوو پەیکەری شەهید دانا.

ئێوارەیش پیشانگای نێو دەوڵەتی‌ی میهرەجانی هونەری شێوەکاری لە هۆڵی مەڵبەندی هونەری‌ی صدام دا کرایەوە، پیشانگاکە هەزار کاری هونەری‌ی تێدایە کە تابلۆکێشان و هەڵکۆڵین و گرافیك دەگرنەوە.

لە پیشانگاکەدا پتر لە سێ‌سەدو بیست هونەرمەند بەشداریان کردووە.. لە هەموو وڵاتانی جیهانەوە.

لە شاکارەکان کە جیاکارو نایاب بێت خەڵاتی (صدام)ی هونەری دەباتەوە کە بایی (١٥٠) هەزار دۆلارە.

هونەرمەندانی عیراقیش بە (١٥٠) تابلۆ بەشدارن: لەوانە ئیسماعیل شێخل، محەمەد غەنی حیکمەت، ماهود ئەحمەد، نوری راوی، ئیسماعیل فەتاح تورك، رافیع ناصری، سوزان شێخل، ئیسماعیل خەیات، شاکر حەسەن ئال سەعید، سەعدی کەعبی.

دەنگەکێ نوی یێ پر هێز دسترنا کوردی دا..

رمضان عیسی

تایێ دهوکێ

کوردی. ئەز ئەڤ ساله گەهشتمە هەژده سالێی، پشتی کو من دوو کاسێت تومار کرین ئێك ل سالا ١٩٨٥ ویا دی ژی ل ڤان هەیاما. ئەز هەر ژبچویکاتی ئەڤیندارێ سترانا کوردی بوم وهن هەر سترانێد

سترانبێژا ئەدگەیران و بۆ هەڤالا ژی هەر من دگوتنە ئە هەتا گەهشتیمە وێ ڕێزێ کو ئەز بخو بشیم ئاوازا دانم و سترانا ل گوڤەندو ئاهەنگا بێژم.

- ئەو سترانێد تە ل هەر دوو کاسێتا تومار کرین چ پەیڤن و چ رەنگێ ئاوازانە؟.

● کاسێتا ئێکێ، ئەوا کو من ل سالا ١٩٨٥ تومار کری تێکەلەبوو ژلایێ پەیڤا و ئاوازی ڤە، هندەك ستران ژێ د فولکولورینەو هندەکێ دی ژی پەیڤێ برادەرێد شاعرن. هەر وەسا ئاوازێ فولکولوریەو هندەك ژی ژدانانا منن. ئو کاسێتا دووێ ژی هەر وەسا.

- کاك حسن، ئەم دزانین کو تو بچویك ترین ستران بێژی ل دەڤەرا دهۆکێ، لێ دسەر هندێرا ئەڤەدوو کاسێت تە تومارکرن. ژبلی پشکدارییا هەمی ئاهەنگا.

ئەری مە پێ خوشە تو ژمەرا کورتیەکێ ل سەر دانەرێیا خۆ بو جیهانا سترانێ دیار کەی؟.

● ل پێشێ ئەز سوپاسیا ڤێ روژنامێ دکەم و ب ریکاوێ سلاڤێن گەرم دگەهینمە هەمی هەڤاڵ و دۆستاو ئەڤیندارێد ستران و ئاوازیت شریف)ە.

- کاك حسن، ئەم دزانین کو تو بچویك ترین ستران بێژی ل دەڤەرا دهۆکێ، لێ دسەر هندێرا ئەڤەدوو کاسێت تە تومارکرن. ژبلی پشکدارییا هەمی ئاهەنگا.

ئەری مە پێ خوشە تو ژمەرا کورتیەکێ ل سەر دانەرێیا خۆ بو جیهانا سترانێ دیار کەی؟.

● ل پێشێ ئەز سوپاسیا ڤێ روژنامێ دکەم و ب ریکاوێ سلاڤێن گەرم دگەهینمە هەمی هەڤاڵ و دۆستاو ئەڤیندارێد ستران و ئاوازیت

هەر وەکو مللەتێ مە دهەمی لایید ژیانێ دا هێزا تیا خو جێگیر کری، ئەم دشێین بێژین کوسترانێ سەرێ ژهەمی لایێن دن ستاندی،

چونکو ئاشکەرایە کو ژبەرێ و هەتا ئەفرو ژی سترانێ دەورێ خو دهەمی کارو کریارێد کومەڵی دا هەبوو کارتێ کرنا وێ ژی هەر دەم یا دەست نیشان کری بو. ئو ل دویف پێشفەچوونا کومەڵی ژلایێ شارستانی ڤە، سترانێ ژی کەڤلوژانکێ خو گوهارت و

هەر وەکو مللەتێ مە دهەمی لایید ژیانێ دا هێزا تیا خو جێگیر کری، ئەم دشێین بێژین کوسترانێ سەرێ ژهەمی لایێن دن ستاندی،

چونکو ئاشکەرایە کو ژبەرێ و هەتا ئەفرو ژی سترانێ دەورێ خو دهەمی کارو کریارێد کومەڵی دا هەبوو کارتێ کرنا وێ ژی هەر دەم یا دەست نیشان کری بو. ئو ل دویف پێشفەچوونا کومەڵی ژلایێ شارستانی ڤە، سترانێ ژی کەڤلوژانکێ خو گوهارت و

کوچك و دیوانا ئازا بۆ و قەست کرە سەر شانۆیی‌و ئیزگەو تەلەڤزیونێ، هەر وەکو ناڤەروکا سترانێ ژی

رەوشتەکێ شارستانی وەرگرت، ژڤەگیرانا چیروك و سەرهاتیا، ڤەگوهزتە هەلبەست و پەیڤین تەرو

نازك و ئارمانج بەر. ل ڤێ دەلیڤێ سترانبێژەکێ لاوو دەنگ خوش دێ کەینە مێهڤانێ ڤێ چاڤ پێکەتنێدا کو ب ریکاوی سەرهلبینە رێچوونا

سترانا کوردی یا نوی، ئەو ژی سترانبێژ و هەڤاڵێ خوشتڤی، (حسن

هونەرمەندیکی لاو، دوای چەند ساڵێك کۆشش و هیلاکی، بەرهەمەکانی خۆی لە پیشانگایەکی تایبەتی‌دا کۆ کردەوە.

هەرچەندە بەرهەمەکانی نیشانەی دووا ڕۆژو گەش بینی‌و موژدەی ڕووناکی پێوە بوو... بەڵام ئەوی جێی سەرسوڕمان بوو، بەدرێژایی ڕۆژانی پیشانگاکە، تاقە هونەرمەندیکی دیگارکێش نەهاتە بینین.. چونکە ئەم هونەرمەندە لاوە ناوی نیەو ناناسرێ....!! کە دەفتەری یادگاری پیشانگاکەم هەڵئەدایەوە، لە خۆم ئەپرسی، کوا ووشەی خۆشەویستی ئەو هونەرمەندانەی داوای نوێبوونەوەو دەنگی لاوان دەکەن..؟! - بەراست ئەبوایە ئێستا ئەم هۆڵە ڕازاوە جمەی بێ لە هونەرمەندان.. لەوەش سەیرتر، هونەرمەندەکە خۆی دەڵێ، «دڵنیام ئێستە زۆر لەوانە لە گازینۆو شوێنی‌تر خەریکی کات قرتاندن و دەست بەتاڵین... حەزم دەکرد بێت و دەست نیشانی کەم و کورتیەکانم بکەن، هەتا ئەگەر تاڵیش بێ....»

هەر ڕێرە دەوەستین و دەڵێین، ئەی ئەو هونەرمەندە لاوە چۆن پێ‌بگات و پیشانگا بۆ کێ ئەکاتەوە؟!.

ئەوەی دەڵێین، دیاردەکەیە، دبینین ئەو خو ژ ئاوازێت روژئاڤایی دەدەنە پاش و وی رەنگێ ستارنێ هند رەواجا خو نینە ددڵ گوهدارێ کورد دا.

- ئە چ هیڤی بۆ پاشە روژێ هەیە؟

● هیڤیا من یا تایبەتی ئەوە ئەز بشیم کاسێتە کا نوی تومار بکەم ژ ئاوازێد فولکولوری و ب ئامیرەتێن پێشکەتی وەکو نایێ و ئورکدیونێ و بزقێ.

ئوهیڤیا منا گشتی ئەوە دوسترانا مەیا نوی جهێ خو پێ درست بگریت دناڤ کاروانێ هونەرێ کوردی‌دا.

- نەهێ تو دگەل چ تیپ کاری هونەری دکەی؟

● ئەز نهە دگەل تیپا نیڤسایا هونەرمەندا ل دهوکێ ب سەرکێشیا هونەرمەند (توفیق شاکر)ی کارێ خوێ هونەری دکەم.

- کاك حسن، تو چاوا گو هدارێد ستارنا کوردی یا نوی دبینی؟

● ب رەنگەکێ گشتی، خەلکێ مە پتر حەژ سترانێد خومالی دکەن، یانکو ئاوازێد کو بێهنا کە لە پورێ باب و باپیران ژێ بهێت. لەوا ئەم

رووبەروو لە پیشانگایەك دا...!

هەتا لە شانۆو کۆرە ئەدەبیەکان دەبینێ کە هەندێ کەس، بەداخەوە، لە تواناو دەنگی لاوان سڵ دەکەنەوە، بەرادەیەك کە نە دەیانەوێ بەرهەمیان ببینن و نە گوێیان لێ دەگرن... ئەگەرچی هەندێ لەوانەش بگەنە ڕادەی داهێنان.!

- شیرزاد -

Institut Kurde de Paris

بە داوێنی ئەم شەڕی ڕەخنەبازییەی ئەمڕۆمانەوە

محمدی مەلا کریم

ڕەخنە دوو جۆرە. ڕەخنەیەك هەیە کەم وکورتی و ناتەواویی بابەتە ڕەخنە لێگیراوەکە دەسنیشان ئەکاو بەرانبەر بەوە ڕاستی‌یش ئەخاتەڕوو و بەشێوەی نووسینەکەیا ئاشکرا دیارە مەبەستی ئەوەیە هەم خوێندەوارانیش بەهۆی خوێندنەوەو وەرگرتنی ئەو بابەتە هەڵەوە نەکەونە هەڵەوەو سەریان لێ نەشێوێ و هەم کابرای بنووسی هەڵەکردوویش لەسەر هەڵەکەی خۆی نەڕواو ڕاستیی بۆ دەرکەوێ و، ئەگەر جارێکی‌تر ئەو بابەتە هەڵە تیاکراوەی لە نووسینێکیا دووبارە کردەوە بێ‌هەڵەو ناتەواوی بڵاوی‌کاتەوە.

ڕەخنەبەکیش هەیە نە خوێندەواری مەبەستەو نە دەسگرۆیی ڕەخنە لێگیراوە هەڵەکردووەکە. مەبەستی یەکەمی ئابڕووبردنی ڕەخنە لەگیراوەکەیە لە بەرچاوی خوێندەواران و پەردە هەڵماڵینە لە ڕووی هەڵەو ناتەواویی بۆچوونەکانی بەنیازی بە هیچ نەزان و بوودەڵەو بێ‌کارە پیشاندانی، با ڕەخنەکەیشی لە خودی خۆیا ڕاست بێ.

جا لە چوارچێوەی ئەم جۆرە ڕەخنەدا وایش ئەبێ کابرای ڕەخنەگر سەرەڕای هەڵە ڕاستەقینەکانی کابرای ڕەخنە لێگیراو، خۆیشی هەندێکی بۆ دروست ئەکاو ئەیانکا بە سەرباری هەڵەکانی‌و، ڕستەکانی ڕەخنەکەیشی بەجۆرێکی دانسقە ئەهۆنێتەوەو ترش و خوێ‌و بەهاراتێکی باشی پێوە ئەکا بەنیازی ئەوەی کارێك لە خوێندەوار بکا بە شەوق و ئارەزووەوە بیخوێنێتەوەو تام و چێژێکی تایبەتیی لێ وەرگرێ‌و مەبەستی ڕەخنەکەی زۆرتر بچێتە دڵەوەو ئەوەندەی‌تر کابرای ڕەخنە لێگیراوی لا دزێوو ناپەسەند بێ‌و ڕقێکی خەست لە دڵیا بەرانبەری بگیرێتەوە.

لەمە زیاتریش وا ئەبێ ئەم ڕەخنەیە لەئاستی کابرای ڕەخنە لێگیراو خۆیدا ناوەستێتەوە، دۆست و ئاشنا و بیروباوەڕو قوتابخانەی سیاسی‌و بیرییشی ئەگرێتەو پریشکی ئەگاتە پێشەوایانی گەورەی بیری مرۆڤایەتی‌و، لەم مەیدانەدا بە شێوەیەکی هەڵپەرستانە کەڵك لە بارو دۆخی سیاسی وەرئەگیرێ‌و ئەوە ڕەچاو ئەکرێ کە (تەرەفی موقابیل) بۆی ئالوێ ئەوەی لە دڵیایە بیڵێ‌و ئەو وەڵامەی هەیەتی بیخاتە سەر قاقەزی، بەم چەشنە ڕەخنەکە ئەگەیەنرێتە ڕادەیەك کۆمەڵانێکی فراوانی خەڵکی تیا بەشدار بکرێ‌و، هەموو بەدرێژایی ئەم ساڵانە نموونەی ئەم جۆرە بەناو ڕەخنانەمان لە پێش چاو بووە کە هەموو دەستەو بەرەو ناقم و بیروباوەڕیکی ئەدەبی‌و سیاسیی گرتووەتەوە.

ڕەخنەگری‌تری وامان هەیە یەك تۆمەت چەند جار دووبارە ئەکەنەوەو تەنانەت ناشکەن هیچ نەبێ وەك دادگا لەسەر گوناهەی ـ ئەگەر بیشڵێین تۆمەتەکە ڕاستەو بووە بە گوناه ـ جارێ داوەریی خەڵك بکەن، هەر چەند مانگ جارێك نەیارەکەیان ئەخەنەوە سەر مێزی یەکاڵاکردنەوەو هەموو چاکەو ڕوویەکی گەشی لەیاد ئەکەن و بەشی چەند مانگێکی‌تری میراز ئەکەن!

هی‌وایشیان هەیە بەپێی پێڕەوی «باشترین شێوەی داکۆکی لەخۆ کردن هێرش بردنە»، ڕەخنە بگرن یا وەڵامی ڕەخنە بدەنەوە، بەجۆرێکی‌وا توندوتێژ تێ‌هەڵ ئەچن هەرکەس لەئاستی خۆیا بڵێ «أعوذ بالله من الشيطان الرجيم»و وەك کەسێ لە ئۆتۆمۆبیلێکی بێ‌نوستوپی دەستی شۆفێرێکی ناشی هەڵبێ نەوەك بیکا بەژێرەوە، لە دڵی خۆیا هەزار تۆبەو ئیستیغفار ئەکا لەوە کە بەخەیاڵیابێ خۆمی لە قەرەی بنیادەمی‌وا بدا. ئیتر ئەویش بەم جۆرە دنیای بۆ ئاچوغ ئەبێ‌و «شەلم، کوێرم، ناپاریزم» هەرکەسی ویست تێی ئەسرەوێنێ‌و کارێکی پێ‌ئەکا با بە دەواری شڕی نەکردبێ!

چەند نامیلکەو کتێب لەدژی ئەم و ئەوو بۆ سوودی هەندێ ئەم و ئەوی‌تر بڵاو کەنەوە پر بن لە بابەتی‌وا هیچ قەڵەم بەدەستێك پرکێشی نەکا بەئاشکرا بە ناوی خۆیەوە بڵاوی بکاتەوە.

مەبەستم لەم قسانە نە کەسێکی تایبەتی بەتەنهاو نە بەرەیەکی تایبەتی بەتەنهاو نە ڕۆژنامەو گۆڤارێکی تایبەتی‌یە بەتەنها، بەڵکو تەنانەت بە هەموو زات و ویژانێکەوە ئەیڵێم مەبەستم لە هەموانە لە خۆمەوە بیگرە تا دوسترین دۆستم و تا ناهەقی لەگەڵ کردووترین نەیارم، چونکە ئەگەر مەبەستم وانەبێ ناتوانم ئەم وتارە بنووسم و قسەم بڕناکاتە گوێی کەس و لە دڵی کەسا جێی خۆی ناکاتەوە.

بەڵام کە هەموانیش لەم کارە نابارەدا بەشدار ئەکەم مەبەستم ئەوە نی‌یە بڵێم هەموو هەر خەتابارین و هەموو چون یەك خەتابارین، هەرچەندیش نامەوێ بیم بە داوەرو، بۆ داوەری‌یەکی بەداد لەم کێشەدا هەر ئەوەندەم ئەوێ خوێندەواران بگەڕێنەوە دواوە سەیری فایلی نووسینەکانی هەموو بەشدارانی ئەم شایی‌مەرگی ئەدەبی کوردی‌یە بکەنەوەو لە یەکەم نووسینی هەرکەسێکیانەوە تا دوا نووسینی‌و هەروا هیی بەرامبەرەکەیشی ورد ورد بخوێننەوەو لە بیرو مێشکی خۆیانا یەکاڵاو شیی بکەنەوەو ماوەیەکی لێ ڕاوەستن، تا ئەگەر خوا کردی‌و خۆمان وێستمان چاوێك بە ئیستامانا بگێڕێنەوەو بەرپرسیان لە ئاست چارەنووسی وڵات و گەل و وەچەی کۆن و نوێ‌و داهاتوومانا بێنێنەوە بیرو ڕێگەیەکی لەمەی ئێستا لەسەری ئەڕوێن ڕاستتر بگرینەبەرو ماوەیەك دەفیان بەو ڕێگەڕاستترەوە گرت و بوغزو دەغەزو کینەی ئێستامان لەیادچووەوەو کەسانێکی نوێی لەم شەڕە ڕەخنەی ئەم سەردەمەدا بەشداری نەکردوومان بۆ خوڵقا، ئەوان بتوانن دەستە نهێنی‌یە چەپەڵە کاریگەرەکانی ئەم ڕۆژەمان بدۆزنەوەو، ئەوکاتە نەك بەنیازی تاوانبارکردنی هیچ یەدەکێك چونکە سوودێکی ئەوتۆ لە تاوانبارکردنی یەدەك ناوەشێتەوە، بەڵکو بەنیازی خستنەڕووی یەدەك بەدەستی تاوانباری ڕاستەقینە کە ئەم هەموو خەڵکەی هەریەکە بەجۆرێك لەخشتە بردووە، هەڵسەنگاندنێکی وەك ئەڵێن مەوزووعی‌یانەی ئەمڕۆی بەمێژووبوومان ـ بکەن و پاش سەنگ و سووکی‌و بێژنگ و تەتەڵەو شەن وکەو کردنی ئەواوی‌و دڵنیابوون لەوە کە ڕاستی ئەبێ هیچی تیا نی‌یە، بۆ پەندو عیبرەت لێ‌وەرگرتنی وەچەکانی داهاتوو و بۆ ڕووسوور دەرکردنی پێشینانی بێ‌گوناهی بەناهەق بەدناوکراوەکان بڵاوی‌کەنەوە.

مەبەستم لەم قسانە ئەوەیە بەرلەوەی گلەیی لە هەر سانسۆر بەدەستێك بکەم کە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی کتێبی بوختان و توهمەتی هەق و ناهەق و شەڕەجنێو بریندارکردنی زیندوو و مردوو ئەدا، یا لە هەر ڕۆژنامەو گۆڤارێ کە وتاری لەم چەشنە بڵاو ئەکاتەوەو شانی خۆی ناداتە بەر هیچ بەرپرسیاری‌یەك و چەتری کون کون و هەلاهەلابووی سەربەستی بیروباوەڕ ئەکا بە پەردە بۆ خۆی، ئەو سەربەستی‌یەی کە لەئاست زۆر بابەتی پێویستدا نە دەنگی هەیەو نە ڕەنگی هەیەو نە سەنگ... بەڵکو بەر لە گلەیی لە هەموو ئەمانەو لە هیچ کام لەمانەو، بەڵکو بەر لە گلەیی بەتایبەتی‌یش لە بڵاوکراوەیەك کە بە ناوی خومانەوە، خومانی ئەندازیاری دەروونی ئادەمیزاد، خوا نەبێرێ، دەرئەچێ‌و، بێ‌گومان بەم پێ‌یە ئەبێ لەئاستی قەڵەم و قاقەزی دەسنی بنووسی کوردا خۆی لە هەرکەس بە بەرپرسترە بزانێ، کەچی لە ٢٨٠ لاپەڕەی دواژمارەی ١١٩ لاپەڕەی گوایە ڕەخنەیە (ژمارەکانی‌تریم ئیستا لە بەردەستا نین. تا بەسەریان بکەمەوە). ئەویش کام ڕەخنە؟ ڕەخنەیەك تا ئەمڕۆ بەدەگمەن نەبێ مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی شتی‌وای بەخۆیەوە نەدیبێ.. بەر لە گلەیی لە هەموو ئەمانە، ڕووی دەستی تکاو پارانەوەو، دەمی لاڵانەوە ئەکەمە یەکەیەکەی خومان، چونکە سەرەتای کار هەرچۆن بێ لای خومانە.. دەسەوداوێنی خومان ئەبم هەر یەکەمان تیلمێك لە خومان دادڕین و چاوێك بە خومانا بگێڕینەوەو پەردەیەك بەسەر ئەم دیمەنە تراژیدیایی‌یەی شانۆی ژیانی ئەدەبیماندا دادەبنەوە.. دەس بەرداری ئەم بەناو ڕەخنەبازی‌یە ببین.. بەس گۆشتی یەکتر بجوین و، ئیسقانی یەکتر بکرۆژین.. با بێرێ لە شاعیرو ئەدیبە مێژینەکانمان بکەینەوە بزانین کەسیان وایان کردووە.. تەنها شێخ ڕەزا لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا شك ئەبەین شیعری لە هەجوکردنی ئەم و ئەودا بەکارهێنابێ، ئەویش بەجۆرێکی بەکارهێناوە دڵنیام لەبەر تام وچێژی خۆشی زۆری شیعری، هیچ کام لە هەجوکراوەکانی لێی دلگران نەبوە، تەنانەت ئەگەر وەك شوکری فەزڵی‌یش بە شیعر وەڵامی دابێتەوە..

با بێرێ لەوە بکەینەوە کە کولتووری گەلان گەیوەتە چ ئاستێك و، گەلان خۆیان لە چ پلەیەکدان و، ئێمە هێشتا لەکوێ لە شوێنی خومانا هەر لۆقە لۆقمانە.. با شتێ لەسەر یەکێ لە دەردوداوە جۆربەجۆرەکانی ژیانمان بنووسین.. با شاکاریکی ئەدەبی جیهان.. مێژووی جیهان.. هەر زانستێکی‌تری جیهان وەرگێرینە سەر زمانەکەمان.. هەڵەیەك لە نووسینی کەسێکا ڕووی‌داو پێویست بوو ڕاست بکرێتەوە، ئەتوانین بە چەند دێڕێکی برایانە ڕاستی‌کەینەوەو کار بەوە مەیسەر ئەبێ. ئەگینا چ مەسڵەحەتێکی خوێندەوارانی کورد لەوەدایە دوو بنووسی کورد هەرایەك لەناو خۆیانا بنێنەوە کە فلانە قەسیدە یا فلانە بەیت هیی چ شاعیرێکەو، بەم هەرایەیان کۆمەڵی خەڵکی‌ترییش تێوەگلێنن؟!

ئیتر با بەس مەبەستی تەسکی شەخسی لە مەسەلەی بڵندو بالای ئەدەبەوە بثاڵێنین، لەژێر پەردەی ئەدەبدا قسەی بێ‌ئەدەبانەو نا ئەدیبانە بە یەکتری بڵێین.. با بەس بیرو باوەڕی خاوێنی نەتەوەپەرستی‌و ئینسانی‌و پێشکەوتخواز بکەین بە قەڵغان و، نووسراوی پێشەواکانیان بە ڕووکەش بکەین بە سەرچاوەو، ڕووی دزێوو ناشرینی تەنگەجێکڵدانی‌و مەبەستی شەخسیی ناپەسەندی خومانیان لەژێردا بشارینەوە.

با ڕیز لە بیروباوەڕو بۆچوونی نیشتمانپەروەرانەی یەکتر بگرین و، مافی یەکتر لە هەڵبژاردنی ئازادی بۆچوونی خومانا پێ‌شێل نەکەین.. تا ئیستا کەم ئازادیمان پێ‌شێل نەکراوە، تا پێ‌شێل کردنی لەلایەن خۆیشمانەوە بکەین بە سەرباری.. با لاپەڕەیەکی‌تر هەڵدەینەوە.. با چەند ساڵێکیش تاقیی بکەینەوە بزانین ژیانمان بێ شەڕەجنێو چەلەحانەی بەناو ڕەخنە لە ئیستا ناخۆشتر ئەبێ یا خۆشتر؟ بزانین ئاخۆ ئەدەبەکەمان بێ ئەم جۆرە ڕەخنەیە پێش ئەکەوێ یا لەسك وزا ئەچێتەوە؟ جا ئەگەر زانیمان ئەمەی ئەمڕۆمان باشترە ئەوە زۆری تێ‌ناچێ بگەڕێنەوە سەری‌و دەم بژەنینەوە ناوو ناوبانگی یەکتری.. خۆ ئەگەر ڕێگەی دەست و دڵ و دەم پاکیش باشترو بەکەڵکتر بوو، دیاریشە وایە، ئەوکاتە کاری دوو ڕۆژ بە ڕۆژێ ڕائەپەڕینین و تۆڵەی ئەم ڕۆژە لەکیس چووانەمان ئەکەینەوە بۆ سوودی دواڕۆژی گەل و نیشتمان.

هونەری نواندن

بەشی سێیەم: کمال ڕؤوف هەنجیرە

ئەگەر هات و لەم جۆرە شانۆییانەدا لە هونەری نواندن دواین دەبێ دووخاڵی سەرەکی ڕەچاوکەین: یەکەم وەك ئەوەی جۆری ئەکتەر لە شانۆ تەعبیریەکاندا (ئەگەر چی یاسایەکی دیاری کراوی لە نواندندا نی‌یە، بەڵکو مەبەستی تایبەت هەیە لە دارشتنی کارەکتەرە سەرەکیەکە، (ئەویش کەشف کردنی ئەو هاوارە گیانیەیە) لایەنەکەی تری دەبێ ئاگامان لە شێوازی دەرهێنەر بێت و بزانین پەنای بردۆتە بەر چ سەرچاوەیەك.

بۆئەوەی زیاتر لەسەری نەدوێم، نەهاتووم بەشێوەیەکی جیا لەیەك باسیان لێوەبکەم ـ ئەمەشیان ـ زیاتر لەبەر ئەوەیە لەکارە هونەرییە کانیەوە هەستم بەخاڵی پێکاندنی دەرهێنەر کردووە... لەلایەکی تریشەوە مەبەستی دەرهێنەر دەرچوونە لە قاڵبی لاسایی‌کردنەوەو ئارەزو کردن بە شێوەو توانای نوێ، وەکەڵکی لەو دوو فەرەزییە وەرگرتووە واتە (فەرەزییەی سێ‌و چوار) ـ لەبەر ئەوەی بەناوی ئەزموون گەریشەوە ئەم شێوە نوێیەی تێکەڵ بە شانۆی کوردی کرد، ئەگەر بێت و کۆمەڵێك کەم و کوڕیشی پێوە دیار بێت بەشتا لە نرخی تاقی‌کردنەوەکە دانابەزێنێت و چاوەڕوانی دەستی یارمەتی‌و هەوڵدانی نوێ لە هەموو لایەك دەخوازێت.. ئەم ڕاستیەش با لەبەر بێت کەم ئەکتەری کۆن و نوێ توانای بەر هەڵستی‌کردنی ئەو هەڵچونە ڕوحیەو لەشەپۆلی دەمار گرژیەی هەیە کە ئەم جۆرە شانۆییانە پێویستیان پێ‌ی هەیە. هەرکەسێك خۆی‌دا لەم بوارە کە نابێت خومانی لێ بپارێزین ئەوا گرنگبەکی گەورەی لە ئەستۆ گرتووەو ڕێ بەدەست نیشان کردنی توانای دەدرێت. [دیمەنێکی یانك پێش کەش ئەکەین کە جوڵەی جۆراو جۆری تیایە). بێ لەو لایەنانەی لە لاپەڕەکانی تردا پەنجەم بۆ ڕاکێشاون دوو لایەنی تری بەهێز هەن لەم جۆرە نواندنانەدا: یەکەم هەست کردنە بە ئیقاع لەلایەن ئەکتەرەوە کەسێ لایەن دەگرێتەوە.

ئیقاعی (الذهبي)
ئیقاعی جوڵەیی (الحرکی)
ئیقاعی ناوەکی (الداخلی)

هەر ئەکتەرێك توانای هەست کردنی هەبێت بە ئیقاع وا هەست بەزانستی نواندن دەکات. کەوا بو گرنگی دان بە ئیقاع بەرادەی گرنگی دانە بەنواندن. خاڵی دووەمیش بریتیە لە وەی کە ئەکتەر نابێ هەست بە پێویستی ئیستجابەی تەبیعی بکات، بەڵکو پێویستی بە ئیستجابەی سۆز هەیە، کە زیاتر لە ناخی خۆی‌و تەصەوراتیایە. (ئەم دوو خاڵە جێی قەناعەت نەبوو لە شانۆییەکەدا). وە هەروەها ئەکتەر دەبێ بیبێتە خاوەنی ئیرادەیەکی نوێ لە پێناوی هونەرەکەیدا، واتە شێوە لاسایە واقعیەکە بەربدات، ئەمەش هەروا ئاسایی نی‌یە، لەبەر ئەوەی ئەرکی ئەوەی لەسەرە بیبێتە خاوەنی ئەو بیرە شانۆییەو دانانی قەدەر لە ناخی‌دا، وەنابێ هیچ ساتێکی نواندن لێی دابڕێت. بۆ ئەمەش ئەکتەر پێویستی بە نواندنێکی فیزیقیە.. واتە پەیوەندی بەستنێکی بەهێز لە نێوان گیانی‌و بەشەکانی جەستەیدا بەبەردەوامی.

ئەمە وای لێ‌دەکات ڕەقی‌و چڕی‌و گۆڕانی بەردەوام لە جوڵەی بەشەکانی لەشیا بەدی بکەین.. وەزۆر جار دەرهێنەر ڕێنمایی ئەکتەر وادەکات پەنابەرێتە بەر سەمایەکی‌وا کە لە واقعدا جەماوەر پێ‌ی ئاشنا نی‌یە.. بێ گومان ئەمەش لەم تاقی کردنەوەیەدا بەدی کراوە..

کە دەڵێین تەرکیز لە نواندندا، لەم شێوە ئەزموون گەریانەدا بەچی دێت، تەرکیز لەسەر ئەوداوایەی کە دەڵێت هونەری نواندن لە شێوەدا وەرگێری ئەو حاڵەتە ڕوحیانەیە کە بە سەرتا دەچەسپێرێت و ئاڵۆزی دەخاتە هەموو گیان و لەشتەوە.

(نمونەی پێش کەش کراو لەو دیمەنەدا کە (هاواردەکات غۆریولا) یانك توشی گۆڕانێکی کوتوپڕی دەبێت و قیژو ڕق و بەزەیی لەگیانیدا دەڕوێت و بۆ چەند ماوەیەك تیا ئەژی‌و پاشان دەکەوێتە گەران بە دوای دۆزینەوەی ئەو هەقیقەتەی پێ‌ی وترا لەسەر زانستە داروینیەکە، وتۆڵە سەندنەوەی لەو ئافرەتە پاش ئەو سوکایەتی پێ‌کردنە. ئەمەیە تەرکیزو ئاگاداری لەلایەن ئەکتەرەوە لەسەر کارتێکردنی دەرەوەی خۆی تا دەگاتە حالەتێکی ناسروشتی...

«ڕوناکی»

لەبەر ئەوەی زانستی جوانکاری لە هونەری تازەدا تەئکید ئەکاتە سەر هەموو مادەیەکی بەرجەستە، بەو ئیعتبارەی جەوهەری هەموو کارێکی هونەریی ڕێك و پێك و کاری گەرە..

ڕوناکیش یەکێکە لەو داهێنانە نوێیانەی چارەسەری زۆر خەون و خەیاڵ و هەستی دەرهێنەری لەسەر شانۆیی دێتە دی.. ڕوناکی‌و ڕەنگەکان لە شانۆیەکی ئاوانوێدا چین ئەگەر ئیمام نەبێت. کە هەر ئەو وەهمشە یەکەی بێین هەڵتە خەڵەتێنێت، بەمەرجێك بەشێوەیەکی تەواو زاڵ بین بەسەریا.. بەکۆی گشتی ئەو جموجوڵە ڕەمزیانەی تەعبیر لە هەقیقەت و کارەساتی مرۆڤ دەکەن لە ئێوان ئاستی ڕوناکی وتاریکی شەپۆلاویدا نمونەیەکی دینامیکین بۆ مرۆڤایەتی لەبەر ئەوەشە ئەو وەهمە مەبەستی خۆی لەلای بینەر دەپێکێت [وەك لە دیمەنی یەکەمدا بەدیمان کرد].

ئەگەر بێت و بروانینە غۆریولا ئەو وێنە شانۆییانەی دروست کرابون وای پێویست کردووە زیاتر لە ناوەراستی شانۆوە پیشان بدرێن تاکو کاری خوێان هەبێت لەسەر بینەر، وەهەروەها لەبەر ئەوەی بەشی سەرەکیش بوو لە پێك هاتووە تەشکیلەکان ـ وە جۆرە کارەکتەرەکانی‌تر خاوەنی ئەو دەربڕینە سۆزە چڕە نەبون کە ئەمەش خاڵی مەبەستە، بەڵام ئەوەی زیاتر ئەیژیانن ئەو ڕووناکی‌و تاریکیە بوو کە ڕەنگەکان دروستیان ئەکردن.

کە هەر ڕەنگ و ڕوناکیش بوو یارمەتی گۆڕین و دەرخستنی دەدا بۆ گونجاندنیان لەگەڵ ئەو بارودۆخەی تیایدا کۆبونەوەو دەیان ژیینێت.. وەتاکو ئیستاش شانۆی نوێ بەگشتی لەسەر کاوێژکردنی جوانی ئەم باسە ماوەتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو تاریکیەکی شاراوەی دەروونی بەتەکنیکی ڕوناکی کە لەمەودای بینیندا نی‌یە ئاشکرای کردووە.. ڕوناکی‌و ڕەنگەکان توخمێکی سەرەکین لەم جۆرە شانۆییانەدا، لەبەر ئەوەی دەبنە توخمێکی سەرەکی بۆ هەست کردنی بەمەودای سێهەمی ئەکتەر (کەمەودای سایکۆلۆژیەتی) یاخود دەیخەنە ئەو قاڵبەی نەرم و لەباربن بۆ بینین و هەست پێ‌کردن لەسەر شانۆ.

لە لایەکی ترەوە ڕاستە هەموو لایەنەکانی تەختەی شانۆ دیاری‌کراون و بینەر دەیانبینێت بەڵام ڕوناکی‌و ڕەنگەکان لە غوریولادا ئەوەیان گەیاند کە سنوری تەختەی شانۆ نادیارەو لەخەیاڵدا درێژکراوەیە تا مەودای نەزانیت.

وەبەرەو سەرەوەش هەڵچون بەرەو بۆشاییەکی بێ ئەندازە تا ئەگاتە ئەو فەخنایەی ڕوحمان دەنگی تیا ئەداتەوەو خەیاڵمان بەتوانێت نیکەڵاویان بێت. بەلای منەوە ئەمەش خاڵێکە لەو خاڵە جوانکارییانەی ئەزمون گەریەکەی پێ چێژ کراوە.. ڕوناکی گشتی لەم جۆرە شانۆییانەدا نالوێت و لەمەبەستی داوا دورمان دەخاتەوە.. تاکو بتوانین دەبێ ئەکتەرە سەرەکیەکە بخەینە ئەوقێك لەڕوناکیەوەو دایبڕین لە دەورو بەری بەگشتی، وەهیچ تیشکێك پێکەوەیان نەبەستێتەوە بێ‌گومان ئەمەش مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە کە دابڕ بوونە (الأنعزالية)، بەئاسانیش هەست بەم لایەنانە دەکرێت: ١ ـ هەست کردن بەتاکە کەسی. ٢ ـ داخستنی هەموو ئەو دەروازانەی لەڕیانەوە پەیوەندی دەبەستێت بەو جیهانە پر ئەشکەنجەیەوە.

٣ ـ ایحاء دانی باریکی ئەفسوناوی‌و خەیاڵاوی تاکو توانای تەصەورات کردن زیاد بێت.

مەرج نی‌یە ئێمە سور بین لەسەر ئەوەی تەنها هێزیکی کەم لە ڕوناك کردنەوەدا بەکار بهێنین، بەڵکو هەندێ دیمەن و حاڵات هەن پێویستیان بەڕوناکیەکی بەهێز دەبێت.

ئەویش لە پێناوی گۆڕاندایە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تریان بازدانە لەباسێکەوە بۆسەر باسێکی دوورتر. وەکەڵکێکی گەورەتر لەڕەنگەکان و ڕوناکیدا بەمەبەستی دەرکەوتنی هەموو ئەو تێك شکێنراوانەی لە جوڵەی لەش و لار دروست دەبن، واتە تجسیدی لەش ولار لەسەر زۆر شێوەی جیاوازو دروست کردنی هێڵی دیارو نادیاری شکاوە لەسێبەرو ڕوناکیدا.. وە ئەمەش ئاشکرایە کە هەر ڕەنگێك بەکار دەهێنرێت، پەیوەندی بەباری دەرونی‌و مەبەستی فکرەوە هەیە.

(موسیقا)

ئەگەرچی زۆر کات نوسەرو دەرهێنەریش بەبێ موسیقا دەتوانن واتە شاراوە ژیانیەکان دەربڕن، بەڵام لەم شانۆ نوێیانەدا خاوەنەکانیان دەڵێن: موسیقاو ڕەنگەکان گەورەترین وەسیلەن بۆ خوڵقاندنی باری دەروونی جۆراو جۆر. موسیقا لەم جۆرەکارانەدا سەربەستانە خۆ بەلایەنە سۆزاویەکەوە دەبەستێتەوە وەك لەوەی بەلایەنە واقعیەکەدا.

وە هەر موسیقاشە دەتوانێت توخمە پێش کەش کراوەکانی دیمەنێك ڕێك و پێك بخات لەیەکەیەکی گونجاوی تەواودا.

وەبەبێ موسیقا ئەو یەکێتیە گونجاوەمان نابێت، لەبەر ئەوەی بەهیچ توخمێکی‌تر قابیل دۆزینەوە نی‌یە.. بۆیە لەم کارە درامیانەدا موسیقا بووەتە چەقی هەموو بەدەست هێنانێکی دەروونی، وەکو چۆن تیشکی ڕوناکی لەعەدەسەوە بڵاودەبێتەوە ئەگەر بێت بەووردی سەرنجی شانۆیی غوریولا بدەین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ژیانەوەی هەموو ساتێکی شانۆییەکە پێویستیەکی پێوە دیار بوو، ئەویش نەبوونی ئەو موسیقایەیە کە شکستی خستبووە سەر ئەو یەکێتیە گونجاوەی باسمان کردوە. لەدیمەنێکەوە تادیمەنێکی‌تر هەستمان بە باشی بەو نەبوو نیە دەکرد.

موسیقای ئەم درامایەی بینیمان لەدەفێکەوە دەست پێ دەکات تا سەمایەکی میللی کۆن و موسیقایەکی پرچێژی گەنجانەو نوێ، وەهەندێ جار وورووژێنەری بارەکە بوو. دەبوایە دەنگی دەفەکە بەزمی سۆزی

Institut kurde de Paris

کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی کورد

شێرزاد عبدالرحمن — لقی هەولێر

بەچاوەدێری بەڕێز محمد حمزە ئەندامی هەرێمایەتی و ڕازگری لقی باکوور و بە ئامادەبوونی بەڕێز جێداری ئەنجومەنی ڕابەراندن لە ناوچەی کوردستان و بەڕێز پارێزگاری هەولێر و مامۆستا مصلح جەلالی بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی و لە ڕۆژانی ٢٢ - ٢٣ی ئەم مانگە، دەست کرا بە بەستنی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی کورد.. وە لە دوای دەقیقەیەك وەستان لەسەر گیانی پاکی شەهیدان بەڕێز محمد حمزە ڕازگری ناوچەی باکوور وونەیەکی خوێندەوە کە تیایدا دەست نیشانی بایەخی بەستنی ئەم کۆنگرەیەی کردو داوای کرد کە بیبتە قۆناغێکی نوێ لە پێش کەش کردنی بەخشش و داهێنانی ئەدەبی و قووڵ کردنەوەی گیانی سەرکەوتن لە جەنگی مێژوویی دا.

پشتگیری کردنی بزووتنەوەی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی..

هەروەها لە ووتەکەدا، هەموو ئەو لایەنە ئیجابیانەی ڕوون کردەوە کە هاتوونەتە دی لە ڕووی کاروباری یەکێتی و بەرەودان بە ئاستی ڕۆشنبیری و ئەدەبی.

ئینجا بەڕێز مامۆستا عبدالأمیر معلە سەرەکی یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی عیراق ووتەیەکی پێش کەش کرد کە ئەوەی دەرخست ئەم کۆنگرەیە لە باوەشی چیاو کوردستاندا دەگێردرێت کە لانەی شارستانیەتەو هیوای خواست کە کۆنگرە بتوانێت بگاتە ئامانجەکانی لەپێناو بوژانەوەی باری ڕۆشنبیری و گەشانەوەی ئەم بزووتنەوەیە.

* دوای خوێندنەوەی ووتەکان، مامۆستا محمود زامدار ڕاپۆرتی

● ئینجا بەڕێز د. نافع ئاکرەیی سەرەکی یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی کورد ووتەیەکی خوێندەوە کە تیایدا دەوری یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی کوردی ڕوون کردەوە لە بەرەو پێشەوە چوونی کاروانی ئەدەب و کەلەپووری کوردو هەوڵدان بۆ بەگورخستنی جمومۆڵی ئەدەبی و لە ووتەکەدا دیارترین ئەو چالاکی یە بەردەوامەی خستە ڕوو کە یەکێتی لە ماوەی تەمەنی دووساڵەی خۆیدا ئواندوویەتی.. ئەمەش بریتی یە لە ڕێك خستنی کۆڕو بەشداری کردن لە میهرەجانە ئەدەبیەکان و ڕیزگرتن لە ئەدیب و نووسەران و دەرکردنی گۆڤاری یەکێتی و بەرنامەی تەلەفزیۆن و ڕۆشنبیری خوێندەوە کە بریتی بوو لە نیشان دانێکی سەرجەمی ئەو چالاکی یانەی یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی کورد لە ماوەی ئەم دوو ساڵە ئواندوویەتی لە دوای ئەوە، کاك صلاح شوانی شاعیر ڕاپۆرتی دارایی خوێندەوە.

● مامۆستا محمد بەدری ڕاپۆرتێکی دەربارەی گۆڤاری یەکێتی خوێندەوە کە لە ژمارەکانی دا بایەخی داوەتە بڵاوکردنەوەی دەنگی ئەدیب و نووسەرانی کورد.

نوووسەرانی کورد.

ئەوی جێی سەرنج بێت، دوای خوێندنەوەی ئەم ڕاپۆرتانە، دەست کرا بەساز کردنی گفتوگۆی برایانە دەربارەی هەموو ئەو کاروبارانەی یەکێتی کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیب و نووسەرانی کورد بەشداربوون.

* هەر لە بەیانی ڕۆژی ٢٣ - ١٠، دوای تەواوبوونی گفتوگۆکان، دەست کرابە هەڵبژاردنی دەستەیەکی نوێ لە لقی کوردستان، لە ئەنجامی ئەمەشدا ئەم مامۆستایانە بە ئەندامی دەستەی نوێی دەرچوون:

١ - د. نافع ئاکرەیی ٧٠ دەنگ
٢ - صلاح شوان ٧٠ دەنگ
٣ - عبدالکریم فندی ٥٤ دەنگ
٤ - محمد بدری ٥٢ دەنگ
٥ - سعید یحیی ٤٧ دەنگ
٦ - سگڤان عبدالحکیم ٣٩ دەنگ
٧ - دڵشاد مەریوانی ٣٢ دەنگ

هەروەها برایان محمود زامدارو محمد امین پێنجوینی بە ئەندامی ئیحتیات دەرچوون.

* سەرباری گفتوگۆکان، گەلێك بریارو ڕاسپاردەی بەجێ لە کۆنگرەوە دەرچوون، لەوانەش بریارەکانی لێژنەی بەرگری کردن لەمافی ئەندامانی یەکێتی کە دیارترین ڕاسپاردەو بریارەکانی ئەمانە بوون:

● هەوڵدان بۆ دروست بوونی سندووقی یارمەتی و چاوەدێری کردنی ئەدیبانی کورد.

● هەوڵدان بۆ زامن کردنی خوێندنی باڵا بۆ ئەندامانی یەکێتی.

● بەخشینی لێپرسراوی یارمەتی دانی چاپکراوی کوردی بەلێژنەیەکی مەلبەندی کە لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی و ئەمبندارێتی ڕۆشنبیری و لاوان و بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی و کۆڕی زانیاری پێك بێت و دەسەڵاتی تەواوی بدرێتێ.

● چاپکراوی کوردی بدرێتە دەستەیەك لە ئەدیبانی کورد لەئەندامانی یەکێتی، یان دەزگایەکی ڕۆشنبیری کوردی.

● زیاتر کردنی یارمەتی دارایی بۆ نووسەران و هەوڵدان بۆ چاپ کردنی بەڵگەنامەیەکی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بۆ ناساندنی ئەدیبانی کوردو دەرخستنی بەرهەمیان.

● بایەخ دان بە ناسنامەی یەکێتی بۆ کەمتر کردنی نرخی کتێب و پێش کەش کردنی لایەنی خزمەتگوزاری بۆ ئەندامانی یەکێتی.

بەرەو سەنگەری شەرەف و سەرکەوتن

مەغدید سۆران

لەو چرکەیەوە کەرتی سوپای میللی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانیان بەرەو ئوردووگای نەهرەوان بەرێ کەوت زوربەی زۆری گفت گۆکانمان لەسەر کاروباری مەشق کردن و فێربوونی چەکی جۆراوجۆرو ئەرك بینین بوو لە بەرەی جەنگ و سەنگەری شەرەفدا، جار بە جاریش لاوانی نیشتمان پەروەر خوێن گەرم و دڵتەر خوێنیان هەڵدەچوو شیعری نیشتمانیان خوێندەوە یا گۆرانی کۆمەلایەتیان دەگوت، یەکی شۆخ و شەنگی ڕۆژی تەنگانە بە دڵنیایی چریکاندی:

هەمیشە ئالای بەرەو سەر لوونکان
بە من بسپێرن
ئەوسا دەزانن لاوانی پارتی
هەموو وەك شێرن

هەموو ئافەرینیان کردو چەپڵەیان بۆ لێدا.. ئەوی نریان کە برای گەورەی لە پێناو خاکی پیرۆزی نیشتمان لە جەنگی ڕەواماندا شەهید کرابوو بە ئاوازێکی بەسۆزو دڵگیر تێی هەڵکرد:

بەو سەنگەرەی تۆی لێ کوژرا
بەو شیوەنەی بونیان گیرا
یا ئەگەین بو لووتکە بە ئالاوە
یا هیچ کامیکمان ناگەرێنەوە دواوە
- - - - - - - - - - -

بۆ ئەو خاوەن بیرو باوەڕە پۆلایینەش هوراو چەپڵە ڕێژان ئەوناوەی پڕ کرد..

ئەو ڕۆژانە لە کاتێکا گوڕەپانی جەنگی بەرگری ڕەواماں سەرکەوتن بە دوای سەرکەوتن بە خوێنەوە دەبینێ ئوردووگاکانی مەشق کردن لەسەر تا سەری ڕووڵاتدا شەپۆل لە دوای شەپۆل ڕوبەی بەرح و خاوەن بیرو باوەڕ لە باوەش دەگرێ..

لە ئوردووگا هەموو شتێك ئامادە بوو، هۆلی گەورەو خاوێن، سنیەری چڕی دارخورماو شەنگەبی و، ئاوی ساردو چێشتی بەتام، لە کاتی حەسانەوەدا تەنیا دەهۆل و زورناو دووزەلەمان کەم بوو، ئەوانیش لە شەوی یەکەمەوە ئامادە کران، لەپاش ماوەیەکی کەم ئاهەنگ و زەماوەند دەستی پێ کرد.. هەموو لێپرسراوانی سوپایی و پارتی ئامادەبوون، ئەوەی ڕاستیێ ئەو گەنجە خوێن گەرمانە نیازمەند بە دڵگەرمی و پاڵ پێوەنان نەبوون، هەموو هاواریان دەکرد:

ئێمەین ئەندامی پارتی دیموکرات
گیانبازین لە ڕێی پیرۆزی ڕولات
بۆ پاراستنی گەل و نیشتمان
دوژمن دەشکێنین بە چەکی خەبات

لەپاش شام خواردن، ئاهەنگ دەستی پێ کرد، هەڤال نەوزاد شێردل کە گەنجێکی دلسۆزو خوێن گەرم و پێشرەو بوو شوێنی لە هەموو مەیدانێکدا دیار بوو، ڕاستە هەموو نموونەی باش و مایەی سەرفرازی بوون بەڵام شوێنی هەڤال نەوزاد زۆر بەرچاوو دیار بوو، جگە لە چالاکی یەکانی مەیدانی مەشقی و فێربوون و کاری دەست پێ کەری لە خوێوە سەرپەرشتی زوربەی ئاهەنگەکانی ئوردووگای دەکرد، گۆرانی (خوتی النشامە)ی عەرەبی بە ئاوازێکی خوش و دلگیر کە گیانێکی خومالی زندوترو بە جوشتری کردبوە بەرو لەگەڵ چەند گەنجی دەنگ خوش هەموو جەنگاوەرەکانی دەهێنایە چەپڵەریزان و سەما:

ها، خوتی النشامە
ووشەی کوردی بەتامە
ئەوەی ئێمەی ناوێتن
شێری دایکی حەرامە
- - - - - - - - - -
- - - - - - - - - -
جەنگاوەرمان وەك هەڵو
لە فاو تا چیای زاخۆ
هەموو سەربازو مەردن
بۆ عێراقی سەربەخۆ
- - - - - - - - - -
- - - - - - - - - -

سەر لە بەیانیان لە کاتێکا تێکرا هەموو جەنگاوەرەکانمان بە ڕێك وپێکی بەرەو گوڕەپانی فێربوون و ڕاهێنان دەڕۆیشتین گرمە گرمی پۆستاڵی هەڤاڵان وەك هەورە تریشقە، وەك بورکان.. لەو ناوە دەنگی ئەدایەوە.. هەموو ڕۆلەکان بۆ هەر کارو شوێنی دەست پێشکەرییان دەکردو هەر یەك شتێکی تازەی بەنرخیان پێشان ئەدا کە ئەو شوێنە پێویستی بەو جۆرە چالاکیانە بوو... لە گەڕانەوەدا بۆ ناو هۆلەکان جارێ سرودی عەرەبی:

یا ابن عمی جمعنا الدم بیوم الثار
لا جاسوس لا غدار بهذا الدار

دەخوێندەوەو جار جارەش بە کوردی بەجۆش و خروش پڕ بە دڵ و بەدەم هاواریان دەکرد:

لە جەنگا جەنگاوەرین
لە ئاشتیش پەیام بەرین
- - - - - - - - - -
- - - - - - - - - -

هەرگیز نەم دەزانی کە کاری فێربوون و ڕاهێنان وا زوو کۆتایی پێ دێ.. خۆشبەختانە هەر وەکو ئاواتی هەموو جەنگاوەرەکانمان بوو ئیستا وا لە یەکی لە بەرەکانی جەنگ ڕو بە ڕوی دوژمنی ئێرانی ڕەگەز پەرست وەکو پێویستە بە ئەرکی سەرشانمان هەستین.

سەرکێشێ تیپا موسیقێ ل دهوکێ

● محمد ئوسمانا تایێ دهوکێ ●

هەر چەندە مرۆڤ هونەرمەندیت خۆ بناسن ئەڤە ژی هونەرمەند [توفیق شاکر احمد] شونی مینا بشکوفکەك وەك گولەك ڤەبوی.

وەکو ئەز بەرڤە چوییم. من گۆت ئەز چاڤ بێکەتنەکێ دگەل تە بکەم. [مینا دەڤەك بەش کەوەك داچتە دەڤیدا ژ کێفادا] [ئەڤە گۆتنا مەزنایە] من دی [روحەك] سڤك ل جەم ڤی هونەرمەندێ کەنج.

ئەڤجا خویندەواریێ هێژا. ئەم بێن و چەند پسیارا ژێ بکەین..؟

پ = کەنجێ هێژا خو بو خویندەڤانا بدە نیاسین و تە کەنگی دەسدا هونەرێ کوردی..؟

ب/ - ناڤێ من [توفیق شاکر احمد]ە ل سالا [١٩٦٢] من چاڤێت خو ل جیهانێ ڤەکرن نگوندێ نزارکێ نیزیك دهوکێ...؟

هەر ژ بچێکاتی من حەژ هونەرێ کوردی کریەو من ل سالا [١٩٧٢] ل قوتابخانێ بدەست هونەری کر هەتاکو سالا [١٩٧٧] من پشکداری ل گەل تیپا موسیقی یا جەماوەری و ڕەوشەنبیری ل دهوکێ و من پشکداری ل هەمی میهرەجانێت هونەری یا کر ئو سالا [١٩٨٣] من و هونەرمەند کاك [بەرەڤان حسین حاجی] تیپا بنگەها لاوا لدهوکێ داناو هەتا نهو ئەز یێ بەردەوامم دریکا هونەری داو نهو ئەز سەرکێشێ تیپا موسیقێ مە یا نقابا هونەرمەندا ل دهوکێ...

تیپا مە تیپا نقابا هونەرمەندا ل دهوکێ هاتە دامەزراندن ل ڕۆژا ١٩٨٦/١/١و دەستەکێ درێژ یێ هاریکارێ مە یێ هەی ژ لایێ نقابێ ڤەو ئەم گەلەك سوپاسیا مامۆستا [یوسف ئیشا البازی] دکەین سەرەکێ نقابا هونەرمەندا ل دهوکێ ژ بو ڤێ چەندێ..؟

پ = وە چەند پیشکداری کرنە ل میهرەجانێت هونەری دا.

ب - مە پشکداری ل هەمی بیرهاتنێت میللی و ئاهەنگێت هونەری یاکری ژ دامەزراندنا تیپێ و هەتا نهو..؟

پ = وە پشکداری ل تەلەفزیونا کەرکوکێ کریەو وە چەند سرود ئان ستران تومارکرنە.

ب - مە هندەك سرودێت نیشتیمانی بۆ تەلەفزیونێ بیت تومارکرین و نهو ژی ئەم بیت خو ئامادە دکەین بۆ تومارکرنا چەند ستران و سرودا بۆ تەلەفزیونا کەرکوك...؟

پ = تیپا وە ژچی پێك هاتیەو وە چەند ستران بێژ هەنە..؟

ب - تیپا مە پێك هاتیە ژ [١٥] لێدەرێت موسیقی و [١٠] ستراندبێژێت بچیك و مەزن و مە [کورسەك] یێ هەی ئەو ژی پێك هاتیە ژ [١٤] بچیك و مەزنا...

پ = تە چ دڤێت بێژیە خویندەواریێ هێژا..

ب - من دڤێت بێژم دەرگەهێ تیپێ یێ ڤەکریە بۆ هەر ستراندبێژەکێ کوردیان لێدەرەکێ موسیقێ کو خزمەتا هونەری بکەن چ بچیك یان مەزن... ل دوماهیێ سوپاس بۆ هێژا بەیامنێ هاوکاری کو ئەڤ دەرفەتە دایە من خوو تیپێ بدمە نیاسین..؟

Institut Kurde de Paris

چەند، روناهی‌یەك ل سەر گزیرتا «سري»

● بریندار مزویری ●

گزیرتا «سري» دكەڤیتە روژئاڤا گزیرتا «ابو موسی» ب دویراتیا (٥٠) كم هەروسا یادویرە ژ گزیرتا «فرور» ب (٣٥) كم.

ئەڤ گزیرتە ژ گزیرتێت بچویكە دكەڤیتە لناڤ ئاڤا كناری عەرەبی‌دا هندەك ژیدەرا یا دیاركری كو پیڤانا ئەردی وێ (٩,٥) كم هندەكێت دی دبێژن نە، (١٠) دەهـ كیلو مەترێت جارگۆشەنە.. بەلێ سەیدا «سالم سعدون» دپەرتوكا خودا بال بن ناڤ و نیشان «جزر الخليج العربي» دبێژیت فرەهی‌یا وێ (٥) پێنج كیلومەترن و درێژی‌یا وێ (٧) حەفت كیلو مەترن.

ئو نێزیكی (١٥) پازدە مەتران ب سەر ئاڤا كناری دكەڤیت یا هەژی گوتنێ‌یە كو ئەڤ گزیرتـە دكـەڤیتـە لنـاڤ گزیرتێت «طنب الكبری، طنب الصغری، أبو موسی ٢ فرور» یانكو چهێ گزیرتا «سری» لێ یا پرە ژ گزیرتێت بچوك و كویراتیا ئاڤێ گەلەكە ژبەر هندێ بۆ جهێ هاتن و چونا دریڤانی‌یێ..

گزیرتا سری لناڤ دیروكێ‌دا...

«لـوریمـر» دپـەرتـوكا «دلیل الخليج العربي»دا دبێژیت بەراهیكێ عەرەب ل گزیرتا «سري» دژیان ئو پارچەك بۆ ژ میرگەها «الشارقه» پاش «القواسم» هەتاكو سالا (١٨٨٨)ز پشتی هینگی ئیرانێ دەستێ خو دانا سەر هەتاكو سالا «١٩٠٤» دەمێ هێزێت خو ژێ كێشاین...

ئو یاراست و دروست عەرەبێت ل میرگـەها «راس الخيمة» دژیان رابون دەستێ خو دانابونە سەر ئەوان گزیرتێت ل نێزیكی قراغێت ئیرانێ و قراغێت عەرەبی.. ژ كناری عەرەبی.. خو ژ سالا (١٧٢٠)ز

ئەڤەو پشتی نەخۆشی‌و ئالوزی پەیدابوین بۆ حاكم «ساڤانی»و ژ كورسیكا حكمی دویر ئێخست.. ڤێجا حاكمێ میرگەها «راس الخيمة» «رشيد» رابو دەستێ خو دانا سەر گزیرتـا «قشم» ئو بوخـو بنگـەهـەك لێ چێكـر.. ئو ل دوماهی‌یا چەرخێ «١٨» هەژدێ «شيخ القواسم» شیا دەست هەلاتداری‌یا خو بەلاڤـە بكەت لدور هەردو قراغا یێ «فارسی‌و عەرەبی» ئو دەستێ وی كەڤتـە ل سەر گزیرتـا «سری‌و بەندەرا لنجة» ل سەر قراغی‌و گزیرتا «طنب الكبری وطنب الصغری» ئەڤەو حكمێ «القاسمي» ما ل بەندەرا لنجة هەتا سالا (١٨٨٧) پشتی هینگی «فارسا» دەستێ خو دانا ل سەر گزیرتا «سري» ل سالا (١٨٨٨) ئەڤەو مبرێ میرگەها «الشارقه» نەرازی بونا خو دیاركر لسەر داگیركرنا گزیرتێ لدەڤ حكومەتا بریتانیا.. بەلێ بریتانیا چ نەكر ژبەرخاترا پاریزتنا مەسلەحەتێت خو دگەل ئیرانێ.

ئەڤەو ژبەر چهێ گزیرتێ یێ ستراتیجی لناڤ ئاڤا كناری عەرەبی‌دا ڤێجا شاهێ ئیرانێ بریاردا ب ئاڤاكرنا بنگەهێت ساخلەمكرنا پاپوراو چهێ بێهن ڤەدانێ بەلێ ئەڤـە هوسا نەما.. پشتی هینگی شاهێ ئیرانێ رابو كرە بنگەهەكێ لەشكری ئەڤە ژی ژبەر چەند ئەگرا.

١ ـ شاهی دڤیا ببتە پولیس بۆ دەڤەرا كناری عەرەبی چنكو دترسی‌یا نەكو سەروبەرێ ئیناهی‌یێ تێك بچیت لدەڤەرا كناری عەرەبی..

٢ ـ بن دەست كرنا گزیرتێت «طنب الكبری، طنب الصغری وابو موسی» داكو بكەتە بنگەهێت لەشكری.. ڤێجا دیت كو گزیرتا «سري» یانێزیكی وانە ئو نیریكی دەرگەهێ دەرتەنگا «هورمز». ژبەر هندێ پیتە ب گزیرتا «سري»كر.

٣ ـ ئاڤاكـرن بنگـەهێت لەشكـری لناڤ ئاڤا كناری عەرەبی‌دا بۆ كاری سیخوراتی‌یێ.. ئو رابو ب دانانا ئامیرێت رادارو ساروخێت دژی فروكان داكو بشێت رابیت ب كاری سیخوراتی‌یێ لناڤ ئاڤا كناری عەرەبی‌داو دا دەستێ خۆ دانیتە سەر بزاڤا هاتن و چونێ..

دەمێ خومـەینی هاتی‌یە سەر حكمی ل ئیرانێ سالا ١٩٧٩ ئەوی ژی ژلایێ خۆڤە پیتە ب گزیرتا (سري) كرو كرە بنگەهەكا لەشكری. ئەڤەو پشتی كو ترسا ئیرانی‌یا زۆر بوی ژبەر هێرشێت ڤروكێت عیراقێ بێت بەردەوام لسەر گزیرتا خرج خو ژ سالا ١٩٨٤ ڤێجا پشتی گزیرتا خرج بۆیە كاڤل ئینا رژێما ئیرانێ بریار دەركر ل سالا ١٩٨٤ كو گزیرتا «سری» بكەنە جهێ عمباركرنا گازێ شوینا گزیرتـا «خرج» ئو رابون ب كرێكرنا (٦) شەش بارهەلگریت مەزن بۆ گازێ داكو گازێ ڤەگوهێزن ژ گزیرتا «سري» بۆ بارهەلگریت بیانی پشتی كو بارهەلگریت نەفتێ بێت بیانی نەشیاین بگەهنە گزیرتا «خرج» ژبەر هێرشێت ڤروكێت عیراقێ.

ئەڤەو یاهـەژی گوتنێ‌یە كو رژێما ئیرانێ هزر دكـر كو دەستێ عیراقی‌یا ناكەهینە گزیرتا «سري» چنكو یا دویرە ژ عیراقێ بـ (١٠٠٠)هزار كیلو مترانێ ڤێجا ژبەر هندێ بو خو كرە جهێ عمباركرنا گازێ پشتی خرج...

بەلێ ل دەم ژمێر (١١,٤٥) ژ سپێدەیا روژا (١٢) دوازدێ ژهەیڤا تەباخێ ڤروكێت عیراقێ ساروخێت خو دارێتنە ل سەر گزیرتا «سري» ئو ئاگر تێ‌بەرداو هەمی هیڤی‌و خەونێت رژێما ئیرانی پیچ كرن و ئەڤ گزیرتە كرە كاڤل..

ژیدەر

١ ـ د. محمد متولی/ حوض الخليج العربی/ ج١ (مكتبة الانجلو المصرية القاهرة ١٩٧٥ ص ٦٤.

٢ ـ سالم سعـدون المبادر/ جزر الخليج العربی/ دار الحرية للطباعة بغداد ١٩٨١ ص ١٨٠ ـ ١٨١.

٣ ـ لوريمر/ دليل الخليج العربی ج ٤ ص ٢٢١٣.

٤ ـ د. فخـری رشيد مهنـا/ النـظام القانوني للملاحة في المضايق الدولية وتطبيقه على مضيق هرمز ص ١٦١.

٥ ـ حسين ندا حسين/ الاهمية الاستراتيجية والنظام القانوني للطريق الملاحي في الخليج العربي/ دار الرشيد للنشر ١٩٨٠ بغداد ص, ٩٣.

٦ ـ د. جابر ابراهيم الراوی الجزر الثلاثة وموقف القانون الدولي من احتلالها بالقوة. وزارة الثقافة والاعلام. دار الحرية للطباعة بغداد ١٩٨١ ص ١١.

نیشانەی بەزینی ناخوند

كمال امین سمین

لە ئەنجامی بەزین و شكستی هێزەكانی دوژمن لەبـەرەكـانی كوشتـارو تێكچونی دۆخی ئابوری‌و سیاسی‌و كۆمەلایەتی ناوخۆیی ئێران و وەرس بوون و بێزاربـوونی گەلانی ئێران لەبەردەوامبوونی دوژمنكاری‌و پەرەسەندنی خەباتی چەكداری دژی رژێمی ئاخوندو بەرزبوونی دەنگی نارەزایی ئاشتیخوازان لەنێو كۆمەلێ دەولەتـاندا رژێمی ئاخوند بەتەواوی سەری لێ شێواوە نازانێ چی بكات؟ نازانێ چۆن بەرەوروی ئەو هەمو كارەساتە بوەستێت؟

نازانێ چۆن وەرەی سوپا بەزیوەكەی بەزربكاتەوە؟

رژێمـی خومـەینـی لە ئەنـجـامی داخی دڵی خۆی‌و بەزین و شكستی هێزەكانی، ناوچە مەدەنیەكان بوردومان ئەكات، واتەزانی كوشتنی منال و پیرو ئافـرەت وەرەی سوپـا بەزیوەكـەی بەرز ئەكـاتـەوە یاخـود كار لەخـوراگرتنی عیراقیەكان ئەكات..

گەلی عیراق، زۆر باش ئەزانێت كە ئەمە نیشانەی بەزین و ترسنۆكی‌و بێ دەسەلاتیە هەروەها زۆر باشیش ئەزانێت كە دوا روژی ئەم دەبەنگانە زۆر نزیك بۆتەوە، سەركەوتنی ئێمەش وەكوو روژ بەئاسمانەوە دیارە.

روژ نیە سوپای ئازاو دلێری عیراق سەركەوتنێكی نوێ تۆمار نەكات، روژ نیە سوپـای دلـێرمـان ریسـوایان نەكـەن و پەردە لەسـەر درۆو دەلـەسـەو پروپاگندەكانیان هەلنەمالن، هێزەكانی ئاسمانی و دەریایی‌و زەوی توانیان ئەوە بسـەلمێنن كە رۆلەی بەوەفای ئەم نیشتمانەن سەربازی ئازاو دلسۆزی رابەری لیهاتوو صدام حسێن.

هێرشی هەلۆكانی عیراق بەسەر دام ودەزگا ئابوریەكانی دوژمن و بوردومان كردنی كارگەو كێلگەی نەوت و ئیسگەی كارەباو بنكەی هێزی ئاسمانی دوژمن و پێكـاندنی كەشتی‌یەكانی نەوت لەئاوی كەنداوی عەرەبیدا بەجاری دوژمنی شلەژاند، رژێمی ئاخوند دەستی كرد بەدروكردن و پروپاگندەكردن گوایە دام و دەزگـاكـانی نەوتی كەركوكی وێران كردووە بەلام بەم درۆیە بەتەواوی رووی خۆی رەشتركرد پەیامێرانی روژنامەكانی عەرەبی‌و جیهانی سەریان لەم شارە دار بەچاوی خۆیان هەمو شتێكیان بینی، رژێمی ئێرانی هەزارەها سەرباز ئەنێرێتە شەڕ بەمـەبـەستی داگـیركردنی چەند كیلومەترێك سەدەهای لێ ئەكوژرێت و سەدەهـای لێ بریندارئەكرێت ناتوانێ بستێ خاكی پیرۆزمان گلاو بكات جا چۆن ئەتوانێت بگاتە شاری كەركوك؟. جا مەبەستی لەم درویانە تەنیا ئەوەیە خەلكی بخەلەتێنێ‌و وەرەی سوپاكەی بەرزكاتەوە بەلام تازە كار لەكار ترازاوە

ئیتر درو سوودی نیە، بەزینی سوپاكەی لەو هێرشەی كە لەكەرتی فەیلەقی دوو كردی بەرامبەر قەسری شیرین باشترین بەلگەی بێ‌توانایی هێزەكانی دوژمنە لەبەرەوروبونی جەنگاوەرانی (عیراق)، دوا سەركەوتنی عیراق و كۆتایی هاتنی دوا لاپەرەی رەشی خومەینی پشت بەخوا زۆر نزیك بۆتەوە.

بەغدا.. زەنەقی بردوون

● ب. شەپۆل ●

لەوە دەكات، كاربرانانی ئێران، تا ئێستـایش ئەوە بە مێشكیانـەوە نەچـووبێت، كە عیراق توانـای وەلام دانـەوەیەكـی ئەوتـۆی كارە نارەواكـانـیانـی هەیە، وەلام دانـەوەیەكی وەهـا قەپـۆزو ددانیان بشكێنێت و، لە گۆرەپانی هاوارو گازنـدەدا نەتـوانـن بە ئاڤـەنـك دەنـگی هاواریان بە كەس دا بگەیەنن. چونكە هەمو ریكخـراوو دەولـەت و خبرخوازانی سەرزەمـین دەزانـن عیراق لە سەرچـاوەو بنـكـەی بەهێزی‌یەوە رووی لە ئاشـتی ناوەو ئاشتی‌ی دەونت و چی هۆو شێوازو ریگـا هەبـووە، لەم بوارەدا بەكـاری هێنـاوەو هەولی بۆ داوەو پێیدا رۆیشـتـووە، هەر لەبـەر ئەوەی ئاشتی‌و هێمنی بۆ ناوچـەكـە بگـەرێتـەوەو ئاگـری ئەو جەنگەی ئاخـونـدەكـان هەلیان گیرساند بە زووترین كات بكوژێتەوە.

كەچی ئاخـونـدەكـان لەسـەر جەنـگ سوورن و، نایانـەوێت ای‌بگـرن، چونكـە بە جەنـگ ەسەر پێوە خۆ دەگرن و، دەتوانن لەسـەر كاربرانـین و دەسـتـەلات ەردەوام بن و، بەسـەر گەلانـی ئێران دا خۆ بسـەپێن و ئاگـری جەنگەكە تیژتر بكەن و... رۆژ بە رۆژ هەولی پەرەپـێدانی جەنـگ دەدەن و دەیخەنە قۆناغێكی ترەوە..

كاتێك عیراق دەست لەدام و دەزگـانـەوتی‌و ئابـووریەكـانیان دەوەشـێنـێت، كە كەرەسـتـەی بەردەوام بوونی جەنگیان دابـین دەكـەن، ئازار دەگـاتـە سەر ئیسقـانیان، شێت و هار دەبن و، هۆی نایەجێ‌و نارەوا دەدۆزنەوەو، بیانوری ئەوتۆ دەردەكەن كە لە هیچ گوێیەك نەبـەسـراوبێت، كە گوایە عیراق نارەحـەتـە خەلـك نشینەكـان بوردومـان دەكات و، بەو بیانووەوە شارو گونـدەكـانی سەر سنوور بوردومـان دەكـەن و گەرەكـی خەلـك نشـین بەر موشـەكـی دووربورد دەدەن، مالی هاوولاتی‌و قوتابخانەو مزگەوت و بازارگە وێران دەكـەن و، ئاسـایشی ئافـرەت و منـدالان تێك دەدەن و، پیرەمـێردو ژن و كۆریە دەكوژن، گوایە ئەمە ئیسـلامن و دەیانـەوێت بەم جۆرە ریرەوە چەوت و نابـووتـەكـەیان بلاوبكـەنەوە، بەلام ئەوی راستی بێت ئیسـلام زۆر زۆر لەوانەوە بە دوورەو ئەم رووپـۆشـەشیان لە زووەوە لەڕوو هەلدەلراوە.

دەست وە شاندنە دلێرەكانی ئەم دوایی‌یەی سەربـازو هەلـۆ نەبـەردەكـانی عیراق، لە كەرتی فەیلەقـی دوو، لەدام و دەزگـا ئەوتـی‌و ئابـووری‌یەكـانیان وای لێ‌كـردن، كەلـلەیان بشلەژێت و بێ هـۆش بكـەوون و مێشـك و ئاگـابـوون لەدەسـت بدەن، كە واشـیان لێ‌دێت، ناتـوانـن لە بەرەكـانـی جەنـگ دا بەرگـری سەربـازە دلـێرەكانیان بگرن، پەنا دەبـەنـە بەر شێتـی‌و هاری‌و لاف لێ‌دان و زۆر وتـن، هیچیان لەبەردەم دا نامێنێتەوەو دەستەلاتیان بەسەر هیچ دا ناشكێت ئەوە نەبێت مووشـەكێك لەو مووشـەكـانـەی عەرەبـە خاینـەكـان و زایونـی‌ی ئاغـایان پێی‌بـەخـشـیون، بەرەو گەرەكـە خەلـك نشینەكانی شاری بەغـدای پاتـەخـتـی جوان و پێشكـەوتـووی عیراقی سەركردەی دانا صەدام حسەین هەلـ بدەن.

بەو كارە نالـەبـارو نامـرۆڤـانـە دەیانەوێت ترس و لەرز بخەنە دلی بەغـدای دلـێری مێژوو زێرینەوە، بەلام نازانـن بەغـدا لەو شارە ترسـنـۆكـانـە نییە، بە هاژەی بەردەڤانی، یان بەردی تیرو كەوانی كوپری ئاخـونـدەكـان بترسێت، نەیانزانیوە بەغدای پاتەختی رەشید بەر لە هەزاران ساڵ پەنـدی پێ‌داوون لەبـیریان نەچێتەوەو.. ئێستایش بەغدای پاتەختی صەدام حسەین.. لەم جەنگەدا كە ئەوەتا بۆ حەوت ساڵ دەچێت.. هێرشی كولـلەی زەردو بای زەردی ئەوانی هەپروون بە هەپروون كردووەو لە هەمو بوارێك دا زەنەقی بردوون و وای لێ‌كردوون شەوو رۆژ خەویان لەچـاو نەكـەوێت، هەر خەریكی داو نانـەوەو پیلان دروست كردن بن، تا زیان بە تای پەلكی جوان رازاوەی بەغـدا ئەو بەغدایەیە كە ئەوسـاو ئێستـایش زەنەقی ئەوانی بردووەو خۆی بۆ نەك حەوت ساڵ بەلكوو سەدان ساڵ ئامادەكردووەو توێشـووی لە پشت بەستـووەو بە بێی ئازادی‌و سەربـلـنـدی‌و شكۆمەندی سەركەوتن دا بەردەوام دەبـێت، تا ئەو هەورە بۆرە چلكنـەیان دەتـوێنێتـەوەو ئالای سەركـەوتن و شكـۆمـەنـدی بۆ مێژووی خەبات پتر بلندو بەرز دەكاتەوە..



ئیستا وولاتی ئێران، سەرانسـەری كیشـورە شلۆقـەكەی خومەینی بووەتە گۆرستانیكی هەرەگەورە بۆ میللەتانی ئێران، بۆتە گۆماویكی بۆن پیسی كە دەیان كێشـەی تیادا كۆبـۆتـەوە رۆژ دوای رۆژ لە فراوان و زیاد بوون دان و بۆنـەكـەی تەشـە دەكات كێشەكانی ئابوری‌و سیاسی‌و كۆمەلایەتی.. ئەمرۆ باس كردنی كێشـەكـانی ئابـوری‌و نەبـوونی شتی خواردەمەنی زۆر ئاساییەو برسێتی‌و شەتـەك دانی‌كـەمـەرو لاوازی‌و رەنـگ زەردی ئەوەنـدە بە گرنـگ دانانرێت و ناگاتە ئاستی ئەوەی لە نیوە شەودا بە هەزاران هەزار لە ئێرانیان بە تایبـەتی منـدالان رەوانـەی جەنـگ دەكـرێن و كەس هەواڵیان نازانێت.. بەشێكی‌كەشی دەخرێتە زیندانەوەو لەژێر لێدان و سزادان دا دەنالێنن و ئەوانەی كە بەرەلا دەكـرێن بە رۆژی نیوەرۆ لە پرێك دا لەسـەر شەقامەكان بەدەستی پاسـداران دەكـوژرێن لەژێر سێبـەرو چاودێریی لاجـوردی‌دا كە یەكێكـە لە خوێنرێژەكانی خومەینی‌ی بەد فەساڵ كە بە گۆشت فرۆشی بەندیخانەی ئیڤین دەناسرێت.

لەم رۆژانەدا بە فەرمانی لاجوردی لە دەوروبەری تاران ئافرەتێكیان كە ناوی «زەهـراء كریـاسی»یە سووتـانـدو لاشـەكـەیان فرێ داوەتـە سەر یەكێ لە شەقامەكان.. بەلێ ئەمەیە رەفتاری خومەینی‌و تاقمە گەوجەكەی تاران...!

ئیتر چی ماوە نەیكەن..!!!

● فؤاد حسین ●

شهـرزەیی‌و باری نالەباری لە ئێران دا ئەمرۆ لە گشت كێشەكانی‌تر زیاتر گەلانی ئێران لە تاویا دەنالێنن و پیبەوە خەفەگیربوونە..

گشت گەلانی ئێران لەم كات و زروفەدا هەوڵ دەدەن بە هەر شێوەو ریگایەك بێت رزگاریان لە رژێمی ئاخوندی تاران ببێت.. یان بەچەك هەلگرتن یان هەلاتن بۆ دەرەوەی وولات بۆ ئەوەی خۆیان لە مردن رزگار بكەن و پاسداران بە شوێنیان دا نەگەرێن و رەوانەی بەرەكانی جەنگ دژی عیراق نەكرێن.. یان لە برسێتی‌و سیاسەتی توقاندن و لە سێدارەدان و هەلواسینی بە ستونی كارەباداو دوزینەوەی دەیان تۆمەت خۆیان دوور بخەنەوە..

چونكـە رەفتاری تاقمە خوێن رێژەكەی تاران و درندایەتیەكەی لە رەفتاری ئەوسـای نازیەكان تێپەر دەكات و هەرگیز هیچ رژێمیكی كۆنەپەرستی گومرا نەئێستاو نە لە روژانی رابوردووی مێژوودا نەگەیشتوتە رادەی ئەم رژێمە تەلەكەبازە..

کون ژینیێ مەزنترە

جمال بەرواری

حالێ وان دێ هەر ئەفەبیت
دێ هەر تەپەسەر بن
مستا مە دێ هەر لسەر دفنا وان بیت
چیڤێ مە دێ لسەر سەرێ وان بیت
وەناکەین سەرێ خو راکەن
دێ سەرێ وان دئاخێرا کەین
دا خۆ لسەر پیا نە گرن
دەست وپیا لێ بشکێنین
دفنا بلند لێ پشکێنین
کلوخێت تژی کا
دێ دەینە بەر کولما
روژا رووهن لێ بکەین ئاری
هەر ئەون هەڤالێت کورەماری
نە دەهژینە دونیایێ بینن
ئەو بو هەمی مروڤا دوژمنن
نە دەهژینە بژین
دێ هەر مرن
لسەر دەستێ
ڤان مێرا
ڤان چەلەنگ وخوشمێرا
دویاهیکا وان نێزیکە
سەرکەتنا مە
دەنگی ڤەدەت
ل هەمی وارا
ل دۆل و چیا
ل دەشت و بەپارا
ل بەسرا
ل چوارتا
ل میسان وسلیمانێ
دێ بلندین ئالا
ئالایت سەرکەتنێ
سەرکەتنا عیراقێ.



کەژاڵ ئەحمەد

به کۆلانی دەروونمدا
که تێ پەربیت
زیاتر لەخۆم
زۆرتر لەخۆم
خۆشم ویستیت
تۆ کەسێکی ئاسایی نیت
ئەستێرە نیت
ئاسمانیش نیت
له گشت شتێ گەورەتریت
وەك خەندەکەی مۆنالیزا
نهێنیەکیت کەس نیت ناگا
وەکو چیا بێ دەنگیت و
بێدەنگ بوونیش هەڵوێستیکە
تۆ خۆتیت و
هەرگیز کەسێ دروست نابێ
لەتۆ بکا
گیانە «ڤان کوخ»
جارێك ژیا
یەکێکیتر دروست نابێ
گوێچکەکانی دابتاشێ و
بۆ خۆشەویستەکەی بیا
شکسپیریش کۆچی کردو
یەکێکیتر دروست نەبوو
له ئەو بکا..
تۆ کەسێکی ئاسایی نیت
ئەستێرە نیت
ئاسمانیش نیت..
له گشت شتێك گەورەتریت..

(پەخشان)

ئاوازێك بۆ خوێن و خێوەکان

عثمان خواکەرەم: زرنگ

خێوەکانی ئێران دەیانەوێ ئەم بەیانیە ڕوبارەکانی باشوورم بەش کەن لە کڵاوو کەشیدەکانیان دا.

ریگاکانی سنوور بە میروولە بۆر بوزون. ژنان بەسەر پۆشە سپیەکانیان سەرەو خوار هەڵ واسران.

- ئەرێ چ ڕۆژێکە ئەم بەیانیە شوومە؟
- شەممەیە.
- ئەی دوێنێ؟
- دوێنێ نەما، هەر شەممەیە!
- ئەی پێرێ؟
- هەر شەممەیە!
- ئۆف، ئەی هەزار ڕۆژ لە مەو پێش؟؟
- ئوهۆوو... هەر شەممەیە
- ئەی هەزار ڕۆژ لەمەو دوا؟
- هەزار شەممەیە.

ئەی وڵاتە سەرکێشەکەم، بینیمیت وەکو ئەسپی ڕەشە با لە پشت کێڵگەکانی سنوورەوە بە چەپۆکان بەرەو ڕووی ئەو خێوانە غارت دەکرد. ئەو بەچکە شێرانەش لە گەڵت دا بوون، جەماوەری ئازادی خوازان بوون.

ئەوساکەش لە باسەکە تێگەیشتم، کە پەنجەرەکان (ملی چاویان) بەڕووی مۆلگای تۆپەکان دا درێژکرد.

ئەی ئافرەتەکانی بەسەرپۆشی سپی هەڵ واسراو، لە ئیوەمان دا بینی شیوەی پایزی ئەم بەیانیە، کە پڕی بوو لە بۆنی خۆشی گژوگیای بەهار. سنگی قەڵەوی کچانیش وێنەی باروتی تێدا بوو.

ئەم بەیانیە ڕوبارەکان بە بێ بۆن بەرگی خەواڵووی دارخورماکان لەبەر دەکەن. پەلەوری زەلکاوەکانیش بە تیژی ڕادەکەن بە دوزای قەراغەکان دا.

ئەی وڵاتەکەم تۆ بەدەم ڕاکردنەوە، ئەم بەیانیە کۆترە سپیە ئیسك سووکەکانت بەرەڵلا دەکرد لە مەڵبەندی تفەنگەکان دا. خوێنی خۆت دەڕواند لە بۆشایییەکانی خۆڵەمێش دا. گوڵاڵەت دەچەقاند لە دەمی بلوێرەکان دا.

ئەی وڵاتەکەم، ئەم بەیانیە وایان دەزانی من و تۆ لە شەقامەکانی باکوورو باشوور بەرەو مردن دەچین.. هاهاها، کەچی ئێمە بەدەم ڕێوە خەونیان بە گوڵاڵە کێویلەیەکەوە دەبینی.

وڵاتەکەم من و تۆ هەموو خوێنەکانی لەشی خۆمان دی، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا هەر نەمردین.

★ ★ ★

«نیشتمانەکەم»

- تاڤکە أحمد میرزا -

له لا ڕێدا
له کۆلانی پێچا پێچدا
پێریکم ئەدی ئەی نالاند
فرمێسکی زۆر بەکوڵ ئەڕژاند
ئەی نرکاند هاوار بە ماڵ و حاڵم
بۆچی تیرنەبم لەنانی گاڵم
نیشتمان هەر تۆی قیبلەگاهی من
چەند درندە بن زۆردارو دوژمن
له بیرت ناکەن مەبەست و مانم
بێ تۆ هەر نیە نرخی ژیانم
بێ خزمەت بۆ تۆ.. من مانم چیبە
چیم هەیە کەوا ناو خۆشیبە
سەرتاپا پێشکەش بە بەر پێی تۆ بێ
بێ تۆی شۆخ کێ بێ بووکی ئاسۆ بێ؟
له ڕێی خۆشیا گشت کات بێ پشوو
سەرم دانەنێم پڕ بە ئارەزوو
بەڵام گیانە
بێ پاکانە
باوەڕ ناکەم.. چونکە ڕۆڵەکانت ئەمرۆ
له جارا نیای شەیدای سەرفرازی ڕووتن
وەکو بەهاری بێ چرۆ
تۆیان نەبێ مایە پووتن
منیش هەروەك ئەو گیانەی وا
لەسەر ریگەی باوو باپیر له ڕیتا قوربانی ئەدا
تارمایش لوتکەو بناری کەژەکەم
بەرەو ئاسۆی بەختیاریت بەبێ پەروا
ریگەی تیکۆشانی خۆمی لێ بەرنادەم

(ئافرەت)

ئەی ئافرەتی بێچوە شێر، پلنگی بێشەی ژیان
هەڵی بگرە مەشخەڵ و فرێدە چەکی گریان
بیرە مەیدانی زانین بە خەبات و تێکۆشان
لەگەڵ براتا هەردوو بۆ یەك مەبەست شان بەشان
هەنگاو بنێن و بروێن بەرەو لوتکەی سەربەستی
نەڵێی کە منی ئافرەت کۆڵم.. نا.. نا بە هەستی
تۆش هەر وەکو براکەت خاوەنی دەستەڵاتی
لابەرە چارشێو، عەپا ئەبنە مایەی نەهای
کەسایەتیت پیرۆزە ئەو زنجیرەت بپسێنە
له ناو بەرگی کوردیدا هونەر جوانیت بنوێنە
سەربەستی کەی دراوە ئەگەر تۆ خۆت نەیسێنی
بە لاسایی کردنەوە نەکەی ناوت بزرێنی
کەسایەتیت لەکارا جوانتر خۆی ئەنەخشێنێ
شوێنی مودیل کەوتنت سەرو چاوت دەیەشێنێ
جێگەی خاڵیت پڕکەوە کۆمەڵ تۆی لا مەبەستە
شوێنی بێگانە کەوتن له هونەرا پێویستە
منداڵ پەروەردەکردن له چوار چیوەی زانینا
دەسەڵاتی گەورەیە له ئاڵ و گۆڕی ژینا
بە شوێنی مودیلا گەران دەرامەت ئەروخێنی
کۆشش لەگەڵ خوێندنەوەت ئەم ڕایە ئەچەسپێنی.

سەرهاتیەك کەڤن

ژ وەلاتێ من

ئە.. چاوە هرچ کوژت!!؟

دبێژن جارەکێ شڤانەکی گۆیی (١) لبەر پەزێ خوەیە ل سەرحەدێن ژۆری هرچەکێ ب گۆپالی دکوژت ژێ ڤێجا ئەڤ کریاراهە دەنگ د دەت لەمی کوردستانێ.. میرێ بۆتا ژی گولێ دبت ڕادبت ڕێدکت دویف لاوێ گۆیی‌ڕە بلا بێت کا چاوە هرچ کوژت؟. شڤانێ مە ژی ڕادبت خوە پێك دئینت شەل و شەپکێ خوە لبەرخوە دکت، کالك و گورێن خوە دکت لنگێ خوەدەو کەپەنێ خوە د ئاڤێت ناڤ ملێن خوەو گۆپالێ خوە ل زەندێ خوە دە د دانت. گازی دکت ژنکا خوە تۆژی ڕابە ل گەل من وەرە ئەم بچین جەم مێر. ژنکاوی ژی ڕادبت جلێن خوە لبەرخوە دکت ڕەشکا خوە دکت لنگێ خوەدەو پارزو ینا خوە د ئاڤێت پشتا خوەو دکەڤت پەی مێرێ خوەو دچن قەستا جزیرا بۆتا دکن.. پشتی چەند ڕۆژا د گەهن جزیرا بۆتا.. دچن قەستا کۆچکا مێر دکن، ب ژۆر د کەڤن سلاڤ دکن و لپێش مێر ڕادوەستن.. مێر د نێرێنێ‌و دبێژت:

ئەڤە لاوێ گۆیی ئەوێ هرچ کوژتی؟ لاوێ گۆیی دبێژت بەلێ ئەزم مێرێ من.. مێر دبێژت لاوو دە ژ مەرە بێژە کا چاوە تە هرچ کوژت؟ لاوێ گۆیی ل دورا خوە دنێری‌و بەرێ خوەدا مێر ئو گۆت:

مێرێ من تۆ بەرێ خوە بدە من..!!

هەچکو ئەز ئەزڤم!! تۆ هرچ ڤی!! قازی سەگی من قەرو ڤت!!

ژێ ڤێجا قازی مەهلەی هەردوو گۆیی تە بڤت!! ژێ ڤێجا ئەز ڤ گۆپالە ڕاکم.. گورم و ل پاتکا تە ڤدم.. هەر لتە بدم.. هەتتا ئەز تە د کوژم..

ژێ ڤێجا قازی زەحف د قەهرت.. ئینا مێر دبێژت قازی ئەزبەنی نە قەهرە مانە تە (...)ین من گرتنە تۆ ژ چرە د قەهری؟

پاشێ مێر بەرێ خوە ددت ژنکا شڤانی‌و دبێژت:

لاوێ گۆیی.. ئەڤ چ هرچە ل پشتە ڕاوەستایە؟

شڤان ل دورا خوە دنێرت.. دنێرت مێرێ من ئەڤ کابانیا منە!! مێر دکەنت و دبێژت: ئەرێ لاوێ گۆیی تۆ چاوە دکاری دبەرێ وێدە بنڤی!!؟ لاوێ گۆیی دبێژت:

مێرێ من.. مێر ئەو مێرە ئەوێ بشێت دبەر ئەڤین هوسا دە بنڤت!! پا.. خاتوینین وەی یا تە هەمی کەس دشێن دبەرێ وێدە بنڤن!! ئینا قازی ل پێشا هەمی‌یا کەیفا وی تێ‌و دکەنت ئینا مێر ڕادبت خەلات دکت.. هەردوو ڤە دگەڕن بۆ مالا خوە.

(١).. گۆیی: عەشیرەتەکە ل کوردستانا تورکیا.

سەرحەد: زۆزان.

ئەز ڤم: ئەز بم.

قەرو ڤت: قەرو بت - ناڤی سەیی وی‌یە.

ژ ئفیسینا
عبدالجبار یحیی

هۆنراوەیەکی بلاونەکراوەی بێوەی

- ئومێد کاکەرەش -

ئەوەی ڕاستی بێت لە ژمارە (٤٥٤) ساڵی ١٩٧٨ی ئەم ڕۆژنامە ئازیزەدا (بێوەی) شاعیرم بە خوێندەوارانی کورد ناساند (مەلا مەحمودی مەلا عەبدوالرحمانی سەرگەتی - ساڵی ١٩٢٦ هاتۆتە دنیاوەو ئیستاش لە ژیاندا ماوە) ئەوەشم خستە بەرچاو کە خاوەنی بەرهەمێکی پوخت و نایابەو لەبەر بێ دەرامەتی دەرفەتی چاپکردنی نەبووە پاش ئەوە (بەرهەمی ژیان دیوانی هۆنراوەکانی مامۆستا ئەمین نەقشبەندی) نازناوی (بێوەی) کەوتە ناو کتێبخانەی کوردیەوە.. بە مانا دوو شاعیرمان هەیە بە نازناوی (بێوەی) هۆنراوەیان وتووە. لە دیداری شیعری کلاسیکی کوردیدا ئامازەم بۆ ئەو نازناوە کردوو مامۆستا ئەمین نەقشبەندی وەڵامی دایەوە منیش دەرفەتی چەندو چونیان نەدام و وەکو خولیایەك لە سەرمدا مایەوەو هەر لە سۆراغکردندا بووم تا بگەمە ڕاستی. لەم چەندانەدا دیوانە دەستنووسەکەی مەلا مەحمودم کەوتەوە لا کە خەریکی ئامادەکردنێی بۆ چاپ و خۆشی هاتە لام و پاش گفتوگۆ وتی:

● - لە ساڵی ١٩٣٧دا یەکەم هۆنراوەم وتووە بە نازناوی (م. ع. بێزار) لە گۆڤاری گەلاوێژدا هۆنراوەم بلاوکردۆتەوە.

● - ساڵی ١٩٤٢ ئەو نازناوەم گۆڕی‌و کردن بە (بێوەی).

● - ساڵی ١٩٥٢ شێخ ئەمین نەقشبەندیم ناسیوەو زانیومە نازناوی (بێوەیە) بەڵام وەك شاعیر ئەم ناسیوە تەنانەت ساڵی ١٩٥٤ شێخ ئەمین نازناوی (بێوەی) لەسەر دەفتری چاپچیەکەی ئەحمەد ئاوا نووسی منیش لە ژێریدا نووسیم.

ئەمەوێ لە خوا (بێوەی) بێوەی بێ
دارای نگینی تاجەکەی کەی بێ

● - شێخ ئەمین نەیدەزانی من نازناوم (بێوەیە) بەڵام دەیزانی شاعیرم.

● - بە نازناوی (بێوەی) هۆنراوەم بلاو نەکراوەتەوە تا نوسینەکەی تۆ (نوسەری ئەم باسە) کە لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا بلاوکرایەوە.

ئەم چەند خاڵەم بۆیە خستە بەرچاو تا بزانن دوو شاعیرمان هەیە بە نازناوی (بێوەی) ئەوە (مەلا مەحمودی سەرگەتی) خەریکی ئامادەکردنی دیوانەکەیەتی‌و زۆر کەم ئەو نازناوەی لە دوا بەیتدا بەکارهێناوەو مامۆستا (ئەمین)یش هۆنراوەکانی. بە ناوی (ئەمین نەقشبەندی)و (ئەمین شێخ عەلائەدینی نەقشبەندی) بلاو دەکاتەوە کە بە ئاسانی هۆنراوەکانیان بەهۆی ناوەکانیانەوە جیا دەکرێتەوە. وا لێرەشدا پارچە هۆنراوەیەکی مەلا مەحمودی سەرگەتی پێشکەش دەکەم و داوای تەمەن درێژی‌و بەختەوەری بۆ هەردووکیان دەکەم:

شانازی

کمال اسعد رضا

کرێکاری ئەکەم هەردەم ئەنازم وا ئەمە بەشمە
سەری بەزرم ئەوی ناکەم هەتا ئەم ژینە هاوبەشمە
لەناو دوو توێی دڵا خۆزگەم هەیە بۆ سەروەت و سامان
کە ئابروی تێ بچێ نایدەم نەبوونیم خۆ برا هەشمە
وەکو ئەم کردووە هەرگیز ڕیا بۆ هیچ کەسێ ناکەم
بە چۆکا هاتنم بۆ نان وە یا بۆ پایە لا پەشمە
بە پیاوی کەس ئەبم هەرگیز کەسیش ناکەم بە پیاوی خۆم
ئەمە کردارە بریارە - هەتا خوێن هاوسەری لەشمە
کە ڕۆیشتووم لە دەس دەرچوو خەمی بێ سوودی بۆ ناخۆم
بە بەڵگەی ڕوونەوە ئەیڵێم نیشانەم ڕەنگەکەی گەشمە
کەسێ مەردە بە قوربانی ئەبم شەرنبێ هەتا ماووم
خەمی ئابروی لەبەردایەو ئەڵێ ترسی پەلەی ڕەشمە
بە خۆڕایی نییە ژینت حەکیانە ئەماشا کەیت
ئەبینی هێندێ ساکارەو گەلێکیش خاوەن خەشمە
بە وێنەی دۆزەخە دنیا لە لای دڵ پڕ لە ژەنگو ژار
لە لای دڵی پاك و بیرچاکیش بەهەشتە پڕ گوڵ و چەشمە
بەڵێ بەش کرا هەرکەس بە پێتی خۆی دانرا موچەی
بە من زێرو بە تۆ زیوو بە سەگ ئیسك و ئەسپ ڕەشمە

ولیەم تەل

ئازاد شوان لە عەربییەوە بە دەست کاری‌یەوە وەری گێڕاوە

چیرۆك:

بووو فەرمانی‌دا بە سەربازەکانی (ولیم تل) قۆڵ بەست بکەن و وتی:

خۆت فەرمانی کوشتنی خۆتت دا، دەبێ دورت بخەمەوە بۆ دورگەیەکی دوورو لەوێدا لەژێر زەمینێکی تاریك دا فرێت بدەن و ببیتە خۆراکی مارو مێرو، خۆیشم دێم بۆ ئەوەی بەچاوی خۆم مردنت ببینم.

پادشاو چەند سەربازێکی (ولیم تل)یان بە قۆڵ بەستراوی خستە ناو کەشتیی‌یەکەوە بەرەو ناو دەریا بەرێکەوتن، پاش ماوەیەك ڕەشەبایەکی زۆر توندو بارانێکی بە لێزمە دەستی پێ‌کرد، شەپۆلی دەریا کەشتی‌یەکەی بەم لاو بەو لادا دەهێناو دەبرد بە جۆرێك کە سەربازەکانی پادشا نەیان دەتوانی دەستی بەسەردا بگرن و زاڵ بن بە سەری‌دا، بۆیە هەموو ترس و لەزریان هاتبووە بەرو توقیبوون لە پێش هەموویانەوە پادشای زۆردار. لێرەدا (ولیم تل) ویستی هەل لەم وەزعە وەربگرێت و خۆی ڕزگار بکات، بۆیە ڕووی کردە پادشاو سەربازەکانی‌و پێیانی وت:

ئەگەر دەتانەوێ لە مردن ڕزگارتان ببێت ئەوا دەستم بکەنەوە بۆ ئەوەی دەربازتان بکەم لە خنکاندن لەم دەریا قووڵە.

(جیسلر)ی زاڵم لەسەر قسەی (ولیم تل) ڕازی بووو فەرمانی‌دا دەستی بکەنەوەو بەرەڵلای بکەن، (ولیم تل) دەستی کرد بە کەشتی لێخورین بەرەو کەنار، کاتێك نزیك بوونەوە لە ڕوخی دەریا کەشتی‌یەکەی کێشا بە تاشەبەردێکی گەورەدا کە لە نزیك ڕوخی ئاوەکەدا بوو، کەشتی سەرەو خوار بووەو پادشاو سەربازەکانی کەوتنە ناو ئاوەکەوە لە هەمان کاتیش دا (ولیم تل) پەلاماری تیروکەوانی یەکێك لە سەربازەکانی داو خۆی فری‌دایە سەر کەناری دەریاکە لەوێوە تیرێکی هاویشت بۆ سەر سنگی (جیسلر)و لە شوێنی خۆیدا کوشتی‌و خەلکی شارەکەی لە زوڵم و زۆری پادشا گۆڕ بە گۆڕەکەیان سەرفراز کرد

سەربازەکان کوڕەکەی (ولیم تل)یان لە ناوەندی گۆڕەبانەکەدا وەستاندو سێویکیان خستە سەر سەری‌و باوکیشیان لە دووری «٢٠٠» دووسەد هەنگاوەوە ڕاگرت، ئەنجا پادشا فەرمانی‌دا کە (ولیم تل) تیرەکەی تێ‌بگرێت بەرەو سێوەکە، ئەوەی شایانی باسە (ولیم تل) دوو تیری پێ‌بوو یەکێکیانی شاردبووە لەناو جلەکانی‌دا، (ولیم تل) تیری خستە ناو کەوانەکەیەوەو بەرەو سێوەکەی سەر سەری کوڕەکەی هاویشت، سێو لەسەر سەری کوڕە بوو بە دوو لەتەوە، جەماوەرەکە لە خۆشیان دا دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان بۆ (ولیم تل)، بەڵام پادشای بێ ئامان ویستی پەیمانی خۆی بشکێنێ‌و لە قسەی خۆی پەشیمان ببێتەوە لەبەر ئەوە ڕووی کردە (ولیم تل)و پێی وت:

ئەو تیرەی دووەمت بۆچی شاردۆتەوە؟

(ولیم تل)یش پێی وت ئەم تیرەم بۆ تۆ داناوەو لە نسیبی تۆ دەبێت ئەگەر بێنو دەست بۆ کوڕەکەم ببەن.

(جیسلر)ی زۆردار زۆر توڕە گەیشتە شار چوو بۆ ئەو گۆڕەپانەی کە کڵاوەکەی فەرمان ڕەوای لێ دانرابوو، بە تەنیشتیدا تێپەڕ بووو بە چاوێکی سوکییەوە ڕوانییە کڵاوەکەو سەری بۆ دانەنەواند، لەپڕ چواردەوری بە پاسەوانەکانی پادشا گەمارۆ دراو قۆڵ بەستیان کردوو لەگەڵ کوڕەکەی‌دا بردیانە بەردەم پادشا، وا دیاریش بوو کە پادشا ناوبانگی ئازایەتی‌و دەست ڕاستی (ولیم تل)ی بیستبوو بۆیە ویستی تاقی بکاتەوە لەبەر ئەوە پێی وت:

ئێمە ناوبانگی تۆمان بیستووە لە تیرهاویشتن دا لەبەر ئەوە هەڵیکت دەدەمێ بۆ ئەوەی خۆت لە سێ‌داره ڕزگار بکەیت مەرجیشمان ئەوەیە سێوێك لەسەر سەری کوڕەکەت دادەنێین تۆش دەبێت بەتیر لە سێوەکە بدەیت ئەگەریش هاتوو لێت دا ئەوا ئازادت دەکەم بە پێچەوانەیشەوە خۆت و کوڕەکەت لە سێ داره دەدەم.....!!.

(ولیم تل) بەم مەرجە ڕازی بوو، لە گۆڕەپانی شارەکەدا شوێن ڕێك خراو جەماوەریکی زۆری شارەکە کۆبوونەوە بۆ سەیرکردن.

Institut Kurde de Paris

بەبۆنەی حەوت ساڵەی جەنگ

گۆرانیەك بۆ پیشەوا..

«صدام حسین»

ـ انور أحمد دەرگەلە ـ

ـ ١ ـ
لە شاخەوە.. تا بیابان..
لەهەر شوێنێ.. ناوی تۆیێ...
لەهەر شوێنێ دەنگی تۆیێ...
یەك دەستە قوربانیی‌یە بۆت...
یەك دەستە.. خەلاتە بۆت..

ـ ٢ ـ
فڕت کردین
دڵنابین..
فڕت کردین.. هۆگرت بین
فڕت کردین.. گەورەبین

ـ ٣ ـ
کە ئەتبینم.. منالانی ئەم وولاتە
ماچت دەکەن..
کە ئەتبینم..
دایکان وێنەت
لە سینگ و بەروکی ئەدەن..
بە ناخم دا شۆر ئەبیەوە..
چونکە تۆ یەك پارچە عیراقی

ـ ٤ ـ
حەوت ساڵ ـ هەنگاو ـ
حەوت ساڵ.. تۆماری سەرکەوتن.
ساڵان هەر دین و دەروون و...
ئەم عیراقە گەورە دەبێ...
لە دڵانا.. لە خوێنانا..
گەورە دەبێ...

مەلا حەسەنی دزلی

محمد علی قەرەداغی

ئەگەر بڵێم: ئەم شاعیرە کوڵۆڵترین شاعیری کوردە. یان یەکێکە لە شاعیرە کوڵۆڵەکانی کورد بەلاتەوە سەیر نەبێت!

ئاشنایەتیم لەگەڵ ناوی ئەم شاعیرەدا بۆ پتر لە دە ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوەو، لەو کاتەیشەوە تا ئێستە هەر دەرفەتێك هەڵ کەوتبێ هەوڵی ئەوەم داوە شتێك لە بەسەرهاتی ژیانی‌و بەرهەمەکانی بڵاوبکەمەوە. بۆ ئەم مەبەستە چووم بۆ خورمال چوومە لای مەلا رەئووفی برازی، بەڵام جگە لەوەی کە بە دەمی هەندێك لە شێوەی ژیانی بۆ گێڕامەوە نەچوە ژێر ئەوە کە هیچ شیعری لە لا بێت.

پاش ماوەیەك بیستم مەلا رەئووف و پیاوێکی دیکە چەند پارچە شیعری ئەم شاعیرەیان هێناوە بۆ مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و دوایش ـ پێش ئەوەی بێڵن مامۆستا سوودیان لێ وەربگرێ ـ لێیان وەرگرتوەتەوە.

دوا هەوڵم بۆ وەدەس هێنانی بەرهەمی ئەم شاعیرە ئەوە بوو لە ڕێگەی دەوستی خۆشەویستم مامۆستا محەمەدی مەلا صالحی شارەزووری‌یەوە هەوڵم داو ئەویش چەند جار بە نامەو راسپاردە لەگەڵ مەلا رەئووف خەریك بوو، یەك دوو جاریش بەتەمایان کردین بەڵام ئەنجام هیچمان دەست نەکەوت. پاش ئەوەی هیوابراوی ئەم هەوڵەیش بووین، مامۆستا شارەزووری مە خۆی‌و باوکی‌یەوە شتێکیان دەربارەی ژیانی بۆ پەیدا کردم و، نموونەیەکیش لە شیعرەکانی‌یان بۆ نووسیمەوە، کە دیارە لەبەریان بوە.

پێش ئەوەی ئەو شتانە بنووسم ئەوەی کە خۆم بیستوومەو دەربارەی دەیزانم تۆماری دەکەم:

دەڵێن: ئەم پیاوە شاعیرێکی تەر دەست و، زمان پاراوو، شیعر سوار بووەو، بە عەرەبی‌و، کوردی‌و، فارسی شیعری وتوە. لە گەڵێ لە مەبەستەکانی شیعردا شیعری وتووەو، بە شوێنەواریداو بەگوێرەی ئەوەیش کە بە سەردەمی خەڵکەوەیە شیعرەکانی ناسك و جوان و بەپێز بوون. لە مەلا رەئووفی برازایی‌و خەڵکی دیکەیشم بیستووە کە جارێك سوپایەك لای (خورمال) دا دەبەزێ، مامۆستا مەلا حەسەنیش نامەیەك بە شیعری عەرەبی بۆ فەرماندەی سوپاکە دەنووسێ‌و، داوای یارمەتی لێ دەکات. فەرماندە کە شیعرەکانی مەلا حەسەن ئەبینێ زۆری بەلاوە جوان ئەبی‌و، گەلێ ڕێزی لێ‌دەگرێ‌و، داوای لێ دەکا کە بچێتە لایان بیکەن بە (ئیمام فوج) ـ ئیمام تابوور ـ بەڵام مەلا حەسەن بەوە قایل نابێت و، فەرماندە خەڵاتی دەکات و، تا سوپاکەیشیان لەو ناوەدا ماوەتەوە یارمەتی مەلا حەسەنی داوەو، دەسگوڕێی کردوە.

دەگێڕنەوە شاعیرمان نەدارا بووەو لە ژیانیدا سەرکەوتوو نەبووەو، زۆری کاتی بە نەبوونی‌و هەژاری بەسەر بردووە.

لەو ژیانە تاڵەدا زمان و قەڵەمەکەی چەك و کەرەسەی نان پەیداکردنی بوون. هیچ بە لایەوە گران نەبوە کە بۆ چەند مەنێك گەنم و جۆ، یان چەند کیلۆ شەکرو چا، یان ڕۆن و خواردەمەنی دیکە پارچەیەك شیعری جوان بۆ یەکێك لە دۆستان و ناسراوانی بنێری‌و داوای مەبەستەکەیان لێ بکات. یان پارچەیەك شیعر بنێری بۆ وەستایەکی تەوێڵەو هەورامان بۆ نەنێری‌و ئەم پارچەیەك شیعر لە داشوردنیدا بڵێت...

ئەوەی زیاتر مایەی کوڵۆڵی شاعیرەمانە ئەوەیە کە زۆر شەپرزەو گوێ‌بەدنیانەدەر بووەو، هیچ کاتێ ئەوەی نەبوە کە شیعرێکی بۆ بەگێ، یان ئاغایێ، یان لێ‌پرسراوێك نووسێ بێنێ لای خۆیشی نوسخەیەکی دابنێ‌و دیوانی شیعرەکانی کۆبکاتەوە. تەنانەت لە بارەی ئەم شەپرزەیی‌یەیەوە مەلا رەئووفی برازای بوی گێڕامەوە: کە مامۆستا مەلا حەسەن جگەرەکێش بۆ، کاغەزو شتی وای ئەکرد بە ئاغزە جگەرە، ئەگەر هیچ کاغەزو شتی دەست نەکەوتایە بۆ ئاغزە هەر کتێب و دەسنووس و پارچە شیعرێکی لە لادا بوایە ئەیدڕاندو ئەیکرد بە ئاغزە بۆ جگەرەکەی!

دیارە زەلامێك وا بووبێت چاوەڕوانی ئەوەی لێ ناکرێت دیوانی تەواوی، یان سەرجەمی شیعرەکانی چنگ بکەوێت و، دەبێ چاوەڕوانی لای ئەم و ئەو بێ کە شتێك لە لایان مابێتەوە. دیارە هیوایش زۆر لاوازە.

شتێکی دیکەیش لە کوڵۆڵی ئەم شاعیرە دەڵێم کە من خۆم هەستم پێ‌کردوە ئەوەیش ئەوەیە، ڕەنگە، تا ئێستە ٣٠ ـ ٤٠ بەیاض و کەشکۆڵم دیبێ‌و تەماشام کردبن، وێنەی کەشکۆل گەلێکی باشیشم لایە، کە بەشێکیان نووسەرانی ئەو ناوچە نووسیویانەەوو، شیعری شاعیرانی پێش مەلا حەسەن و هاوچەرخی مەلا حەسەن و دوای ئەویشیان تێدایە، بەڵام تا ئێستە لە هیچ کەشکۆڵێکدا شیعری ئەم شاعیرەم نەدیوە! ئومێدەوارم لەمەولا وا نەبێت و ئەگەر شتێك بەرهەمی لای ئەم و ئەو مابێت لەم ئەندازە زیاتر دەستی پێدانەگیرێت و ئەم و ئەم و خوێنەران بەاسیتریت.

ئەمەیش ئەو زانیاریانەی مامۆستا شارەزووری بۆی ناردووم.

ناوی حەسەنی، کوڕی محەمەدی، کوڕی عەلی، کوڕی ڕەضایە. لە تەمەنی (٨٥) ساڵیدا لە ئاوایی (دزلی) ساڵی (١٣٦٤ی‌ك ـ ١٩٤٤ی‌ز) کۆچی دوایی کردوە ـ وەکو مەلا رەئووف دەڵێت ـ بەڵام باوکم (باوکی مامۆستا شارەزووری) فەرمووی: ساڵی (١٣٦٥ ی‌ك ـ ١٩٤٥ ی‌ز) کە ئەو ساڵە لە ناوچەی هەورامان و مەریواندا بە ساڵی (مەلا قران) ناویانگی دەرکردبوو؛ چونکە ئەو ساڵە بە نەخۆشی ڕشانەوە دوازدە مەلای ناودارو مەلا چاکی وەکو: مەلا حەسەنی ناوبراوو، مەلا صادقی ئەوێهەنگی‌و، مەلا عەبدوصەمەدی ڕەزاوی (باوام = باوکی دایکم) مەلا قادری جەلالی دەگاکایی و.. کۆچی دوایی‌یان کرد. دوای ئەمە مامۆستا شارەزووری ناکێك شیعرو هۆی وتنەکەی بەم شێوە نووسیوە:

ئەم تاکە شیعرە بریتی‌یە لە تاکێك لە چامەیەك کە بۆ هاو فەقێ‌یەکی سەردەمی فەقێتی خۆی نووسیوە. من وام بیستوە کە ئاوایی (دولکانە) مەلایەکی باش و زانای تێدا ئەبێ. بەڵام لە بەر کەم دەرامەتی خڵکەکە، یان لەبەر گرتنی جەنگی جیهانی یەکەم فەقێ نائوانێ تێیدا بژی. مامۆستا مەلا حەسەن کە ئەڕواتە ئەو ئاوایی‌یەو پاش ماوەیەك برسێتی بە ناچاری ئاوایی‌یەکە بەجێ ئەهێڵێ، لە ڕێگا تووشی ئەو فەقێیە ئەبێ.. ئامۆژگاری ئەکات کە نەڕواتە ئاوایی (دولکانە) بەڵام فەقێکە بە گوێی ناکات و ئەڕوات.. پاش ماوەیەك برسێتی نامەیەك بۆ مامۆستا مەلا حەسەن ئەنێرێ کە جێگەی بۆ بخوازێتەوەو، لە بەر برسێتی لە (دولکانە) ناژی! مامۆستایش بەو چامە وەڵامی دەداتەوە کە ئەمە بەیتێکی‌یەتی:

تبیرُ إذا همّوستُ دەستی بچاکُکُمْ
وقولی: هەتیو (دولکانە) بێ نانە با نەمری!

واتە: لە بیرتە کە د دەستەو دامێنت بووم و) دەستم بە چاکتا هەڵواسی‌و پیم وتی....

مامۆستا شارەزووری پارچەیەك شیعری ئەم شاعیرەی بۆ ناردووم ئەم پارچە شیعرە زۆر باو بووەو گەلێ لە مامۆستایان و خوێندەواران ـ ئەگەر گشتیان لەبەر نەبووبێ ـ شتێکیان لێ لەبەر، یان بیستوویانە.

من خۆم گەلێ جارم بیستووەو، جارێك نووسیمەوە، ناردم بو ڕۆژنامەی عێراق دیاشکۆی کوردی) لە باتی بڵاوکردنەوە بەسەرو بەرەوە تێدا چوو. ئێستەیش کە مامۆستا شارەزووری بۆی ناردم و خوێندمەوە بیرم کەوتەوە هەندێکی وەك ئەوە وایە من نوسیبوومەوەو هەندێکی بە هۆی دەماودەم کردنەوە گۆڕاوەو، منیش بەیت و نیوێکم لەبەر ماوە کە لێرەدا پێش دەقەکەی مامۆستا شارەزووری دەیان نووسم:

إني لفي جبالٍ فيها فغارُ ورح
قد عضت الكلاب من كلْكِها مِراراً
... ...
أقنعسس وأمشي كالدب في الصحارى

واتە: من لە کەژو کێوێکدام لانە ورچی تێدایە کە چەند جار سەگ قەپی لە کلکی گرتوە!

سنگ دەردەپەڕێنم و ئەڕۆم وەك چۆن ورچ لە دەشتدا دەڕوا.

ئەمەیش دەقەکەی لەمەڕ شارەزووری:

ثارد بەرواست نانم، گزگل خۆرشت و خوام
بەر سفرەئەم نەباشەد جوز نان و دۆخەوارا

واتە: نانم نانی ثارد بەرووەو، پێخۆرو خوراکم گزگلەو، سوفرەیشم نان و دۆخەوا نەبێ هیچی لەسەر نیە!

عوریان وا، پیرو، لاغر، پەشمینە ریش و کوڵکن
تووکم فشوڵەش کەردەن چون ورچ دەرعەبارا

واتە: رووت و پیرو لاتم و، کوڵکن و ریش وەك پەشمم و، تووکم فش بوەتەوە، لە ورچی ناوعەبا دەچم!

کاللقلق البهار لآچ و پاچ مارا
کالهره السوداء ئەچم بە قەد چنارا

وەك لەقلەقی بەهار مێلی مارم و دای‌دەپاچم و، وەك پشیلەی ڕەش هەڵگژێم بە قەدچنارا!

وما لنا المواشی سوی من الدجاجات
کل ذوات پوپ ئتتان أو چوارا

لە ئاژەڵ و چوارپێ‌یش تەنها مریشکمان هەیە، هەر پۆپنەداری سیان چواری!

بارۆکة صغیرة قد فشت الجناحا
لمْایتس علیها سرا ولا جهارا

واتە: بارۆکەیەکی بچکۆلەمان هەیە بالی فش کردووەتەوە، هێشتا نە بە دزی‌و نە بە ئاشکرا کەڵەشیر بە سەریا نەتسیوە.

بقولنا کثیرٌ: چوندرةٌ، وتربٌ
پیازا، وماش نوك، خەربوزةٌ، خەیارا!

واتە: سەوزەو گژو گیاەان زۆرە: چەوەندەر، توور، پیاز، ماش، نۆك، کاڵەك، خەیار!

إلا نبات کاهو، أرواحنا فداه
نحن ماندري ماهو، هناك کۆهسارای

واتە: کاهوو نەبێ ـ گیانمان فیدای بێ ـ ئێمە نازانین چیە! ئەوێ کەژو کۆسارە!

إنا بعید لحم، محتاجُ گۆشته گیسكِ
یا لیت ولمه گۆشتی یستبرژ لمارا!

واتە: ئێمە دوورە گۆشتین، حەزمان لە گۆشتی گیسکە، ئای خۆزگە وڵمە گۆشتیکیان بۆ ئەبرژانین!

أرزاقنا قلیل: ترخینة، وماش،
برنجٌ، ونۆك نیسكِ لایبلغ تغارا

اتە: ڕۆزیمان کەمە: ترخێنەو ماش و نۆك و، نیسك تەغاریك نابێت!

إنا نکیل عزراً بهیستر وگاجووت
کل دەغل و داننا لا یبلغ التغارا

واتە: ئێمە زەوی بە هێسترو گاجووت دەکێڵین و، هەموو دەغڵ و دانەکەمان تەغارێك نابێت!

بس باش إین خرافات، کوتاهی این مقالات
آن به که ختم آریم این نامه بر دوعارا

واتە: وا باشە دوای ئەم پڕو پووچانەو، کۆتایی ئەم وتارانە بە دۆعا بهێنم.

یارب مدرسان را ئیمداشان بفەرما
یارەب بدە دەوامی عبدالعظیم مارا

واتە: خودایە یارمەتی مودەریسەکان بدە خودایە دەوامی عەبدولعەظیمی ئێمە بدە!

ئەم عەبدولعەظیمە عەبدولعەظیمی موجتەهیدیی سنەیە، کە مامۆستا ئەم پارچە شیعرەی بۆ نووسیوە.

دوای تۆزێك سەرنجدان دەردەکەوێت کە ئەم پارچە شیعرە تاتەواوی‌و ووپات بوونەوەی تێدایەو، دەیشگونجێ گەلی لەمە زیاتر بووبێت. لە لایەکەوە قافیەی(تەغارا) دووجار نووسراوە. لە لایەکی دیکەوە لە ڕزی گژوگیاو سەوزەدا باسی ماش کراوەو دواییش لەگەڵ ئەرزاقدا باسی کراوەتەوە. نیوەی دووەمی بەیتی شەشەم تاتەواویش بوو ئێمە (نۆك) یکمان خستە سەر. بەڵام هەرچۆن بێت لە هەموو بەرهەم و یادگاری ئەم شاعیرە بێ‌چارە ئەم چەردە پێش چاو بخەین!

بەجێم مەهێڵە هەتا بگەم پێت
وردە گلەیێ هەیە بیکەم لێت
خەبەرم زانی بەجێت هێشتوە جێت
بۆیە بە پەلە لێم گرتوی ڕێ پێت
تا بۆت ڕوون بکەم بەیانی دەردم
لەیەکەم ڕۆژۆ زولمت لێکردم
یەکەم کەس بۆو کە تۆم دیبو
دڵم لەعەشقتا فریبو و
وەك پەپولە بالی ئەگرت
هاڵاوی بۆ لای گوڵ ئەبرد
بووبوو بە هامرازی بولبول
لەم چڵ ئەفڕی بۆ ئەو چڵ
لەگەڵ وەنەوشەو نیرگزی مەست
دەستیان خستبوە ناو دەست
سوجدەو پەنای بۆ ئەبردن
سکاڵای خۆی بۆ ئەکردن
هەمو ئەکەوتنە گفتوگۆ
کەوتنە زەمی دڵ ڕەقی تۆ
منیش وەك گۆناه باران
خۆم کز ئەکرد لەبن داران
وەك هەتیوی باوك مردو
وەك کەسێکی خەتا کردو
وەك دایکێکی جگەر سوتاو
ئەتوامەوە لەبەر هەتاو
لەگەڵ گوڵە سورەی شارەزوور
ئەشکێان ئەگری دوور بە دوور
نەم ئەویرا نزیك بمەوە
زامی دڵم بکۆ لێنمەوە
کێوی سەخت بووی لەبەر چاوم
لێت سەندبوم هێزو هەناوم
عەقڵم لەسەرا نەمابوو
کەوتە شوێن کڵاوی با بردو
وەك مەجنون دامە کەژو کۆ
بوم بە هامرازی چنوورو لۆ
منو هەڵاڵە برەمی کوێستان
ئەسرین ئەڕژا لە چاومان
ئەو بۆ (برایەم) شینی ئەکرد
من بۆ تۆ سوجدەم ئەبرد
گوناهم چی‌بو کە خۆشم ویستی
هەر وەکو (بت) ئەمپەرستی
خستمە ناو دەستت دڵۆگیان
تا زام گەیشتە سەر ئێسقان
بەڵام تۆ هەستت نەکرد پێم
ئاوریکت نەدایەوە لێم
جارێ نەبو دڵ خۆشم کەی
هەر ویستت فەرامۆشم کەی
ئێستەش بڕۆ ئەگەڕێتەوە
دوایی پەشیمان ئەبیتەوە
جارێکی‌تر هەر دێیتەوە
کڕنوشم بۆ ئەبەیتەوە
(کەوکەب) ئەو وەختە دڵت ئەمرێ
بەرگەی هیچ کوسپێ ناگرێ

بەجێم مەهێڵە

کەوکەب هەورامانی

Institut kurde de Paris

تابلۆی خۆشەویستی

پوشۆ خدر نادر

ئازیزەکەم
کێ دەڵێ تۆ
پارچەیەك لە خۆر نی
لە باوەشی منا
گەشایەوە
کێ دەڵێ تۆ
گوڵە شەوبۆ نی
ئیواران لە دڵ مندا ڕازایەوە
دە وەرە گیانە
با جاریکی دی دەست لە گەردەن
بینەوە
لە باوەش یەکتر وەك کڵۆی بەفر
بتوێینەوە
بیین بە کانی بۆ ڕێبوارەکان
بۆ گشت دڵداران
بۆ چڵە گوڵ تا بالندەکان
تێر ئاو کەینەوە

«کەو» ئەو بالندە وەفادارە کە بە ناحەق تاوانبار کراوە..

محمەد بەدری

کەو.. بالندەیەکی جوان و قەشەنگە.. شەیدای دوڵ و کێوو سەوزی‌یە.. کەو.. ئەو بالندە وەفادارەیە کە ماڵی ئەکرێ ئەبێتە هاوڕێ ئادەمیزادو لە گەڵیا بژی‌و بەو ئاوازە جوانەی، بە قاسپە قاسپەکەی، شنەی خۆشی‌و کامەرانی ئاراستەی دڵ و دەروونی بکات.. ئادەمیزاد بۆ وەدەست هێنانی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی ئەو بالندەیە بێ‌وەی‌و بەستەزمانە ئەخاتە ناو قەفەسێکەوەو ئەچێ بۆ ڕاو.. پاشان لە شوێنێکی تایبەتی‌دا دائەنێ‌و خۆیشی بە دزی‌و نهێنی‌یەوە لە جێگەیەکدا مت ئەداو چاوەروانی نیچیرەکان ئەکات..

کەوەکە دەست بە خوێندن ئەکات.. کەوەکانی‌تر کە گوێیان لە ئاوازی کەوە بەندکراوەکە ئەبێ خێرا بەرەو لای دێن و کۆمەڵ کۆمەڵ لە دوورو نزیکەوە بیر لەوە ئەکەنەوە کە چۆن فریای هاوڕێیەکەیان بکەون و شوێنەکەی بدۆزنەوە، ئا لەم کاتەدا ڕاوچی‌یەکە ئەمەی بە هەلێکی باش ئەزانێ‌و تاپەرەکەی بەکار ئەهێنێ‌و قەلاچوویان ئەکات... تاوانەکەش لێرەدا ئاراستەی کەوە بەند کراوەکە ئەکرێ کە گوایا بەهۆی پیلان و فرت و فێلەوە هاوڕێ‌یەکانی خستە ناو داوی مردن و بە کوشتی‌وان، ئا بەم جۆرە ئەو بالندە بێ تاوانە لە لای خەڵقی بووەتە ڕەمزی خیانەتکاری..

من لێرەدا ئەمەوێ ئەم مەسەلەیە بە شێوەیەکی‌تر لێکبدەمەوە بەو نیازەی ئەو بیروڕا چەوتانە ڕاست بکەمەوە، بۆ ئەوەی ئەم بالندەیە کە بە ناحەق کراوەتە ڕەمزی خیانەت بێتە ڕەمزی دەنگ هەڵبڕین بۆ سەربەستی نەك بۆ کوشتنی قەومەکەی، بەڵگەشم بۆ سەلماندنی ئەم بیروڕایە ئەوەیە کە هەرگیزاو هەرگیز ناکرێ کەویکی بەندکراو لەناو قەفەسێکدا بەو نیازە بخوێنێ کە قەومەکەی خۆی بە کوشت بدات لە پێناوی دەستکەوت پەیداکردن بۆ ڕاوچی‌یەك کە بووەتە هۆی بەندکردن و ئازاردانی... بەڵکو بۆ ئەوە ئەخوێنێ کە قەومەکەی بێنە هاواری‌و دەستی یارمەتیی بۆ درێژ بکەن و لەناو ئەم زیندانە ڕزگاری کەن، چونکە ئەگەر وا نەبێ، ئەمە بە پێچەوانەی عەقڵ و مەنتیقە یەکێك لە ناو گرو دۆزەخی زیندان بێ‌و حەز لە سەربەستی نەکات و بەندی‌و ئیسارەت و تاریکی‌و ناخۆشی لە لای لە سەربەستی‌و دوڵ و گوڵ و گوڵزارو چیاو کانیاو سەوزایی خۆشتر بێ.

تای دانگی

DENGUE FEVER

● نجاة عەبدوڵڵا ●

نەخۆشی یەکی درمی تیژەو هەررو بەخێرایی بڵاو دەبێتەوە. بەهۆی ڤایرۆسێکی تایبەتی بەوە دەبێتەوە کە چوار جۆری سیرۆلۆژی بەرگی یان هەیە immunological types وڵە زۆربەی جاروا بە هۆی ڤایرۆسەکانی ئار بۆوە aarbovirus بە هۆی مێشوولەی mosguito ئایدزی میسریەوە Aidis EGptui کە هەڵگری ڤایرۆسەکانی نەخوشی یەکەن لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوازێتەوە. ماوەی کرکەونی نەخۆشی یەکە Incubation period ٥ ـ ٦ ڕۆژەو ئادمیزاد بە ڕۆژێك پێش (تا) لێهاتن تا پێنجەمین ڕۆژی نەخۆشی یەکە هەر بە ئادمیزادێکی درم دا ئەنرێ. مێشوولەکە پاش (٨ ـ١١) ڕۆژ لە مژتنی خوێنی ئادمیزادێکی تووشبووە دا دەبێتە مێشوولەیەکی درم بۆ کەسانی ترو تا دوایی ژیانی هەر لە درمی ئەمێنێتەوە.

● سەر چاوەکانی تەنینەوە:

ئادەمیزادو مێشوولەی ئایدزی میسری هەردووکیان دوو سەر چاوەی تەنینەوەن. هەروا مەیمونەکانیش سەرچاوەی تەنینەوەن. گاز لێدانی (پێوەدانی) مێشوولەی ئایدزی میسری Hidis EGPtyi ومێشولەی ئایدزی بۆ پکتس Aidis albopictus خۆی ڕاستەوخۆی ڕوودانی تەنینەوەی نەخۆشی یەکەن بۆ ئادەمیزاد.

● ڕێگاکانی تەنینەوە.

چەند ناوچەیەکی دیاری کراو هەن لەدونیادا کەمێشوولەی ئەم نەخۆشی یەیان لێیەو بەدرێژایی ساڵ سەر چاوەی تەنینەوەن. هەروا ڕادەی تەنینەوەکەش دەوەستێتە سەر کۆچ کردن و سازو تەدارەك بوونی ڕوودانی ئەم تەنینەوەیە بۆ مروڤ، بە شێوەیەکی سەرەکی تای دانگی Dengue Fever بە نەخۆشی یەکانی ناو چەگەرمەکان دەژمێردرێ لە ئەندونیسیا، هند، باکوری ئوسترالیا، با شووری ڕۆژ هەڵاتی ئاسیادا چ لە ناوچە گوندنشینەکان یا شار نشینەکان دا هەن چەند شەپۆلێکی پەتایی توندی ئەم نەخۆشی یە لە ساڵی ١٩٦٣ دوورگەی کاریبی یان گرتەوە.

● ئەوانەی کە تووشی ئەم نەخۆشی یە دەبن:

١ ـ ئەو کەسانەی کە دەچنە شانشینی مەیمونەکان و ئەو ناوچانەی کە پڕن لە ژمارەیەکی زۆری مێشوولە ڤایرۆس هەڵگرەکان.

٢ ـ ئەو کەسانەی کە لە بوارەکانی تەندورستی گشتی کاردەکەن و لەپشکنینە گۆڕەپانی یەکان و ئەوانەی کە داو دەرمانی قەلاچۆکەرەکانی مێشوولە ڤایرۆس هەڵگرەکان دەپرژێنن، بەتایبەتی لەکاتەکانی بڵاوبوونەوەی پەتایی و دووبارە بوونەوەیدا.

● نیشانەکانی:

بە بەرز بوونەوەیەکی کت وپڕی پلەی گەرمی یەوە دەست پێدەکا، (تا)ی دەگەریو تا پێنج ڕۆژان بەردەوام دەبێو بەدەگمەن زیاد لە حەوت ڕۆژان زیاتر درێژە دەکێشێ، سەر ئێشەیەکی توندو ژان کردنی کۆتایی بۆ شایی یەکانی چاو (گڵێنەی چاو) Post ORBital PLan وماسولکەکان و جومگەکان ژان دەکەن. بەشێوەیەك کە نەخۆشەکە گۆت دەکەن و توانای ڕوێشتن لەبەر ناهێزان و پێ بەپێی ئەمەیش کۆ ئەندامی هەرسیشی تووشی پشێوی دەبێ. نەخۆش بەدو و قۆناغ دا ڕەت دەبێ، یەکیان نەخۆش تێیدا هەست بە چەند چاك بوونەوەیەکی کاتی دەکاو دواتر یا دەگەڕێتەوە حالەتی پێشووی خۆی یا بەشێوەیەکی تەواو چاك ئەبێتەوە. ماوەی تێگەڕانی Convalescene period ئەم جۆرە (تا) یە ئاسایی درێژە. چاك بوونەوەی نەخۆشەکە دووماوەی تێگەڕانەکەی ئاسایی ماوەیەکی درێژ دەبا کە تێیدا لەش داهێزرانێکی گشتیو هەست کردن بە ماندوو بوونی لەگەڵ دا ئەبێ ڕێژەی ئەوانەی کە بەم نەخۆشی یەوە دەمرن وازۆر نی یە.

● تای دانگی خوێن بەربوو: Haemonhagic Dengne fever

لە ساڵی (١٩٥٣)ەوە حاڵەتەکانی نەخۆشی تای دانگی لە باکوری ئاسیاوە بە هەمان ڕووکاری نەخۆشی زەردە تاوە yellow fever پەرەی سەند تا تووشی ئەو منداڵانەیش بێ کە تەمەنیان لەنێوان شەش و پازدە ساڵی دابە کە ئەمەیان تای دانگی خوێن بەربووی پێدەڵێن. تا ئێستا هەر لە ساڵی (١٩٥٣)ەوە هۆی ئەو گۆڕانکاریە نەزانراوە کە بەسەر سیفەتەکانی تای دانگی داهاتوون هەر لەو کاتەوە تای دانگی خوێن بەر بوو گەیشتە هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژ ئاوای ئۆقیانووسی هادیو ناو چەکانی کاریبی یەوە.

● دەستنیشان کردن:

١ ـ دەستنیشان کردنی ئەم نەخۆشی یە لەو ناوچانەی کە ئەم نەخۆشی یەی تێدایە ئاسانەو نیشانەو دیاردە نەخۆشی یەکان ئاشکران.

٢ ـ بەهۆی چاندنی ڤایرۆسی نەخۆشی یەکە لە ئاژەلە تاقیگەیی یەکان دا.

خۆ پاراستن

١ ـ قەلاچۆکردنی مێشوولەی هەڵگری ڤایرۆسەکان بە هۆی دەرمانی قەلاچۆکەری مێرووەکان.

٢ ـ هۆشیار کردنەوەو بڵاوکردنەوەی کولتووری تەندورستی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکیدا.

٣ ـ چارەسەری کردنی نەخۆش و گۆشە گیرکردنی لەژوریکی پاك و خاوێن بۆ ماوەی هەفتەیەك بەلای کەمی یەوە.

● چارەسەر کردن:

چ داوو دەرمانی وانی یە کە بەمەبەستی پارێزگاری کردنی لەش بە کاربهێنرێ دژی ئەم نەخۆشی یەو جگە لە خۆ پاراستن شتێکی تر لە ئارادانی یە.

دوکتۆرەکان لە حالەتە ئازارە توندەکان دا هەر ئەسپرین Asprin یا پاراسیت مۆل Paraceta mol دە نووسن. بەڵام هەندێ جاریش وا دەبێ پێویست بە چۆراوەی ئۆفیونی Opiates دەکا.

● دواجار تای دانگی بە یەکێك لە نەخۆشی یە هاو بەشی یەکانی نێوان ئادەمیزادو ئاژەڵان Zoonosis دەژمێردرێو لە هەندێ جاریش دا بە تای دانگی دەڵێن تای ئێسکە شکێن Break Bone Fever

سەرچاوەکان:

بۆ نووسینی ئەم باسە لەم سەرچاوانە کەلك وەرگیراوە:

1 - Davidson's Principles and Practice of med:cine EDiTED By: John macleld. 1984.

٢ ـ الأمراض المشتركة بين الانسان والحيوان. د. صباح العلوجيو د. عبدالحسين بيرم. بغداد ـ ١٩٨٦.

٣ ـ الامراض المعدية الڤايروسية. الدكتور عبدالحسين بيرم ـ بغداد ١٩٨٤.

نەخۆشی سەگ (Rabies)

دکتۆر عادل حسین عبدالله

ئەم نەخۆشی یە کوشندەیە هەر لە سەدەی چوارەمی پێش زایینی دا لە کتێبەکانی ئەرستۆ (Aristotle) باس کراوە. ووشەی ڕێبیز (Rabies) لاتینی یە واتە (هاری) تووشی مروڤ ئەبێت پاش گەستنی سەگ، یان هەندێ گیانەوەری تر کە تووش بوون بەم نەخۆشی یە وەکو: ڕێوی ـ شەمشەمەکوێرە ـ هەندێ جۆرە مشك.. هۆی ئەم نەخۆشی یە ئەگەڕێتەوە بۆ جۆرە ڤایرۆسێك کەپێی ئەووترێ ڕابدۆڤایرۆس (Rhabdovirus) کە ئەگاتە ناو لیکاوی سەگ و پاش گەستنی مروڤ ئەوا ئەم میکرۆبە ئەگاتە ناو برینەکەیو تووشی ئەم نەخۆشی یە ئەبێت. هەندێ جار ئەم نەخۆشی یە لە مروڤێکی تووش بوو ئەگوازرێتەوە بۆ یەکێکی تر پاش لەیەك تریك بوونەوە.

ئەم میکرۆبە بە ڕێگای دەمارەکان (الاعصاب) زوو ئەگاتە مێشك و هۆی مردن ئەگەر زۆر زوو چارەسەر نەکرا.

نیشانەکانی:

پاش قەپاڵی سەگی تووش بوو لە مروڤ، ئەوا پاش ماوەی (٤ ـ ٨) هەفتە نیشانەکان دەرئەکەون وەکو تایەکی بەردەوام ـ ئێش و ئازار لە شوێنی گەستنەکەدا، پاشان پەستی (قلق) لە نەخۆش دا ڕوو ئەدات، هەروەها ترس (phobia) لە ئاوو خواردنەوەی شلە، ئەمەش ئەوە ئەسەلمێنێ کە میکرۆبی ئەم نەخۆشی یە گەیشتۆتە مێشك وە لێرەدا مردن زوو ڕووئەدات ئەگەر فریای نەخۆش نەکەوت.

چارەسەرکردن:

لە کۆن دا شوێنی گەستنی سەگ داغ ئەکرا بە ئاسنێکی گەرم یان مادەی کیمیائی ترش، بەڵام ساڵی (١٨٨١ز) زانا لویس پاستیور توانی دەرمان بە ڕێگای کوتان (لقاح) دژی ئەم نەخۆشی یە بدۆزێتەوە.

چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشی یە بریتی یە لە جیاکردنەوەی نەخۆش لە ژووریکی تایبەتی داو تێبینی کردنی هەناسەی نەخۆش لە لایەن پزیشك وە چەند دەرمانێکی تارامکەر (مهدیء) وەکو ڤالیۆم لە کاتی پێویست دا، وە زۆر جار بە نەشتەرگەری (جراحة) گەورە کون ئەکرێ (Gastrostpmy) بۆ ئەوەی بتوانرێ خواردن و شلە لەم ڕێگایەدا بدرێ بە نەخۆش. بەڵام هەرچەند ئەم نەخۆشانە چارەسەر ئەکرێن، مردن زوو ڕوو ئەدات چونکە درەنگ نەخۆش ئەگاتە نەخۆشخانە

خۆ پاراستن:

گرنگترین خاڵ لە خو پاراستن لە نەخۆشی سەگ بریتی یە لە کوتانی منداڵ کە بەر هەڵستی لەش دژی ئەم نەخۆشی یە زیاد ئەکات. هەروەها نزیك نەبوونەوە لە نەخۆش زور گرنگە چونکە میکرۆبی ئەم نەخۆشی یە بە ڕێگای هەناسەی نەخۆش ئەگوازرێتەوە بۆ مروڤێکی ساغ. هەروەها ئەبێ دایك و باوك هیچ منداڵەکانیان بەرەڵڵا نەکەنە ئەو شوێنانەی سەگی لێیە.

نەهێشتنی سەگەکانی ناو شار دیسان بە هەنگاوێکی گرنگ دائەنرێ دژی ئەم نەخۆشی یە. بەڵام ئەو کەسانەی سەگ لە ماڵ دا بەخێو ئەکەن ئەوا ئەبێ هەر ساڵەی جارێك ئەم سەگە بکوترێ بە دەرمانێکی تایبەتی لە نەخۆشخانەی ئاژەڵ (المستشفى البيطري) تاکو بەر هەڵستی دژی ئەم نەخۆشی یە پەیدا بکات و ترسی نەخۆشی سەگ نەمەینێ لەو ماڵەدا.

سەرچاوەکان

1 - Rabies. K.L Robertson. 1978, London

2 - Rabid animals by S. Thomson Des.1979

بەرکێ گولجیسکێ

kidny Stone

■ ئەڤە ژ نەساخی‌ێت گرانە، ئەوێت گولجیسکا دگرن و ئێشاتەکا دژوار ژێ پەیدا دبیت.. چارەسەرا ڤێ نەساخی‌ێ نەشتەرکرنەو دەرئێخستنا بەرکی ژ گولجیسکێ.

بەرك پێك دێت ژ کومبوون و کەتنە سەرکا ماددێت کریستالی دناف میزێداو بلند بوونا ڕێژا ڤان ماددا دناف میزێدا وەك: ـ

«کالسیوم Calicium ئوکسلایت Oxalate سیستاین Cystine ـ فوسفات Phosphate» دێ بێتە ئەگەرێ دروست بوونا بەرکی‌و مەزن بوونا وی دناف گولجیسکێ‌دا.

نیشانێت نەساخی‌ێ: ـ

بەری هەمی نیشانا، ئێشانەکا دژوار ل تەنشتا چەپێ، یان ل تەنشتا ڕاستێ، ل نزیکی پشتێ دێ پەیدا بیت. دگەل عێلنجی‌یا «honsea» و دلرابوونێ Vomiting» هەروەسا هندەك جارا تایەکا Ferer سفك دێ نەساخی گریت. دگەل بلند بونا ڕێژا ماددێت کریستالی دناف میزا نەساخی‌دا.

هەژی گوتنێیە، مەرج نینە بەرك دناف گولجیسکێدا دروست بیت، چێدبیت دناڤ ڕەهێت میزێدا «ureter» بیت، یان دناف میزدانێ‌دا «bladder» دروست بیت. کەلەك جارا بەرك دبیتە ئەگەرێ کولبوونا گولجیسکاو ژناڤ برناوان.

هندەك ئەگەرێت هەین هاریکاریا دروست بوونا بەرکی ددەن وەك:

١ ـ کولبوونا گولجیسکێ‌و دەزگەهێ میزێ.

٢ ـ کێم بوونا کارێ دەزگەهێ میزێ‌و گولجیسکێ.

٣ ـ کێم بوونا ئاڤێ دناف لەشیدا.

٤ ـ کێم بوونا هاتوو چوونا مروڤی‌و نەلڤی.

٥ ـ ڕەنگێ خوارنێ. نەخاسمە ئەو خوارنێت مشە فیتامین «D» تێدا هەبیت و هەر وەسا خوێ‌یێت کالسیومی.

٦ ـ بنەمال. ئەو بنەمالێت ژ باب و باپیرا ئەڤ نەساخی‌یە لجەم هەبیت دویر نینە لجەم زاروکێت وان ژی ئەڤ نەساخی‌یە دیار بیت.

ئەڤ کارە هەی هاریکاریا دروست بوونا بەرکی ددەن و هاریکاریا مەزن بوونا بەرکی ددەن.

بو چارەسەرکرنێ دڤێت بچنە لای دختورەکێ شارەزایێ نەشتەرێ‌دا و چارەسەرا نەساخێ بکەت. هندەك جارا ل دەمێ دەست پێ‌کرنا دروست بوونا بەرکی وئەگەر زویکا پرسیارا نەساخی بکەن دویر نینە ب دەرمانا‌و پارێزێ ئەڤ بەرکە بچیت و پەچ بیت و نەمینیت، وەلێ ئەگەر کەفن بوو و دەمەك بسەر ئەچوو دەڤێت ب رێکا نەشتەرکرنێ «Surgery» بەرکی بینە دەر.

ئەگەر نەشتەرکرو بەرك ئینا دەر، چێدبیت پشتی دەمەکی بەرکەکێ دی لجهێ وی یان لجهەکێ دی دروست بیت و هەروەسا

ژبەر هندێ خوپاراستن گەلەکا ئەرە ژوان خوارنێت ئەڤ ماددە تێدا هەین.

چەند شیرەتەك:

ئاڤ کارەکێ مەزن دکەت بو پاقژکرن و شویشتنا دەزگەهێ میزێ، ژبەر هندێ ئەخوارنا ئاڤێ یافەرە لهەمی دەماو بو هەمی کەسا، نەخاسمە دەمێ سپێدەهی‌یا مروڤ ژخەو رادبیت، دا هەمی دەزگەهێ میزێ بێتە پاقژکرن و نەخاسمە گولجیسك. هەروەسا ئەگەر ڕێژا ئاڤێ کیم بوو دناف لەشیدا، دێ خەستی‌یا ماددێت کریستالی پترلێ هێت و کومبوونا ڤان ماددا دێ بسانەهی تربیت و دروست بوونا بەرکی‌و مەزن بوونا وی دێ زویتر بیت. هەروەسا هاتنوو چوونا مروڤی‌و وەرزش دبیتە ئەگەرێ لڤاندنا گولجیسکێ‌و حەلاندنا بەرکی.

ئەو مروڤێ بەرك هەبیت ناچێبیت «مشمژا» بخوت چونکی ڕێزەکا زور یا ماددێ «ئوکسلایت» یا تێدا هەی‌و دبیتە ئەگەرێ مەزن بوونا بەرکی دناف کولجیسکێدا. هەروەسا ئەو خوارنێت فیتامین «D» تێدا هەبیت و هەروەسا خوێ‌بیێت کالسیوس تێدا هەبن دڤێت نەساخ خو ژێ دویر بێخیت.

ئامادەکرنا: تیلی صالح موسی

چیرۆکی تەلیفۆن

وریا عمر امین

وا باوە کە گراهام بێل داهێنەری تەلیفۆنە بەڵام سەرچاوەکانی مێژووی زانست وای ڕوون دەکەنەوە کە (١٦) ساڵ پێش گراهام بێل تەلیفۆن داهێنراوە

یەکەم کەس بیری لە تەلیفۆن کردبێتەوە (شارل بورس) بوو. ئەمە سەربازێکی فەرەنسی بوو لە جەزائیر. دوای تەواوکردنی سەربازی‌یەکەی لەسەر تەلیگراف دامەزرا. لە ساڵی ١٨٥٤ لە ڕۆژنامەیێکی فەرەنسیدا ووتارێکی بە ناوی (تەلیفۆنی کارەبا)وە بڵاو کردەوە تیایا دەری خست کە دەشێ دەنگ و قسە بەهۆی ڕەوتی کارەبا بە تەل بگوێزرێتەوە. بۆ سەلماندنی ڕاکەی وتی [دەنگ لە ئەنجامی لەرینەوە دێتە بەرهەم.. ئەم لەرینەوەیە شەپۆل پەیا دەکات ئەم شەپۆلانە پەردەی گوێ دەلەرێننەوە.. ئەگەر ئەم لەرینەوەیە بخرێتە ناو ڕەوتی کارەباوە و بگەیێنرێتە لایەکەی تری تەل ئەم لابەش پەردەیەکی پێوە لکێنرابێ، پەردەکەی ئەم دیویش دەلەرێتەوە و ئەو دەنگە دروست دەکاتەوە کە لەو دیو دروست کراوە.

شارل بورس ئەم بیرەی خۆی نەکردە کردەوە. لە بڵاو کردنەوەی ئەم ووتارە زیاتر لە مەیدانی تەلیفۆنا هیچی نەکرد. بەڵام نەخشەی داهێنانی تەلیفۆنی پێشکەش کرد و سەرەتای پەیا بوونی ئەم داهێنراوە گرنگەی دامەزراند.

لەساڵی ١٨٦٠ پرۆفیسۆرێکی ئەلەمانی ناوی (فیلیپ رایس) بوو سوودی لە ووتار و بیرەکەی شارل بورس وەرگرت و یەکەم تەلیفۆنی لەمێژوودا دروست کرد. چەن تاقی کردنەوەیەکی سەرکەوتووی لەم بارەیەوە پێشکەش کرد. بەڵام زۆر بێ بەخت بوو هیچ لایێ هانی نەدا و پشتگیری‌ی نەکرد. بە دڵی پڕ لە کەسەرەوە.. بەنائومێدی و هەژاری و دەربەدەری لە ساڵی ١٨٧٤ مرد. کاربەدەستانی ئەلەمانی دوای مردنی بە ماوەیێکی زۆر هەستیان بەم هەلەیە دەرحەق ئەم زانایە کرد. ئنجا پەیکەرێکیان بۆ لە گۆڕستانی فرێدریکستدورف دروست کرد لە سەریا نووسراوە [فیلیپ رایس... داهێنەری ڕاستەقینەی تەلیفۆن].

لەساڵی ١٨٦٨ پی. ئیچ. ڤاندەر وێید تەلیفۆنێکی فیلیپ رایسی بردە ئەمەریکا لەوێ پێشانی چەند زانایەکی داو لە گۆڤارێکی زانستیدا ووتارێکی بڵاو کردەوە ئەم ئامێرەی تیا بە خەڵکەکە ناساند. ئەمە سەرنجی زانای ئەمەریکی (جوزێف هینری)ی ڕاکێشاو نموونەیێکی لێ لە پەیمانگای شمیچۆن دروست کرد. گراهام بێل ئەمەی بینی و لاسایی کردەوە و کەوتە ئیش کردن بۆ دروست کردنی یێکێك لێ‌ی

لە ساڵی ١٨٧٦ نموونەی خۆی تۆمار کرد و داهێنانی تەلیفۆنی خرایە پاڵ.

ڕاستی‌یەکەش ئەوەیە (٢٢) ساڵ پێش ئەم بیری لێ کراوەتەوە و (١٦) ساڵ پێش ئەم دروست کراوە.

گراهام بێل کێ‌یە..

گراهام بێل لە شاری ئەدنبرەی سەر بە سکۆتلەندا لەدایك بووە. پێشەی باوو باپیری کەڕ وڵاڵ فێرکردن بوو. دوو برای بە دەردی سیل مردن. لە ساڵی ١٨٧٠ گراهامیش تووشی ئەم دەردە پیسە بوو. لە ساڵی ١٨٧٢ باری کرد و چووە ئەمەریکا.

ساڵێ لە بەر هەتاوی گەرم وهەوای پاکی مایەو دەردەکەی سارێژ بوو لە شاری بۆستن وەك باو باپیری کەوتە کەڕو لاڵ فێر کردن. گراهام بێل ویستی پەرە بە پێشەکەی بدات لە سەر پەیرەوێکی زانستی‌ی پتەو. لە زانستی دەنگ قووڵ بووەوە. لە لایەکی تر زۆر خولیای کارەبا بوو. زۆر بە تەنگ کارەکانی ئەدیسۆنەوە بوو. کە چاوی بە تەلیفۆنەکەی فیلیپ رایس کەوت خۆی پێ خەریك کرد و یێکێکی لێ دروست کرد. بەسایەی شارەزایی‌ی لە زانستی دەنگ و کارەبا و گوێ و پەردەی گوێ، بە حوکمی پیشەکەی، توانی ئەنجامی باش و پەرە بە تەلیفۆنەکەی رایس بدات.

یەکەم تاقی کردنەوەی خۆی لە دوکانی برادەرێکی‌یا بوو. ناردی‌یە ژوورێ لە نهۆمی دووەمدا و لە بەر دەم ئامێرەکەی وتی (گوێت لەمنە؟).. هاوڕێ‌یەکەی بەراکردن هاتە خوارەوە و بەهاوارێکی بەرزەوە وتی (گوێم لێ بوو چیت وت).

لە ١١ی شوباتی ١٨٧٦ گراهام بێل مافی داهێنانی تەلیفۆنی تۆمار کرد.

سەدەی پیشانگەی فلادیلفیا لەو ساڵەدا بوو.. ئامێرەکەی گراهامی تیا دانرا.. شوێنەکەی زۆر لابەلا بوو سەرنجێکی ئەوتۆی ڕانەکێشا.. وابوو ئیمبراتۆری بەرازیل سەری لەپیشانگاکە دا لەوێ چاوی بەگراهام بێل کەوت کە وەك مامۆستایەکی لێ هاتوو وبەناوبانگی کەر و لاڵان دەیناسی و ئاشنای بوو.. زۆر بە گەرمی چاك و چۆنی لەگەڵا کرد وچاوی بە ئامێرەکەی کەوت.. لەگەل گراهام بیلا کەوتە قسە کردن بە تەلیفۆنەکەی.. کە ئیمبراتۆر سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی لەبارەیەوە و پەسندی کرد ئنجا خەڵکەکە ڕوویان تێ کرد. ئەم ڕووداوە دەورێکی گەورەی بینی لە ناوبانگ کردن و بایەخ بە داهێنانەکەی گراهام بێل دان.

ئەوەی زۆر سەیرە.. لەو ڕۆژەی کە گراهام بێل چوو داهێنراوەکەی خۆی تۆمار بکات (١١ ـ ٢ ـ ١٨٧٦).. زانایێکی تر لە شیکاگۆوە ناوی (ئەلیشا گرەی) بوو ئەمیش هاتبوو مافی تۆمارکردنی ئامێرێ بکات بە تەواوی لە ئەوەکەی گراهام بێلی دەکرد.

ماوەیەکی دوور و درێژ دادگاکان خەریکی ئەوە بوون ساغی بکەنەوە کامەیان مافی ئەوەی هەیە داهێنانی تەلیفۆنی بخرێتە پاڵ.. (گراهام بێل) یا (ئەلیشا گرەی).. وا دیارە ئەمجارەش هەر گراهام بێل بە ختەوەرتر بوو..

تەلیفۆنەکەی گراهام بێل دەنگی باش وبە ڕوونی دەرنەدەکرد و زۆر نزم بوو. خۆی دانی بەم کەم و کوڕی‌یە هێنا.. ووتی (تەلیفۆنەکەم مەبەستی خۆی نەهێنا دی).. دوای ئەم زانای تری وەك ئەدیسۆن و هیوز کەوتنە لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی هۆی ئەم کەم وکوڕی‌یانە.. لە تەجاما توانی‌یان هۆی‌یەکانی دەست نیشان کەن.. دوای ئەدیسۆن وهیوز هەزاران زانای تر بەشداریان لە پەرە بە تەلیفۆن دان کرد تا گەیشتە ئەوەی ئیستای..

ئەو هەموو کار و دەسکەوتە مەزنانە هەموو خراونەتە پاڵ گراهام بێل.. کەچی سەرچاوەکانی مێژووی زانست ڕوونی دەکەنەوە کە داهێنەری ڕاستەقینەی تەلیفۆن نی یە

پزیشکەکان دەڵێن:

پێویستە پاش هەر ڕووداوێکی ئۆتۆمۆبیل خۆت پیشانی پزیشك بدەیت

ئامادە کردنی هێرش محمدامین

هەموو پزیشکەکان لەسەر ئەو ڕایەن کە هەر کەس تووشی هەر ڕووداوێکی ئۆتۆمبیل دەبێت پێویستە خێرا خۆی پیشانی پزیشك بدات ئەگەر هیچیشی لێنە هاتبێ، چونکە ترازاندنەمێك یاخود در زبردنێك بەتایبەتی لە دەوروبەری سنگ دا ڕووبدات ئەوە زۆر دەکەوێت لەسەر ئەو کەسە.

پزیشکەکان هەندێ لەو مردنانەی کە کتوپڕی ڕوودەدەن دە یگێڕنەوە بۆ پچڕاندنی (ئورت) کە ئەمەش تووشی هەڵ ئاوسانێکی پیس بووەو ئەم پچڕاندنەش هۆکەی دەگێڕنەوە بۆ کارەسات یا خود ڕووداوی ئۆتۆمبیل کە پێش چەند ساڵ یا خود کەمتر یا زیاتر لەو کەسە مردووانە ڕووی داوە.

(ئورت)یش یەکێکە لەو دەمارە گەورە گرنگانەی خوێن لە لەشی مروڤ دا کە لە چەند بوریەکی نەرم و لق لق پێك هاتووە هەڵ دەستێت بە دابەشکردنی خوێن بە هەموو بەشەکانی لەش دا ئەگەر هاتوو دیواری ناوەوەی هەر بوریەك لەو بوریانە ڕزی دەبێتە هۆی بێهێزی دیوارەکە لەو شوێنەدا.. بە هۆی پاڵپەستوی خوێنەوە لەو بوریەدا هەڵ ئاوسان لەو شوێنەدا دروست دەبێت و دەردەپەڕێت، ئەم شوێنی هەڵ ئاوسانەش دیوارەکەی زۆر تەنك دەبێت لە هەر چرکەیەك دا بێت لەوانەیە بتەقێت.

جاری واش هەیە هەڵ ئاوسان دروست نابێت بەڵکو دەزوولە خوێنەکان کە دیوارەکەیان لێ پێك هاتووە شەق دەبەن بەمە کاردەکاتە سەر هاتو چۆی خوێن و دەبێتە هۆکاری نەهاتنی خوێن لە خوێن هێنەرەوەو نا توانێت بە تەواوی کاری خۆی بەتەواوەتی بەجێ بهێنێ.

گرنگترین هۆی هەڵ ئاوسانی دەزوولە خوێنینەکان ڕەق بوونی خوێن هێنەرە کە دەبێتە هۆی ڕزینی دیواری ناوەوەی (ئورت)و دەبێتە شوێنی کۆکردنەوەی کۆلیسترۆل، بۆیە ئەو دەزوولانەی کە جمو جۆڵیان کەم دەبێتەوە خوێنیش کەم فرێ دەدەنە دەرەوە.

بەڵام ئایا چۆن بزانیت کە خوێن هێنەکان هەڵ ئاوسانیان تێدایە: ؛ ـ

لەوانەیە بە هۆی کۆکەیەکی زۆرەوە پێ‌ی بزانیت بێجگە لەو حاڵاتانەی کە کۆکەی تێدا ڕوودەدات بە هۆی نەخۆشیەوە یا خود شتی بە ئاسانی بۆ قووت نادرێت، هەروەها کاردەکاتە سەر دەنگ و دەنگیش گڕ دەکات، جاروباریش ورگ لێ دەدا ئەمە وا دەردەخا کە هەڵ ئاوسان هەیە لەورگ دا ئەم حاڵاتانەش پێویست ە نەشتەرگەری‌و خوێنەهێنەر گۆڕین ناکات.

چارەسەرکردن:ـ

بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە نەخۆشیانە ئامۆژگاری پزیشکەکان ئەوەیەکە هەر کەسێك تووشی ڕووداوێك یان کارەساتیکی ئۆتۆمبیل دەبێت پێویستە هەموو جۆرە (فحص)یك بکات بۆ ئەوەی بزانرێت لە کوێ‌دا هەڵ ئاوسان ڕووی داوە چونکە ئەگەر لە سەرەتاوە پێ‌ی زانرا چارەسەرکردنی ئاسان ترە.

ئەم باسە لە (السیاسة)ی کوەیتی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/٨ وەرگیراوە

Institut Kurde de Paris

کێشە ئاڵۆزەکانی ئافرەت لە دادگای شەرعی‌دا

نەجات رەفیق حیامی

لە مێژبوو سەرم لە دادگای شەرعی نەدابوو، بە ڕێکەوت ڕێم کەوتە ئەوێ، هەمان هۆڵی دادگاو هەمان ووینەی سەرنج ڕاکێش ڕوی پێ وەرگێرام.

بەداخەوە ئافرەت لەبەر دەم قاضی شەرعی راوەستاوەو پیاویش لەو بەرەوە هەر دووك وەك تاوانبار مل کەچ و دەست تێکاڵاو هەستی گوناهباری پێوەیان ئاشکراو روونە جا چ گوناهباری بەرامبەر بە یەك یا خود بە کۆمەڵگاە یان بەرامبەر بە سوزی خۆشەویستی پیروز کە نەیانتوانیوە بپارێزن و بەهەڵە بوی چوون و لەوانەشە راستی خۆشەویستی (کە بروایان پێ نەماوە ـ تاوانبار بکەن.

دوو لاوی تازە پێگەیشتوو بابڵێین لە دەرجوانی زانکو یان پەیمانگا یاخود هەر شوویتی تر بێ ئەم دوو جوانە لەسەرەتادا بە ووشەی ناسك و رازاوە ملیوانەی عیشق و ئەڤین ئەهونتەوە هەر ڕوژە مورووە زەردو سورەکانی پتر ئەبێ‌و کوژەکەی چاوە زارای پیا شۆڕ ئەکەنەوە، وای لێ دێ ملیان لەبەر قورسی سەنگی هەڵی ناگرێ.

هەرچی تەنك و چەڵەمەی دێتە ڕێیان بە هەر چۆنێ بێ خۆشی ئەکەن، کەس و کاریش دوا کەس ئەبن کە تێکەڵ بە مەسەلەکە ئەکرین..

هەر دوولا پێك دێن داخوازییەکە سەر ئەگرێ دێتە سەر مەسەلەی چەندو چۆن، لەناکاو هەمو شتێ لەبەر چاوی بووکێ ئەگوڕێ، سامان و کەل و پەل دێتە پشی.

لە وەندە کەمترو لە فلانە کەس کەمترو لە فلانە شووین نەبێ ئیش جێ بەجێ نابێ.

ـ هەموی باشە بەسەر چاو.

دیارە لە توانای گەلێ کەس دا هەیە چی داوا بکرێ بلێن بە سەر چا ئەمەش لە شانی ئەم بووکە دا بوو با بڵێن هەموو شتی جێ بەجێ بیوو، بووك و زاوا ماوەیەك کەوتنە ناو هەنگوینەوە وەکو ئەڵێن لەگەرانەوە بو هیلانەی عیشق و سوز تەپ و تۆزی ڕیگاویان دەم و چاوی پر کردن لە خۆڵ و زیخیش لە جیاتی هەنگوین لەبن دانیانا بوو.

خوشەویستی‌و عیشق، سوزو وەفاداری لە ژیانی هەمو بووك و زاوەیەکدا بەم شیوەیە نەبێ ئەی چۆن ئەبێ؟

با بڕوێن بۆ ماوەی چەند مانگیك...

داری عیشق واخەریکە زەرد هەڵئەگەڕێ نەبابوو نەباران نە روناکی‌و نەزەمین، بەلکو هەستێکی هەزرەکاری دەستی پیوە نان بەرەو عیشق و فداکاری بێ ئەوەی بیر لە هیچی کە بکەنەوە چونکە ئەوی پیویست بوو بو زروڤی ئەو دوو جوانە ئامادە بوو بە ریکەونیش هیچ شتی ڕێی لێ نەگرتن.

بەڵام سەرئەنجام بۆچی ئەو درەختە بەرزو شینە ئەو درەختە تەروو تازەیە وا زەرد هەڵگەڕاو خەریکە ووشك ئەبێ؟!

یەکێ لەو هۆیانەی ئەوەیەکە کومەڵگای ئیمە دان بە مافی سروشتی‌دا نانی ئەویش کەمافی هەر دوو لایە چ ژن بێ چ پیاو، ئەمە هۆیەکی..

هۆی دووەم ئەوەیە کە ئەگەر پیاو توانیبە ئاشکرا داوای مافی راستەقینەی سروشتی مروڤی کرد ئەوا بەهیچ جۆری ئافرەت ئەو هەڤەی نادرێتێ.

بێینەوە سەر مەسەلە نەفسیەکەی هەردوو لا لە کاتیکا کە پیاو جۆرە ناکامیەك بە خۆیەوە ئەبینێ نایەوێ بە هیچ بارێك بکەوێتە ژێری‌و دانی پیدا بنێ خۆ ئەگەر یەکێك لەنزیك ترین براو کەسی ئەوراستیەی بۆ روون بکاتەوەو خۆی پیشانی پزیشك بدا ئەوا گوناهێکی گەورەی لێ کردوە ئیتر بیرای بیر ئەو خزمەی لەبەرچاو ئەکەوی‌و نایدوینی، ئەمە بەنیسبەت پیاوەکەوە.

بەڵام بە نیسبەت ئافرەتەکەوە با بڵێین هەتا ماوەیەك لە لای هیچ کەسێ ئەو مەسەلەیە باس ناکات و ئەگەر هات و لای نزیك ترین کەس ئەمەی درکاند خۆ ئەبێ هەر لە نهینی دا بێ‌و هیچ جۆرێ کەس پێ نەزانی ئەمەیان باشە راستە ئەبێ ئافرەت هدێ شتی نهینی تایبەتی خۆی بپاریزی‌و بڵاوی نەکاتەوە بەڵکو چارە سەری بو ئەدۆزرێتەوە، بەڵام ئەگەر هات و مێردەکەی پێی زانی کەوا لای هەرکەسی باسی کردوە ئەوا ئاگر لە هیلانەی خۆش کراویان بەر ئەبێ‌و ماڵیان لێ ئەشێوی.

ئەم جارەیان: ئافرەتەکە ئەڵێ: من نەباسم کردوە لای کەس نەهیچ داوا کاریەکم لەمیردەکەم هەیە بەڵکو بەهەموو شتی ڕازیم چونکە خۆشم ئەوێ‌و لەبەر ئەوە نامەوێ دڵی بشکێنم، بەڵام لە بەرچی کەوا دێتە سەر حاڵیك نازانی چی بکات بەڵکو ئەکەویتە گیانم و لێم ئەدا بە شەق و بە چنگ و بە چرنوك تابتوانی ئازارم ئەداو ئنجا بەپیچەوانە پەشیمان ئەبێتەوە ئەکەویتە پارانەوە تکا کردن لێی ببورم دەست وێیم ماچ ئەکات ئەڵێ:

لە خۆشەویستیت وات لێ ئەکەم،

ئنجا ئایا ئەم حاڵەتە لەفەرهەنگی خۆشەویستی‌دا چی پێ ئەڵێن؟!

پسپۆرەکانی سایکۆلۆژی ئەڵێن ئەمە هۆی نەخۆشیەکی نەفسی‌یە کە یا لە منالیدا تووشی بووە یا خود لە هەرزەکاریدا بوو بەهۆی ئەم رەفتارەی ئیستا لەگەڵ ژنەکەیدا ئەیکات.

بە کورتی ئەڵێن: ئایا ئەم ئافرەتە مافی ئەوەی هەیە داوای جیا بوونەوە بکات. ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە ئایا ئەم داوا کاریە لەکۆمەڵگادا چۆن تەفسیر ئەکرێ!

ئەم ئافرەتە بێ شەرمە چۆن داوای جیا بوونەوە ئەکات لە سەر مەسەلەیەکی وا.. ئەبێ چەند بێ ئابروێ!.

یاخود مافی ئەوەی ئەدەنێ کە ئەم پیاوە ئەکەوێتە گیانی ووك پڵنك تێی بەر ئەبێ بەلیدان و شەق ئەگاتە حاڵی مردن و پاش ئەوە بە پیچەوانە ئەکەویتە پارانەوەو لاڵانەوە. ئەم جۆرە حالەتە ئاهەموارە بەس نیە بۆ ئەوەی داوای جیابوونەوە بکات؟

چونکە ئافرەتەکە ئەڵێ من خۆشم ئەوێ‌و بەهەموکەم و کووریکی سروشتی ئەم پیاوە رازیم لەبەر ئەو هۆیە نیە کە داوای جیا بوونەوە ئەکەم.

بەڵام پیاوەکە ئەڵێ چونکە ئەم ئافرەتە ناوی منی زراندوە منی لەکەدار کردوە لەبەر ئەوە ئەڵاقی نادەم ئەمەوێ سزای بدەم.

ئایا ئەگەر ئەم پیاوە بۆ خۆی نەخۆشیەکەی چارە سەر بکات و ببێتە پیاویکی ئاسایی‌و ژیانێکی کامەران لە گەڵ خیزانەکەی بباتە سەر باشترینە لەم گرێ‌و گۆڵەی کە بە دەستی خۆی ئاڵۆزتری ئەکات عەیب لەوەدانیە راستەو راست خۆی‌و ژنەکەی ڕووبە رووی یەك بە ئاشکرا مەسەلەکەیان لە ریگای پزیشکەوە چارە سەربکەن، بەڵکو ئەوە نارەوایە لە ریگای دادگاوە کوتایی بەمەسەلەکە بینن..

ئەی ئیوە ئەڵین چی.؟

سێ ئافرەت لە ژیانی ڤان کوخ دا

زینب حسین

فنست فان کوخ، هونەرمەندێکی جیهانی بەناوبانگە خەڵکی هۆڵەندەیە، لە سالی ۱۸۵۳ لە دایك بووە. ژیانێکی ناخۆشی بردوەتە سەر، لە نەخۆشی‌و هەژاری‌و کەم دەسی.

لە خۆشەویستی‌و دڵدا ریا دواکەوتووە، ئەم دواکەوتنەشە بووە گەورەترین هاندەر بۆ پەرەپێدانی‌و داهێنانی لە مەیدانی وێنەکێشان دا.

کە ئەمەش ئەتوانین بیکەینە بەڵگە یان نموونە، کە هەموو مروڤێك ئەگەر هاتوو لە مەیدانێك لە ژیان دا دواکەوت، هەمیشە هەوڵی ئەوە ئەدات لە قۆناغێکی تردا سەربکەوێت.

فان کوخ، مروڤێکی بە سۆز بووە، بەڵام لە دڵداری‌کردنە بەدبەخت بووە.

ئەو ئافرەتانەی کە لەگەڵ فان کوخ ڕێك کەوتن ئەمانەن ئەرسولا ـ کچە تاقانەی خێزانی لومیرە، کە فان کوخ ژووریکی لە لایان بەکرێ گرتبوو.

ئەرسولا کچی نۆزدە ساڵان بووە، جوان و باڵا بەرزو رەنگین بووە، ئەرسولا وای کرد لەم هونەرمەندە هەژارە دیوانەی ببێت و شیت و شەیدای ئەرسولا بێت فان کوخ یش کوڕی بیست و یەك ساڵە بووە.

تێکەڵاوی خەڵکی نەدەکرد، بەڵام ئەم ئافرەتە هارە توانی بە هەر حاڵێك بێت ژیانی ئەم هونەرمەندە بگۆڕێت و وای لێهات تێکەڵی خەڵکی بکات و ژیانی ڕۆژانەی خۆی بداتە سەرو ئاواتی ئەوەی هەبوو کە تا سەر لەگەڵ ئەرسولا ژیانی بباتە سەر بەبێ ناخۆشی، بەڵام ئەم ئاواتە نەهاتە دی.

چونکە ئەرسولا شووی کردە پیاویکی دەوڵەمەند بە ئارەزووی باوکی‌و، ئەم رووداوە وای کرد لە ژیانی ئەم هونەرمەندە، سەر لەنوێ تووشی گرێ دەروونی ببێت و لەندەنی بەجێ‌هێشت و چووە هۆڵەندە لەناو دارو درەخت و سەوزایی دەژیاو دەستی کردە وێنەکێشانی ئەو سروشتە جوانەو بە ئاواتی ئەوەی ئەرسولا لەبیر بکات کە شەوو ڕۆژە لە خەیاڵی بوو.

کای ـ بێ‌وەژن بوو منداڵێکی دوو ساڵانەی هەبوو کای‌یش ئافرەتێکی جوان و زۆر بە سۆز بوو، لەگەڵ کوخا کە توانی ڕێ‌ڕەوی ژیانی بگۆڕێت و هەموو دەم لە گەڵیا بە ناودارو درەخت دا پیاسەیان دەکرد ئەمەش بووە جێی‌نشینی دۆستی پێشووی کە هاندەرێك بوو بۆ ئەوەی بتوانێ بەبێ خەیاڵ و ئەندیشە رەسمی وێنەکانی بکات. بەڵام کە کوخ داوی کرد بۆ ئەوەی ببێتە خێزانی دوا ڕۆژی، کای قانا نەبوو بەو شووکردنە.

سەر لەنوێ ئەم کارەساتە کاری لە هێزوو ئەندیشەو دەروونی کرد.

● کریستین ـ ئافرەتێکی لە تەمەنە مام ناوەندی‌یە هونەرمەندێکی بە ناو نانگ بووە، لە نزیك رووبارێك یەکتریان ناسیەوە، هەر وەکو ئەوانەی پێشوو خۆشەویستی‌ی لەگەڵ کردووە، بەڵام ئەم جارە خێزانی کوخ (باوك ودایکی) قایل نەبوو کە ئەم ئافرەتە بهێنێت، ئیتر تێکرا ئەمە وای کرد لە فان کوخ ئەم ژیانە بەجێ‌بهێڵێت و بچێتە ژیانێکی تر، چونکە هەر وەکو خۆی ئەڵێت. ئەم جۆرە ژیانە بۆ من دروست نەکراوە تەنیا بۆ وێنەکێشان و داهێنەری تابلۆ. نەبێت.

پاش ئەم هەموو کارەسات و دەردەسەریە کە لە خۆشەویستی‌و سۆزی راستەقینە بێ‌بەش بووو ئەو هەموو هەژاری‌و ناخۆشی ژیانە وای لێکرد کە تووشی نەخۆشی دەمار ببێت و لە نەخۆشخانە بکەوێت و داوای لە پزیشکەکان کرد لە کاتی بێ‌ئیشو ،دا وێنە بکێشێت.

فان کوخ ژیانێکی سەختی بردە سەر لە نەخۆشی، هەژاری، دەربەدەری، هەتا جارێك پێنج ڕۆژ بێ ئاوو خواردن ماوەو جاریکی تریش گوێی خۆی داوەتە کچێك لە جیاتی قەرز ئەمە بوو ژیانی ئەم هونەرمەندە بە ناوبانگە کە ئیستاش هەر تابلۆیەك لە تابلۆکەکانی بە چەندین ملیون دولار دەفرۆشرێت سەرچاوەکان.

١ ـ فنسنت کوخ ـ بحث تطبيقي في تفسير انماط السلوك البشرى ـ جاسم كريم حبيب بغداد ١٩٨٣.

٢ ـ مجله العربي الكويتية ـ ژمارە ٢٠٤ تشرینی دووەم ١٩٧٥.

ئامۆژگاری تەندروستی بۆ ئافرەتانی سك پڕ...

جلال صديق صالح

خوشکە ئازیزەکانم، لەم باسەدا بە پێویستی دەزانم کە چەند ئامۆژگاریەکی تەندروستی گرنگتان پێ ڕابگەیەنم و، ڕاهێنانی لە لایەن ئیوەی بەریزیشوە، ئەرکێکی سەر شانە. چونکە وەکو پاڵپشتێکە بۆ سەلامەتی ئیوەو کوڕپەڵەکانی ناو سکتان، بەڵێ ئەو کوڕپەڵەیەی کە بۆ ماوەی (٤٠) هەفتە لە منداڵ دان دا ژیان بە سەر دەبات گرنگترین ئامۆژگاریەکانیش وەکو خوارەوەن:

١ ـ هەر کاتێك جۆری بۆ لای پزیشك ئەگەر سکت هەبوو پێی ڕابگەیەنە، بەڵام بە داخەوە هەندێك لە خوشکان لایان شورەیی‌و شەرمە ئەو جۆرە کارە. جا هەر کاتێك سوورى مانگانە (بێ نوێژی) نەما، واتە سەرەتای سك پڕ بوونە.

٢ ـ بەکار نەهێنانی دەرمان پێویستە لە سەر ئافرەتی سك پر دەرمان بەکار نەهێنێ تەنها لە ژێر چاودێری پزیشکی تایبەتی‌یەوە نەبێت، بەڵام هەندێك لە خوشکان ئەو ڕاستی‌یەیان پێ شێل کردووە، بە شێوەیەکی ڕەمەکی دەرمان بەکار دەهێنن، وەکو هەندێك جار سەری ژان دەکات دەچێت سێ چوار دەنکە حەب لە دوکاندارێك دەکڕێت و بۆ ماوەیەکی کەم هەمووی کۆتایی پێ دەهێنێت، جا کێ دەڵێت ئەو حەبە یا دەرمانە هی (٦) ساڵ لەوە لە پێش نی‌یە؟، یاخود بۆ جۆری سەر ئێشەکەی ئەو هەر بەکارنایەت، بەکارهێنانی دەرمان زیانەکی ڕاستەوخۆو کاریگەر دەبەخشێت بۆ کوڕپەڵە، جا وەکو باسیان کرد هەرگیز نابێت ئافرەتی سك پڕ لە ژێر چاودێری خۆی بەکاری بهێنێ..

٣ ـ هەندێك جار ئافرەتی سك پر، تووشی پشت ئێشە دەبێت، جا ئەوە کرداریکی ئاسایی‌یە، دەتوانرێت چارە بکرێت لە ریگای نووستن لە سەر پشت، بەڵام هەندێك لە خوشکان لە سەر سك یا تەنیشت پاڵ دەکەون بە مەبەستی ڕزگار بوون لە پشت ئێشەکە، بێ گومان ئەوە کاریکی هەڵە، جا باشترین چارە نووستن لە سەر پشتە.

٤ ـ دوور کەوتنەوە لە تەمبەڵی‌و پاڵدانەوە.

٥ ـ نەگرتنی تیشکی (×) لە لایەن ئافرەتی سك پرەوە کرداریکی پەسندە، چونکە تیشکی (×) ڕاستەوخۆ ماکو گیروگرفت بۆ کوڕپەڵەکە پەیدا دەکات.

٦ ـ وەرزش و ڕاهێنانی تایبەتی پێویستە بۆ ئافرەتی سك پر بە تایبەتی لە سەرەتاو نیوەی کاتی سك پربوون چونکە سووڕانی خوێنت زیاد دەکات و خۆراك و ئۆکسجینی پێویست بۆ کوڕپەڵە دەڕوات لە ڕیگای خوێنەوە.

٧ ـ دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان خوشکی ژیرم باش بزانە هەر کاتێك تۆ جگەرەکەت دادەگیرسێنی لەگەڵ هەڵمژینی قومی یەکەمت، کوڕپەڵەکەت ئەگەر توانای هەبووایە هاواری دەکرد لە دەستت، چونکە لەم حالەتە دوژمنایەتی لەگەڵ دەکەیت نەك بە خێوکردن، لەبەر کەم بوونی ئۆکسجینی لەوانە بمرێت بە خنکان.

٨ ـ نەخواردنی مادەی ئەلکهولی، چونکە مەترسی هەیە بۆ سەر کۆئەندامی دەمار.

٩ ـ خۆ دوورکردنەوە لە دوو دڵی‌و خەمۆکی.

١٠ ـ بلند نەکردنی شتی زۆر قورس.

١١ ـ لەبەر نەکردنی جل و بەرگی تەسك و لە پێ نەکردنی پێلاوی بن بلند.

١٢ ـ ژەمەکانی خواردن دەبێت پێك هاتبێت لە کاربۆهێدرات، چەوری‌و، پرۆتین، ڤیتامینەکان و خوێکانزاکان. چونکە خۆراکی باش هێزو تەندروستێیکی باش دەبەخشێت بە کوڕپەڵە.

١٣ ـ خۆ دوورخستنەوە لە بەهارات، سوێری‌وترشی.

١٤ ـ پێویستە ئافرەتی سك پر زوو زوو سەر لە نەخۆشخانەی تایبەت بدات بۆ ئەوەی پزیشك بیشکنێ بزانێت تەندروستی ئافرەت و کوڕپەڵەکە چۆنە.

جا خوشکی بەریز لە کۆتایی‌دا دەڵێین جێ‌بەجێ کردنی ئەو خالانەی باسیان لێوە کرد لە لایەن تۆوە کارەمایی‌و هۆشمەندی‌و زیرەکی تۆ دەسەلمێنێ، خۆت لە مەترسی دوور دەخەیتەوەو خەلاتێك پێشکەش بە کوڕپەڵەکەت دەکەیت ئەویش تەندروستی‌و سەرفرازی‌یە.

کەسایەتی منداڵ لە پەروەردەی نوێ‌دا

عومەر مەرگەیی

ئینجا بو ئەوەی زیاتر باسەکە ڕوون بێتەوە، هەوڵ دەدەین وەسفێکی پێناسەیی بروا خۆبوون [الثقة بالنفس]: واتە هەست کردن بە توانای مل ملانێ کردنی کێشەکانی سروشت و دەورو بەرو خودوزینەوەی لە کاروانی مروڤایەتی‌دا، وەپشت ئەستوور بە وشیاری‌و هەڵوێست و ڕەوتە مروڤایەتی‌یەکەی‌و نەترس بەرامبەر بە ڕەخنەو ڕەخنە لە خوگرتن و نوچدان و ڕاست کردنەوەی ناتەواوی‌یەکان لە پرۆسەی پەروەردەی نوێ‌دا، بۆ ناشتنی بروابەخۆیی لە منداڵ دا ئەبێ ئەو خالانە ڕەچاوکرێن کە یارمەتی‌دەری پێگەیاندن و گەشەپێدانی ئەو چروزەیەیە کە لە ئەنجامی پرۆسیسەکەدا دەردەچێت.

کەواتە دەبێ لە پێناوی دارشتنی کەسایەتی منداڵ دا، خاڵەکان بەم شێوەیە دابەش بکەین:

١ ـ پاراستنی لە ڕەخنەی توندوتیژ: کە دەبینێ منداڵەکە شتێکی شکاندووە، یەکسەر بەتوندی لێی تووڕە دەبێ و ڕەخنە لەو کارەی دەکرێ کە کردوویەتی.

لە کاتێکدا زۆر لە زانایانی سایکۆلۆژی ئەوەیان سەلماندووە کە منداڵ لە سەرەتادا تاسەی شکاندنی بەر دەستێتی بۆ ئەوەی بزانێ نهێنی یەکەمی چی‌یە؟ بۆ دروست کراوە؟ چۆن دروست کراوە؟.. هتد.

لەم حاڵەتەدا دەتوانرێ بەنەرم و نیانی‌و لەسەر خۆ تێگەیەنرێ ئەمە کاریکی باش نی‌یە. دەتوانرێ هەر بەم بایەخ پێدانی کەسانی ماڵەکە، وا لە منداڵەکە بکرێت کە هەست بکات گرنگی پێدەدرێ‌و خۆشەویستە لە ماڵ دا. بە مەبارەمتی منداڵەکە دەدرێ لە پێگەیاندنی تاسەو حەزو ووشیار کردنەوەو ڕاهێنانی بۆ کاری باش.

٢ ـ جیاوازی نەکردن لە نێوان منداڵان دا: لێکۆڵینەوە زانستی‌یە دەروونی‌یەکان ئەوەیان سەلماند کە جیاوازی کردن لە نێوان دوو منداڵ دا، دەبێتە هۆی پەستی‌و بروابەخۆ نەبوون و تووڕەیی... هتد لەو منداڵەی کە هەست بە خۆشەویستی کەمتر دەکا لەوی تریان لەلای باوانی.

٣ ـ ڕێکخستنی منداڵ: پاك ڕاگرتن و پۆشتەیی جل و بەرگ و دابین کردنی پێویستی‌یەکانی، منداڵەکە وا لێدەکات بروای بەخۆی هەبێ‌و هەست بکا کە خۆ شەویستی‌و سۆزی بۆ دانراوەو دەبێ وانەکا ئەم خۆشەویستی‌یە لە دەستی بدات.

٤ ـ دوور خستنەوە لەو هۆیانەی دەبنەهۆی ترس و بێزاری: زۆر هۆ هەن دەبنە هۆی ترسان و بێزاری منداڵ لەوانە (خێو، دیۆو درنج، شەولەبان... هتد) واە منداڵ دەگەیەنرێ کە ئەمانە هەن و زەرەر بە منداڵ دەگەیەنن و دەیان خۆن. کەنابێ بە هیچ جۆرێك منداڵ بەم ترسانە گوش بکرێ، چونکە زیانی داهاتووی دەبێ‌و هەموو کاتێ خۆی بە لاواز دەزانێ بەرامبەر هەموو ئەو نهێنی یانەی لێان دەترسێ، تاوای لێدێ بۆ بچووك ترین نهێنی ناتوانێ پشت بە خۆی ببەستێ.

٥ ـ خۆسەپاندن بەسەر منداڵ دا وەل کەچ کردنی بۆ داب و نەریتی کۆن و پێچانەوەی خواستی گەوران لە کە لکەڵەی منداڵ دا

ئەمە یەکێکە لە خاڵە مەترسی‌دارەکان و نابێ بە هیچ شێوەیەك منداڵ بە خواستی کەسانی تر قورمیش بکرێ‌و بە پێی ئەو گەلاڵە ڕێژی‌یە بجوڵێتەوە چونکە لێرەدا منداڵەکە بچووکترین هیوای بەتوانستی خۆی نامێنێ‌و ئیعتیمادی سەرەکی دەخاتە سەر گەورەکان، تاوای لێدێت بۆ هیچ کارێ پشت بە خۆی نابەستێ‌و لەوانەیە لەدواڕۆژدا بێ بە دز!! چونکە ناتوانێ پشت بە توانست و ڕەنجی خۆی ببەستێ، ووك مشەخۆرێ لەسەر حسابی ئەرکی کەسانی تر ئەبێ بژیا.

بۆیە باشترین شت ئەوەیە کە ڕێگای منداڵەکە بدرێ بۆ هەڵبژاردن و جێ‌بەجێ کردنی ئەو کارەی مەبەستیەتی‌و سەربەستی لێ داگیر نەکرێ. یارمەتی دانی منداڵەکە لە بەجێ گەیاندنی کارەکەی‌دا وای لێدەکا هەست بە توانستی خۆی بکاو لە زۆر بەی کات دا پشت بە خۆی ببەستێ.

بەشی دووەم

سەرچاوەکان:

١ ـ مقدمة في فلسفة التربية ـ د. محمد لبيب النجيحى ـ دار النهضة العربية للطباعة والنشر ـ بيروت الطبعة الثالثة ـ ١٩٨١

٢ ـ العربي ـ عدد ٢٧٣ ـ اغسطس ١٩٨١

٣ ـ المعلم الجديد ـ عدد الاول والثانى ١٩٨٤

٤ ـ مبادىء علم النفس ـ تأليف لجنة من وزارة التربية ـ للصف الاول ـ دور المعلمين ـ ط ٢ ـ ١٩٨١

Institut Kurde de Paris

سیزان باوکی هونەری تازەیە

نووسینی: محمد سالەیی

پۆل سیزان یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کەوا ڕۆڵی کاریگەریان لە ژیانی هونەریو فیکری سەردەمەکەی خۆیدا گێڕاوەو لەپاش خۆیشیان ئیستگەو هەوێنی گۆڕانکاریو پەیامی هونەروەران بوون.

سیزان لە ساڵی ١٨٣٩ی زایین دا لەشاری (ئیکس ئیزۆ فانز) فەرەنسا هاتووەتە سەر شانۆی ژیان، ئەم شارە دەکەوێتەسەر سنووری وولاتی ئیتالیا. باوکی سیزان پیاویکی دەست ڕۆیی و پارەدار بووە، سەروکایەتی یەکێك لە بانقەکانی شارەکەی خۆی دەکرد. دایکیشی ئافرەتێکی ژیری هێمن بووە. شایانی باسە لە خێزانەکەیان دا بە هیچ شێوەیەك هەوەسی هونەری بەدی نەدەکرا، تەنیا بۆ یەکەم جار لە پۆڵ سیزان دا سەری هەڵداوە.

پۆل لەپاش تەواوکردنی قۆناخی ئامادەیی چووەتە کۆلێژی یاسا، بەڵام نەیتوانی بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەری بەردەوام بێت هەر بۆیەش زۆری نەبرد لەو خوێندنە تەوەلا بوو و لە ساڵی ١٨٦٠دا گەڕایەوە شارەکەی خۆیان و دەستی دایە خوێندن و دیراسەکردنی شیعرو مۆسیقاو وێنەکێشان. پاشان لە پێناوی وەرگرتنی چەند وانەیەکی سەرەتایی لە هونەری شێوەکار خۆی گەیاندە «ئەکادیمیای سویسری»، بۆ ئەو مەبەستە چووە شاری پاریس و لەوێ لەگەڵ نووسەری ناسراو «ئەمیل زۆلا»دا هاوەڵی پەیدا کرد، بەڵام لە ئەنجام دا لەسەر بیرو باوەڕی هونەری لێك جودا بوونەوەو دژایەتی یەکتریان دەکرد.

ئەم سەردەمەی ژیانی پۆل زۆر ڕاڕاو نەسرەوت بوو، هەوڵی بێ‌ووچانی ئەوە بوو کەوا گەشە بە بەهرەکەی بدات و وەکوو قوتابیەك لە قوتابخانەی هونەرە جوانەکان دا وەربگیرێت، چونکە ئەو قوتابخانەیە گەورەترین دەزگای هونەری بوو زۆربەی کەڵە هونەرمەندانی فەرەنسایش لە دەرچوانی ئەوێ بوون.

بەڵام مخابن بۆ دوو جار ویستەکەی سیزان ڕەت کرایەوەو قبووڵ نەکرا. سەرباری ئەوەش (پۆل)ی خوێن گەرم هەر سارد نەبووەوەو چۆکی دانەداو بریاری‌دا خەتەکەی خۆی بەرنەدات تا دەبێت بە یەکێك لەمەزنترین هونەرمەندانی وولاتەکەی... بەو جۆرە دەستی‌دایە کارکردن و هەموو ڕەخنەو قسەڵۆکی خەڵکی دایە پشت گوێ چونکە هەر بەسیفەت مەنگ و کەللەڕەق بوو. ئەمیل زۆلا دەربارەی سیزان ووتوویەتی: ئەگەر بتەوێت پۆل لە ڕایەکی بهێنیتە خوارەوە، وەکوو ئەوە وایە چیایەك لوتکەکەی بۆ زەوی دانەوێت...!!

بەڵێ زۆلا لە پێناسەکەی‌دا ڕاستی ووتووە چونکە سیزان لە پاشان دا وەکوو باوك و پێشەواوی هونەری نوێ خۆی بە خەڵکی ناساند.

لە وێنە سەرەتایی‌یەکانی‌دا زیاتر بە هونەری ڕیالیزم بە تایبەتی کارەکانی کۆربێ سەرسام بوو هەر لەژێر کاریگەری ئەویش دا کاری دەکرد. لە وێنەکانی ئەم قۆناخەی‌دا ڕەنگی ڕەش و توخ بەسەریان دا زاڵەو بۆنی هونەری تازەیان لێ‌نایەت. هەروەها ئەم تابلۆیانەی سیزان ڕێیەکی سەربەخۆو ڕێبازێکی تایبەتیان نەگرتووەتە بەر، جار جار ڕۆمانتیکیانەو ناو بەناو ڕیالیزمیانەو هەندێك بابەتی تریش کلاسیکیانەن لە جۆری کارکردن و بۆیە دانان دا تەنانەت لەلایەن ڕەخنەگرانیشەوە، ئەم قۆناخە سەرەتایی‌یەی پۆل فراموش دەکەن و بەشێکی بێ‌بایەخ و ناشرینی دادەنێن، هەر بۆیەش کەمتر تیشکی دەخەنە سەر.

هونەرمەند سیزان لە ساڵی ١٨٦٣دا هاوڕێیەتی لەگەڵ وێنەکێشی ناسراو (کامی بیسارۆ) پەیداکرد، کەوا بە چەند ساڵێك لە خۆی بەتەمەنتر بوو تاوەکوو مردن لێکی جوداکردنەوە هەر پێکەوە بوون...

هونەرەکەی سیزان بەوە جودا دەکرێتەوە کەوا لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و سات دا نەش و نمای دەکردو گۆڕان و نوێی دەگرتە خۆی، هەر ئەو هۆیەشە کاریگەری لەسەر ڕەوتی هونەری تازە گەلێك زۆر ترە لەچاو کاریگەری هاوڕێکانیەوە. بێ‌ووچان قەڵەم و پەڕەمووچەی هەڵدەسووڕان تا ئەو ڕۆژەی مەرگ کەوا ڕێکەوتی ساڵی (١٩٠٦)ی زایین دەکات مۆمی ژیانی کوژاندەوە!

هەروەکوو پێشووتر باسمان کرد، تابلۆکانی هونەرمەند سیزان لەگەڵ زیادبوونی تەمەنی‌دا بەهرەیان تێ‌دا لەزیاد بوون دا بووەو سیفات و سیمای نوێیان تیا دروست بووە. کەواتە وەکوو پێویستیەك بۆیە لە شێوەی جوارگۆشەو لاکێشەدان. ئەمە ئەو خاڵە بوو کەوا پیکاسۆو براك ی هان دا بۆ دامەزراندنی قوتابخانەی شەش پاڵوویی «کۆبیزم».

لەم قۆناخەدا کە قۆناخی دانانە لە ڕووی بابەتەوە خۆی لەقەرەی زۆربەی قوتابخانە هونەری‌یەکان داوە، وەکوو باروك و کلاسیزم و ڕووکۆکۆو کارتێکراوی، بەڵام تێکرا هەموو ئەم ڕێبازانەی لەیەك کاردا دەخستە کارو وێنەیەکی ئاوێتەی پێ بە ئەنجام دەگەیاندن.

تابلۆی (چیای سانت ڤیکتوار)، (قومار کەرەکان) لە جوانارین تابلۆکانی ئەم قۆناخەن.

چوارەم - قۆناخی سترانی (١٨٩٦ - ١٩٠٦).

ئەمە دواقۆناخی ژیانی خۆیو وێنەکانیەتی، تابلۆکانی نێوان ئەم دە ساڵە لە جوانیو تازەگەریەتی‌دا بێ‌هاوتان. هاوسەنگیەتیەکی وەها لە نێوان ڕەنگ و بابەت دا بەدی دەکرێت کەوا هەر دەڵێی گۆرانی دەڵێن (هەر لەبەر ئەوەشە ئەو ناوەی لێ‌نراوە). ڕەنگەکانی لێرەدا گەلێك تیرو تێژن، بەڕادەیەکی ئەوتۆ کە ڕێ‌خۆشکەر بوون بۆ سەرهەڵدانی (فۆفیزم) کەوا عاشق و سەوداسەری ڕەنگی تیژو گەرمن.

هونەرمەند سیزان نەك هەر بروای بەرووبەروو درێژی‌و پانی هەبوو، بگرە دەی‌ویست قوڵیش بەم کارانەی بدات و ڕۆڵی هەواو شێو دووریش بەدەرخات. ئەوەتا خۆی دەڵێت:

«بە نیسبەت ئێمەوە سروشت زیاتر لە قووڵی‌دایە نەك لە ڕووبەردا، هەر لەم ڕووەشەوە پێویستە ڕوو لە تیشکی خۆر بکەین، کەوا لە سوورو زەردا خۆی دەنوێنێت و، شینی کاڵیش هەوامان پێ شوناسە دەکات.

تابلۆی (ئافرەتە خۆشوورەکان) بە زەقی ئەم شتانەی تیا بەرجەستە کراوە.

لە وێنەکانی ئەم سەردەمەی، «کۆشکی ڕەش»، «گۆمی ئەنیسی»، «ئێمبرواز فۆلار»، ... هەتا دوایی.

لە ڕاستی‌دا بەرهەمەکانی پۆل سیزان خاوەن تایبەتمەندیەکی بێ‌شوومارن و کاریگەری مەزنیان هەبوو لەسەر ژیانی هونەری پاش خۆیو زۆربەی وێنەکێشەکانی تازە خۆیان بە قوتابی‌و قەرزاری ئەو دەزانن... کەواتە بە هەق شایستەی ئەوەیە وەکوو مامۆستای هونەری نوێ تەماشا بکرێت.. لە کۆتایی‌دا هەر ئەوەندە دەڵێم کە هونەرمەند پۆل سیزان ئەوەندەی بەسە کەوا مۆزەخانەکان پێش بڕکێ دەکەن لە کڕینی تابلۆکانی بەنرخ و بەهای خەیاڵ.

سەرچاوەکان: -

١ - گۆڤاری الاقلام ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٧٣.

٢ - C'ezanne Landscapes By: Johen Rewald

ناوی سیزان زۆرتر بیە وێنەکێشانی ژیانی کپەوە بەندە، چونکە دەیان تابلۆی خوان و مێوەو سەبەتە هەرمێ‌ی کێشاوەو هیچ یەکێکیش لە هاوڕێکانی ناگەنە ڕادەی ئەو لەو بوارەدا، چ لە ڕووی چۆنیەتی‌یەوەو چ لەڕووی چەندایەتی‌یەوە شایانی باسە لەلایەن ئەم بابەتانەوە سوودی لە (شاردان)ی وێنەکێش وەرگرتوە، بەڵام بەشێوەی تێڕوانینی خۆی دای‌ڕشتوون!

«کاندنسکی»

ڕابەری تازەگەریە لە هونەری تەشکیلی‌دا

ئامادەی کردنی
ئیسماعیل
بەرزنجی

جوولانەوەی هونەری جیهانی لە سەدەی بیستەم دا جۆرە نوێبوونەوەو ڕاچەنینێکی بەخۆیەوە بینیوە کە توانیویەتی کاروانی ئەو هونەرە خۆشڕوتر بکاو ئەم جوولانەوەیەش زیاتر سیماو ڕوخساری وەدیار بخات.

ڕێبازی «ئیمپریشینیزم - الأنطباعية» لە هونەردا یەکێك بووە لەو ڕێبازانەی کە زیاتر گوڕو تینی داوە بە کاروانەکەو گەیاندوویەتیە چلەپۆپەی داهێنان.

هونەرمەندە ئیمپریشینیزمەکانی ئەڵمانیا لە شاری «دریسندن» بە سەروکایەتی «ئیرنست لۆدفیج» ساڵی ١٩٠٧ کۆمەڵەی - پرد - یان پێکهێنا، ئینجا - کاندنسکی - بە هاوکاری - فرانز مارك - ی هونەرمەندی ئەڵمانی کۆمەڵەی «سوارەی شین» یان دامەزراند.

«کاندنسکی» ساڵی ١٨٦٦ لە ڕوسیا هاتۆتە دونیاوە تا گەنج بوو هەر لەوێ ژیانی بردە سەر، کە جوامێریش بوو ڕەگەزنامەی ئەڵمانی وەرگرت و تا پیربوونی کە ڕەگەزنامەی فەرەنسی وەرگرت، وە دەبێت ئەوەش لەبیر نەکەین - کاندنسکی - دوای ئەوەی خوێندنی - ئابوری‌و یاساناسی - تەواو کرد ئینجا ڕووی لە هونەر کرد.

لە بواری ڕەسم کردن دا سەرەتا کەوتە دیراسە کردنی بەرهەمەکانی هونەرمەندی فەرەنسی - کلۆو مۆنێیە - لەم بارەیەوە وتوویەتی:

[لە ڕێگای تابلۆیەکانی - مۆنێیە - وە توانای هونەری تەشکیلیم وە دەست هێنا]، ئینجا کەوتە تێرامان لە بەرهەمەکانی هونەرمەندە ڕەمزی‌یەکانی ڕوسیا.

ئەگەر - گۆگان - ی هونەرمەند چەندان دەریای بڕیبێ‌و تا لە دواییدا لە دوورگەی - هایتی - گیرسابێتەوە، ئەوا - کاندنسکی - بەرەو جیهانی دەرەوە کۆچی نەکرد بەڵکو هەر لە جیهانە خودی‌یەکەی خۆیدا کەوتە هەڵێنجانی هونەرەکە، وە ئەوەی شایانی باسیشە ئەوەی کە - گۆگان - بە دوایدا وێڵ بوو هونەرمەندە ئیکسپریشینستەکان لە گوندەکانی ئەڵمانیا دوزیانەوە.

ساڵی ١٩١٠ بە هاوکاری - فرانز مارك - گۆڤارەی - سوارەی شین - یان دەرکرد.. ئامانجی سەرەکیان لە دەرکردنی ئەو گۆڤارە ئەوەبوو کە بیکەنە مینبەرێك بۆ پێشاندانی بیروباوەری نوێی هونەر ئەگەرچی یەك ژمارەشیان لێ دەرکرد.

سیانی ١٩١١ کۆمەڵەی - سوارەی شین - یەکەمین پێشانگایان کردەوەو چەندان تابلۆی وایان پیشان دا کە دەنێو لایەنە هونەری‌یەکان دا هەرایەکی گەورەی نایەوە چونکە ئەو کۆمەڵەیە بە ڕابەری - کاندنسکی - هەموو کاتێك بە دوای ئەوەدا دەگەڕان کە بەرهەمی‌وا بدەن بە دەستەوە شەقڵی تازەگەری پێوەبێت.

لە سەرەتای دەست پێکردنی یەکەمین جەنگی جیهانی - کاندنسکی - ئەڵمانیای جێهێشت وە ڕووی لە ڕووسیا کردەوە، ئینجا لە ساڵی ١٩٢٢ دووبارە گەڕایەوە ئەڵمانیاو چووە ڕیزی مامۆستاو هونەرمەندەکای قوتابخانەی - پاوهاوس - ئەو قوتابخانەیەی کە بایەخێکی یەگجار گەورەی بە هونەری تەشکیلی دەدا.

کاتێك - فاشیزم - لە ئەڵمانیا فەرمانڕەوایی گرتە دەست ناچار بوو ئەڵمانیا جێ بێڵێ ڕوو لە فەرەنسا بکات تا ساڵی ١٩٤٤ کە بۆ هەتا هەتایێ جیهانی ڕەنگ و فڵچەی جێهێشت و چاوەکانی لێك نا.

- کاندنسکی - یەکێك بوو لە ڕابەرانی هونەری تەشکیلی هاوچەرخ، بە درێژایی ژیانی بۆ یەك ئامانجی سەرەکی هەوڵی دەدا کە ئەویش تازەگەری بوو، جیهانی ئەو هونەرمەندە کۆمەڵە ڕژێمێکی ڕەنگدارێژی بوو کە بە سەر تابلۆیەکانەوە بە چەشنێکی زەخرەفیانە وەدیار دەکەوت وە ئەم ڕەنگدارێژە بەش تا ڕادەیەکی زۆر پشتی بە - فیزیکە بەکارهێنان - دەبەست جا هەر لە بۆشاییەکانەوە بگرە تا دەگاتە تۆپەڵە ئەندازەییەکان کە تیایان دا ناهەست دەوریکی باڵای دەگێڕا لە چارەسەر کردنی هاوسەنگی گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکان.

مرۆف بەڵای - کاندنسکی - یەوە نادیار بوو تا بووە کۆمەڵە هێڵێکی چەماوەو چەند پێتێکی بەیەکەوە نووساو، لێرەدا بۆمانت بەدیار دەکەوێت کە بەهای هەر کاریکی هونەری گەر بگاتە ئەوپەڕی داهێنانیش هەموو کاتێ بە هیواو ئومێدی سەردەمەکەوە بەندە وە نەشونما کردنی ئەم بەهایەش لە بنەڕەتەوە بە بینینە نوێ‌یەکەوە بەستراوەتەوە.

ئەو تێڕوانینە فەلسەفیانەی - کاندنسکی - بۆ هونەر زیاتر لە ئەنجامی قاڵبوونەوەی هونەرمەند بوو لە فەلسەفەی - کانت - کە دەڵێ:

«سەیرکردنی شتەکان یەگجار دوورە لە ڕاستەقینەی شتەکە خۆی».

بەمجۆرە - کاندنسکی - هەولیدا کە بینین لە ڕووکەشیەوە بترازێنێ‌و بچێتە نێو جەوهەری شتەکانەوە بۆیە جێ‌پەنجەی ئەو هونەرمەندە بەسەر هونەری تەشکیلی‌یەوە دیارە بە تایبەتی لە بوارەکانی تەشکیلی‌و پراکتیکی‌دا، بەهایەکی ئیستاتیکی وای بە هونەر بەخشی کە شان لە شانی - پیکاسۆ - بدات وە ئەو کارەی ئەو لە هونەری نوێ‌ی کرد هیچی کەمتر نی‌یە لە کارتێکردی ڕێبازگە هونەری‌یەکانی وەکو - کیوبیزم - و - سوریالیزم - واقیعی نوێ - بەڵکو دەتوانین بڵێین کە - کاندنسکی - ڕابەری تازەگەری‌یە لە هونەر تەشکیلی‌دا.

ئیمپریشینیزم = الأنطباعية
ئیکسپریشینیزم = التعبيرية
تازەگەری = الحداثة
فیزیکەبەکارهێنان = الأستعمال الفيزيائی
تۆپەڵە ئەندازەییەکان = الكتل الهندسية.
نامەست = لاشعور
پراکتیکی = تطبيقی
کیوبیزم = التكعيبية

سەرچاوەکان

١ - گۆڤاری - الافق ژمارە (١٠١) نیسانی ١٩٨٦
٢ - گۆڤاری - فنون - فنون عربية
٣ - ڕۆژنامەی - القادسية - ژمارە (١٨٦٢) ١٩٨٦/٦/٢٣



ئەکتەری شانۆیی:

ئەحلام عەرەب

تاقیکردنەوەیەکی تاکانەییم پێشکەش کردووەو لەبینەرانیشی دڵنیام

کچێکی لاوی چاو لە داهاتووی نوێخوازە، کوت وپڕان شانوی عیراقی پێشکەشی کردین، لەیەکەمین شانۆنامەدا بەناوی (دەرگا) لە نووسینی (شاعیر یوسف صایغ) سەرنجی هەمووانی ڕاکێشا بۆ ئەو نواندنە جوانە پڕ لە تواناو بەهرەیەی پیشانی دا.

چەندین شانۆنامەی بەزمانی ئینگلیزی نواندووە زۆربەیان هی شکسپیر بوون.

● سەرەتا لە کوێوە بوو؟

- لە ئامۆژگای هونەرە جوانەکانەوە کە لە ساڵی ١٩٧٣ دا تەواوم کردووەو لە ساڵی ١٩٧٩دا چووم بۆ ئینگلتەرە. هونەری دەرهێنان و نواندن و سەماو (پانتۆمایم)م خوێندو، لە چەند بوواریك دا بەشداریم کردووە بەتایبەتی هی شکسپیر، لە چەندین شانۆنامەیش دا بەشداریم کردووە لەوانەیش شانۆنامەی (گالیسکەیەك ناوی ئارەزوویە)و عەلائەدین و کلیلی ئەفسووناوی)و (وەك ئارەزووتە)ی شکسپیر سەرەڕای ئەوەی زۆربەی دیمەنەکانی شانۆنامەکانی شکسپیر م ئامادە کردووە نواندووەو هەردەم یەکێك لەسێ پلەکانی وەدەست دەهێنا.

●ئەی پاش ئەوەی بۆ بەغدا گەڕایتەوە؟

- ساڵی ١٩٨٦ بۆ بەغدا گەڕامەوەو پاش دوو یان سێ مانگ لە شانۆنامەی (دەرگا)دا بەشداریم کرد، خۆشبەخت بووم و هەڵێکی باش بوو بە قاسم محمدی دەرهێنەر گەیشتم.

پاش ماوەیەك شانۆنامەیەکم بەناوی (هەڵسانەوە) ئامادی‌کردو دەرهێناو نواند کە یەك ئەکتەری‌بوو. لە بنکەی یەکیەتی گشتی ئافرەتانی عیراق دا پێشکەشم کردو خەڵکی وڵاتانی دەرەوە لە عیراق دا بینیان و زۆریان بەدڵ بوو.

لە شەوی چیخۆفیش دا و لە شانۆنامەی (وورچ)و (خوازبینی)دا بەشداریم کرد کە ئیبراهیم جەلال دەری‌هێنان و تاقیکردنەوەیەکی باش بوو.

● ئەی سەربارەت بە تاقیکردنەوەی تاکانەیی‌و زمانی ئنگلیسی؟!

- تاقیکردنەوەی تاکانەییم پێشکەش کردووەو لە بینەران دڵنیام و کە بەزمانی ئنگلیسی دەورم دەنووانـد زۆریان هان دام و بەباشیان زانی. ناوەڕۆکی کارە شانۆییەکەیشم لە ڕێگای هیماو نیشانە ڕووناکی‌و دیکۆرەوە بەبینەران گەیاند، بە تایبەتی شانۆی شکسپیر لەلایەن بینەری عیراقەوە ناسراوە ئەم تاقیکردنەوەش بە تاقیکردنەوەیەکی گرنگ دەژمێرێت هیواخوازم بەردەوام بێت چونکە خزمەتگوزارییەکی ئەوتۆی ڕاگەیاندن بۆ عیراق پێشکەش دەکات، کە ئنگلتەرە بووم بەر لەناوی پیاو ناویان پێشکەش دەکردم.

● پرۆژەکانت؟

- ئێستایش چەندین پرۆژەی جوزبە جۆرم هەن بە بینەرانی پێشکەش دەکەم، ئاواتە خوازم جێگەی ڕەزامەندیان بێت و ئێستایش لە شانۆنامەی (دوو جمکەکە، دا ئیش دەکەم کە هی کۆمپانیای بەرهەمهێنانی سینەمایی‌و تەلەفزیۆنیی (بابل)ە.

● ذکریات محمد حسن ●

Institut Kurde Paris

وتەی - پاشماوە

هەر ڕژێمێکی وەك ڕژێمی ئاخـونـدەکـان، کە دژ بە گەل و خاك و بەرژەوەندیی نیشتمان و خەڵکی هەموو جیهان بێت و، دژ بە ڕەوایەتی و ماف و هەڵس وکەوتی مرۆڤانە بێت، ئەوا شایانی ئەوەیە بەرەو سەرنگوم بوون بچێت و بە دەستی خۆی خوێنی خۆی بڕێژێت و خۆی خودی خۆی لەناوببات. . ئەم ڕووداوەی کە ئێستا سەرانسـەری لایەنەکانی ئەو ڕژێمەی گرتووەتەوە، ئەوە دەگـەیەنێت کە بەرەو ڕووخـان و لەناوچوون دەچێت، بەڵگەی ئەوەیشە کە ڕژێمێکی سەر بە میللەت و گەل و خاك نییەو، ڕۆژی ڕەشی ڕژێمی واو کارڕانەکانی نزیك بووەتەوەو ڕۆژانی داهاتوویش ئەم بەڵگەیە دەسەلێنن.

● هاوکاری ●

هونەری - پاشماوە

صۆفیانـەی تێکـەڵ بوایەو، ڕەنگی شاعـریانـەی شاعـرەکە بەرگو سیمای خەڵکیو هۆڵەکەبوایە.

ئەوکـاتـە تێکڕاو جەمسەری کارەکە بە بینەرانەوە دەبەسترانەوە. وەهەر کاتێك لەم جۆرە کارانەمان گرتە ئەستۆ ناتوانین لە ئامێری سەرەتایی مۆسیقا دەست بەردارببین، لەبەر ئەوەی کەرەسەی سەرەکین بۆ چوونە دەرەوەی واقع و خوڵقاندنی بارە خەیاڵە ئەفسوناویەکە.

(ئاوێتە شاعریەکە)

ئەو توخمە سەرەکیانەی ئاوێتە شاعیریەکەی لەبۆچونی دەرهێنەردا پێك هێناوە، بریتین لە:

(ئـەکتـەر + مۆسیقـا + ڕونـاکی + دیکـۆر) کە بەهـۆی ئەم توخمە سەرەکیانـەوە هەستێکی تەواو ئەکـەین بە توانـاو بوونی لەشی ئەکتـەرە سەرەکیەکە لەو بۆشاییە بەر فراوانەی شانۆکەدا.

وەهـەر ئەکتـەرە سەرەکیەکـەشـە کە ئەتـوانێت بەهـۆی یاری کردنی دەورەکەیەوە ئەم سێ لایەنە بخوڵقێنێت: -

ئەکتەر

جوڵە

بنیادنانی ئەو شوێنە وارەی لە بۆ چونی نووسەرو دەرهێنەردایە.

خوڵقـانـدنی کـات (بـەڵام کات لێرەدا پر لە تەم و مژوو ئاڵـۆزییە). . (لەئاکامی کارتێکراوە دەرونیەکان).

دەرهێنەر بۆ ئەوەی بچێتە قاڵبی شانۆی وێنەییەوە ڕوناکیەکی بەکار هێناوە لەسەر ڕەنگە کە بواری شی کردنەوەی تایبەتی هەیە ئەکتەری بەسێ مەودا دەرخستووە.

ئاسۆیی

ئەستونی

سێبەری.

ئەمە دەکاتە ئەوەی بینەر بخاتە بەرڕۆشنایی و نزیك بوونەوەی لە خەیاڵ و تەصەوراتی بەر بڵاو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پێك هاتووە وێنەییە مەبەستی تەواو ناهێنێتە دی گەر بێت و ئەکتەرەکە لە مۆسیقاو ڕوناکیدا وون نەکرێت.

کەواتە لێرەدا سێ لایەن بەدی دەکەین.

لاشە

مۆسیقا

ڕەنگ.

بەڵام ئەوی زیاتر ڕاستـەوخـۆ ناخی کارەکتەرەکە دەخاتە ڕوو جوڵە دینـامیکیەکەی لەش وڵارێتی هەر سێ بەشەکەی تر دەبنە تەواو کەرێك و یاریدەدەری. . ئـاکـامـا بینـەر دەگاتە ئەو قەناعەتەی «جیهانێکی یەك هەست لەو زەمینـەیـەدا خوڵقێنراوە).

[دیمەنێك لە یانك، ئەو دیمەنەی ڕوناکیە سورە کە لێی دەدات].

(دیکۆر)

دیکـۆر بەشێکی جوڵێنـەرە، کە خاوەنی شێوەی جوانییە. وەتێکـڵاو بەنـاوەندی سایکۆلوجی کارەکتەرە سەرەکیەکەوە دەبێت، هەروەها دیکۆر دروست کراویکە وا لە بینەر دەکات پگەڕێت بەدوای شی کردنەوەیو دیاری کردنی مەبـەستی تایـەت بەشێوەیەوە، هاوبـەشی هەمـوو هەڵـوێستێکی کارەکتـەرە سەرەکیەکـە دەکـات، کەڕاسـتـەو خۆ پەیوەندی بە بیروبڕوای شانۆگەرییەکەوە هەیە.

دیکۆر لەم شانۆییەدا ئەو بەشەسەرەکیەیە کە بەووردی مەبەستی بوونی خۆی لە چوارچێوەی مەبـەست و خواستی کارەکتـەرەکـەدا پێکاوە، وەك گرژیو ئاڵـۆزی ناوەوە. . . هەم وەك تێکـەڵاو بوونـی لە دەسـت نیشان کردنی باری ڕامیاریو جۆری چینایەتی کەسایەتیەکان، بەڵام وەك تەعـبـیر نەك وەك ئەبـعـادی دیکـۆر خۆی. . جوان ترین خاڵ کە بەدەست هاتـووە لەڕوی دیکۆرەوە دورکەوتنەوەیەتی لە دیاری کردنی شێوە سروشـتیەکـەو چوار چێوە مێژوویـەکـە. وەهیچ هێمایەکی ئاشکـرای پێوەنـابینـین کە ئیحـائێکی واقعی بدات. لە لایەکی ترەوە ئەم جۆرە دیکۆرانە دەبێ شێوەی کلێشەو زەخرەفەی نزیك بەواقعی تیابەدی نەکرێت. بەڵکو بەشەکانی دیکۆر پێك بێ لە بەشی تێك شکێنراوو هێڵی شکاوەو شێوەی ناتەواو. . . بەشێوەیەتی کشتی دیمەنەکان و ئەو بەشە دیکۆرانەی تیایدا بەکـار هێنـراون هاوبـەشی یەکن لە ئامادەکردنی ئەو جەووە بیزارە سەرسوڕهێنەرەی کەوەك وەصفی خەونێکی تاریك و لێڵ بکات.

تەواو بوو

هاوکاریو ڕوو بە ڕوو بوونێك لە گەڵ موحەمەد یاسین دا

«هـاتنـە ناوەوەم بۆ جیهـانی ئاسن بەرزکردنەوە بە ڕێکەوت بوو»

لە ئۆلمپیادی لۆس ئەنجـەلۆس ئاسن هەڵگری دەوڵەتی محمد یاسین توانی خەونـە جوانـەکەی خۆی بهێنێتە دی وەخۆی خستە ناو مێژووی وەرزشی وە توانی پلەی پێنجەم بە دەست بێنی وە کێش (٧٥) کیلۆغرامە وە بە دڵنیای ئەمەش باشترین سەرکەوتنە کە عێراق بەدەستی هێناوە خولەو لە هەموو یاریەکان. ئەم ئەنجامە باشە بە دووەمین سەرکەوتن دا دەنرێ لە مێژووی عێراقی ئۆلمپی پاش ئەو سەرکەوتنەیە کە پاڵەوانی خوالێ خۆش بوو عبـدالواحد عبدالعزیز بە دەستی هێناوە کە خاوەنی ویسامی زیوی ئۆلۆمپی یە لە خولی ڕۆما لە سالی ١٩٦٠.

(هاوکاری) بە باشی زانی کە ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ ساز بدا

(پ): خۆت بەخوێنەران بناسێنە

(وا): ناوم محمد یاسین محمدە لە سالی ١٩٦٣ لە شاری هەولێر لە دایك بووم دەرچووی قوتابخانەی سەرەتاییم چوومەتە یانەی وەرزشی هەولێر پاش ئەوەی کە بوومـە سەربـاز تا ئێستـا (٢٣) ویسـامی زێڕو زیوو بڕۆنـزیم وەرگرتووە. لە سالی ١٩٧٨ پاڵەوانی وولاتم لە سالی ١٩٧٤ ئاشنایەتیم لە دنیای ئاسن پەیدا کردووە.

(پ ٢): بەرزترین بەشداری دەرەوە باشترین دەستکەوتت چی بووە؟

(و ٢): بەشـداریم لە زۆربـەی پاڵـوانێتی و پێشبڕکێی دەوڵەتان کردووە گرنگترینیان پاڵەوانێتی ئاسیاو پاڵەوانێتی جیهانی بۆ لاوان.

لە سالی ١٩٧٨ کە لە فیلیپین سازدرا لە میدالیەی بڕۆنزیم وەرگرت بۆ عیراق لە جیهان دا وە لە پاڵەوانێتی تازە پێ گەیشتووان کە لە هەنگاریا لە سالی ١٩٧٩ ڕیکخرا پلەی شەشەم بەدەست هێناوە لە هەمان ساڵدا پلەی هەشتەمینم بە دەست هێنـا لە پاڵوانێتی جیهانی بۆ پێشکەوتووەکان کە هێشتا تەمەنم نەبوو بوو بە (٢٠) ساڵ کە لە یۆنان سازکرا وە بەشداریم لە خولی ئۆلمپی مۆسکۆ کە لە سالی ١٩٨٠ سازکرا وەپلەی یەکەمم بەدەست هێنا لە پاڵەوانێتی عەرەب کە لە سالی ١٩٨٠ لە شاری هەولێر ڕێك خرا وە لە ساڵ ١٩٨١ لە پاڵەوانێتی جیهانی بۆ تازە پێ گەیشتووەکان کە لە ئیتالیا ڕێك خرا وە پلەی چوارەمم بە دەست هێنا لە پاڵەوانێتی جیهانی بۆ تازە پێ گەیشووان کە لە سالی ١٩٨٢ لە بەرازیل سازکرا وە لە هەمان ساڵ دا ویسامی زیوم بەدەست هێنا لە پێشبڕکێکانی خولی ئاسیا کە لە هیند ڕێك خرا وە لە سالی دوایی دا میدالیەی زێڕم لە میهرەجانی لاوانی عەرەبی کە لە سعودیە ڕێك خرا وەرگرت وە دوایی بەشداریم لە خولی ئۆلمپی لە لوس ئەنجلۆس کرد - بەڵام باشترین وچاکترین دەستکەوت و ژمارەی پێوانەییم تۆمار کردبێ ئەوەیە کە هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایەبوو کە کراوە بۆ ئامـادەبـوون بۆ بەشداری کردنی لە خولی لوس ئەنجلۆس لە بەغداو کە بەم جۆرە بوو:

(١٥٠) کیلۆ غرام لە بەرزکردنی یەك تەکان وە (١٨٥) کیلۆ غرام لە بەرزکردنی دووتەکان کە کۆمەڵەکی دەکاتە (٣٣٥) کیلۆ غرام.

(پ ٣): ئەو ڕاهێنـەرانـەی کە چاکەیان بەسەرتا هەیە وە هەروەها ئەو پاریزانانەی کە کاریان تێ کردووی کێن.

(و ٣): ڕاهینـەرەکـان ئەمانەن: ادریس توفیق، هاشم محمود، اسعد محمد قصاب لە هەولێر، عدنان عبدالحمزة، هەروەها حسن هادی بەڵام پاریزانەکان ئەمانەن: عبدالکریم کاظم، محمد جواد، محمد کاظم.

(پ ٤): چۆن یاری ئاسن بەرزکردنەوەت هەڵبژارد

(و ٤): هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەوەم بەخـەیاڵ دا نەدەهـات کەببمـە

ئامادە کردنی
عماد. قادر حمد
هەولێر

ئەستێرەیەك بۆ بەرزکردنەوەی ئاسن لە عیراق و دەوڵەتە عەرەبیەکان بەڵام ڕیکەوت بەتەنیا پاڵی پێوەنام بۆ بەشداری کردن لەم یاریە من زۆر جاران دەچوومە مەڵبەندی لاوانی هەولێر لەگەڵ کۆمەڵێك پێشرەوو نەوجەوان، جارێکیان چوومە هۆڵی ئاسن بەرزکردنەوە چووم ئاسنم بەرزکردەوە ئالەو کاتەدا ڕاهێنەر ادریس توفیق منی دیت چاکەیەکی زۆری بەسەر منەوە هەیە لە دەوزینـەوەم و پێشکـەش کردنمی بۆ شانـۆی جیهانی ئاسن هەڵگرتن ئەوکاتە تەمەنم دوانزدە ساڵ بوو وە بە ڕۆیشتنی کات خۆشەویستیم بۆ ئەم یارییە بەهێز تر بوو وەبە ئارەزوویەکی زۆرەوە ڕاهێنانم دەکرد لە ژێر چاوە دێری ڕاهێنەری یەکەم ادریس توفیق کە ئامۆژگاری دەکردم و بۆ ڕێگەی ڕاستەت ئاراستەی کردم.

(پ ٥): دوا ووتەت چی یە؟

(و ٥): زۆر سوپاسی ڕۆژنامەکەتان دەکەم کە ئەم گفت و گۆیەی لەگەڵ من کرد تاکو بۆ خوێنەرانی وەرزشی بدوێم.

«بەرزنجە لە بارەی لاوان و وەرزشەوە»

بەرزنجە یەکەیکە لە ناحیەکانی سەر بە پاریزگای سلێمانی. دەکـەوێتـە سەرووی ڕۆژ هەڵاتی ئەم پاریزگایەوە نزیکەی (٥٦) کیلومەترێك لێوەی دوورە لە ئامێزی کۆمـەڵـە گردێکـدایە دانیشتـوانی بە گشت وکاڵ و ماڵیاتەوە خەریکن. . کۆنترین ناحیەیە لە پاریزگای سلێمانیدا لە سالی (١٩٤٠)ز دا کراوە بە ناحیە خانووەکانی هەمووی دوو نهۆمن لە تەنیشت یەکەوە کە لە دوورەوە سەیری بکەی ئەڵێی لەسەر یەك دانراوون نزیکەی (٥٠٠) خانوو دەبێت سێ قوتابخانەی تێدایە دووانی سەرەتایی و یەکێکی ناوەندی. . .

کەم و کوڕی زۆری تیایە لە ڕووی جادەو خانوو ئەو ئیشانەی کە شارەوانی ناحیەی پێی هەڵەسێ بەڵام لێرەدا تەنها مەبەستی من وەرزشەو هیچی تر. . .

چونکە بەڕاستی دڵم بەو لاوانە ئەسووتێ کە گیانی وەرزشـیان تێدایە بەڵام کەسـێك نی یە دەسـتی یارمـەتیان بۆ درێژ بکـات ئەوەتـە تەنهـا بەسەیری تەلـفـزیۆن و ڕۆژنـامـەی وەرزشـی ئەم ئارەزووە وەرزشیان ئەهێنە دی کە زۆر دورە لە ڕاستییەوە. بەڵی کۆمەڵێ لاوی زۆری تیایەو ئارەزووی وەرزشیان هەیە بەڵام بەداخەوە کە تەنها یاریگایەکی تێدایە بە بینینی مرۆڤ دڵی پڕ دەبێ دەست بە گریان دەکات بۆ ئەوانەی کە یاری تیا ئەکەن چونکە هەوندەی چاڵ و چۆڵی تێدایە بە هیچ جۆرێك لە یاریگا ناچێت بە مەرجێك ز یاتر لە (٦) جار چوومەتە بەکێتی لاوانی سولێمانی پێم ڕاگەیاندوون یارمەتی زۆر پیشیان داووم بەڵام بەداخەوە چەندە لە شار یارمەتیم دراوە بە نوسینی کتاب بۆ ناحیەو منظمە و لە بەرزنجە اهمال کراوە هیچ ئاورییان لێ نەداینەوە بەڵکو ئیمە هەر گوییان پێ نەداوە بەڵام شایانی باسیشە لە گۆڕەپانی قوتابخانەی بەرزنجەی سەرەتایی کوراندا یاری (کرة الطائرة) مان دەکرد ئەویش قەدەغە کرا لە لایەن بەڕێوبەرایەتی ناوچەی بەرزنجەوە شایانی باسیشە کە بچوارتیپی تێداتیە دووانی باله دووانی تۆپی پێ. . .

أحمد صالح فرج

ئاماژە کردنی بە ئەزانـی لە بارەی خولـەی دەهەمی تاسیاوە لە «سیئول»؟. . .

کە ١٦ ڕۆژی خایاند لە ٢٠ ی ئەیلولـەوە تا ٥ ی تشرینی یەکـەم ١٩٨٦ زا ٢٧ دەوڵەت بەشداری ئەم خولەیە بوو.

٤٧٩٧ یاری زان بەشـداری تێدا کرد. ٩٤ مەدالی زێڕ وولاتی چین بەدەستی هێنا.

٢٢٢ مەدالی تێکرا وولاتی چین بەدەستی هێنا یەکەمی خولەکە بوو.

٩٣ مەدالی زێڕ وولاتـی کۆریا بەدەستی هێنا.

٢٢٤ مەدالی تێکـرا وولاتی کوریا بەدەستی هێنـا دووەمی خولـەکـە بوو. ٧٦ مەدالی زێڕ وولاتی یابان بەدەستی هێنا.

٢٢١ مەدالی تێکـرا وولاتی یابان بەدەستی هێنا سێیەمی خوولەکە بوو.

٥ وولات هیچ جۆرە مەدالیان بەدەست نەهێنا.

١٢٠ گۆڵ کرا لەم خولەیە لە یاری تۆپی پێ.

٧ مەدالی زیوو مس عێراق بەدەستی هێنا.

دلێر

خۆزگە هۆڵێکی داخراومان نەبوو..!

ڕۆژی پێنج شەممە کە ڕیکەوتی ١٩٨٦/١٠/٢ کرد یاری تۆپـی باله کرا لە نێوان تیپی «ئەمانەی» بەغـدا و تیپی یانـەی وەرزشی سلێمانی لە ئەنجامدا تیپی یانەی وەرزشی سلێمانی سەرکەوت بەسەر تیپی «ئەمانە» بەسێ گێم بەرامبەر بە هیچ. یاری زاناکانی سلێمانی یارێکی جوانیان پێشکەش کرد بە جەمـاوەری بینـەرەکـانی شاری سلێمانـی بەڵام چیتـان بۆ باس بکـەم. . هۆڵـەکـە کە یاری تێدا ئەکرا هۆڵێکی داخراو بوو کە یاری زانـەکـان زۆر جار سێرفـیان ئەسـووتـاند ئەویش لەبـەر نزمی هۆڵەکە بوو وە ئەوەندە نزم بوو ئادە میزاد ئەنگەنەفەس ئەبوو. . . .

خۆزگـە هۆڵـێکی داخـراوی چاکمان ئەبوو لە پاریزگاکەمان بۆ ئەوەی بتـوانـین میوانـداری تیپـە



وەرزشی یەکانی پاریزگاکانی تر بکەین. . .

بکر

«= بۆ ئاگاداری =»

بۆ ڕێز گرتـن و پایەداری کەلتـووری بینـاسـازی عەرەبی ئیسـلامـیو بۆ پاراسـتـن و ڕزگـارکـردنـی لە فەوتـان و لە بیرچـوون، ڕیکخراوی شارەکانی عەرەب خوولی دووەمی ١٩٨٦ - ١٩٨٨ بۆ خەلات دەکـاتـەوە،

خەلاتەکانیان ئەوانەی خوارەوەن: -

١ - خەلاتـی پرۆژەی بیناسازی/ ٥٠٠٠ پێنج هەزار دیناری کوێتیە لەگـەڵ قەڵغانێکی زێڕو بڕوانـامـەیەکی ڕێز لێنـان بۆ چاکترین پرۆژەی بیناسازی.

٢ - خەلاتـی کەلـتـووری بینـاسـازی: قەڵـغـانیکی زێڕو بڕوانامەیەکی ڕێزلێنانە.

٣ - خەلاتـی ئەنـدازیاری بیناسازی: خەلاتی ٤٠٠٠ چوار هەزار دینـاری کوێتـی یە لەگـەڵ قەڵغانیکی زێڕو بڕوانامەی ڕێزلێنانە

. جا تکـا لەو بەڕێزانـە دەکەین کە پسپۆڕن لەم بابەتانەی سەرەوە سەر لەشارەوای بدەن بۆ زیاتـر زانیاریو وەرگرتنی پسوولەی تایبەتی، دووا ڕۆژیش بۆ وەرگـرتنی بابەتەکان تا ڕۆژی ١٩٨٧/٣/١٤ لەلایەن ڕیکخراوی ناوبراو.

یەڵماز کازم مستەفا
بەڕێوەبەری شارەوانی هەولێر

Institut kurde de Paris

هەرجارێ نووسینێك

لە پەراوێزی میهرەجانی شیعرەوە

● موکەرەم رەشید ، تاقەبانی ●

● لە شارە دێرینەکەی هەولێرو، لە ژێر دروشمی لە پێناوی ؛ شارستانیەت و یەکیەتی‌ی نیشتمانی‌دا، سێیەمین میهرەجانی شیعری کوردی لە رۆ ژانی ٩و ١٠ و١١ی ئەیلوول سازدرا، کە ژمارەیەکی زۆری شاعیرە ناوداره کانی کوردو چەندین شاعیری عیراقی بەشداری‌یان تێداکردو، چەندین نووسەر و رەخنەگری کوردو عیراقیش بە میوانی‌و بە لێکۆڵینەوە ئامادەی میهرەجانەکە بوون و، لە رۆژانی سازدانی میهرەجانەکەدا، گوێیان لە ووشەی پیرۆزی کوردی گرت، کە خۆی بۆ خزمەت کردنی خاکی پاکی نیشتمان و ئاسۆ رووناکانی گەلەکەمان تەرخان کردبوو، بە لێکۆڵینەوەو (سەرنج دەربڕین)یش نووسەر و رەخنەگران میهرەجانەکەیان ئەوەندەی‌تر بەپێز کرد، ئەگەرچی هەندێك جار سەرنجەکان لە سنووری بۆدانراوی میهرەجانەکە تێ دەپەڕین و بەرەو چەندین لایەنی دیکە دەفڕین.

● بێیتە لای راستی، سازدانی ئەم جۆرە میهرەجانانە بۆ خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە لەسەر نووسینی شیعری کوردی، کاریکی زۆر بە جێو جێی شانازی‌و پشت گرتن و هاندانە، چونکە بەهۆی ئەم مەهرەجانانەوە، نەك هەر شاعیرەکان، بەڵکوو سەرجەمی نووسەرەکان بەیەك دەگەن و گفت وگۆی ئەوتۆیان لەنێوان دا دێتە کایەوە، هەموو لایەکیان لەیەك دی سوود و بەردەگرن و، باری سەرنجی یەکتر دەزانن، سەرەرای ئەوەی نووسەرە عیراقیەکانیش لە نزیکەوە.. نووسەرو شاعیرانی کورد پتر دەناسن و جۆرە بەیەك گەیشتنێکی نزیکی فیکری‌یانەیان لەنێوان دا رووددەدات و بیروراو سەرنج ئاڵ وگۆڕ دەکەن، ئەمەیش ئەدەبی گەلەکەمان پتر بە برا نووسەرو شاعیرو ئەدیبانی و وڵاتەکەمان دەناسێنێت و، ئاسۆیەکی پرشنگداری لەبەردەم دا ئاواڵە دەکات.

● وەك لە بەیاننامەی کۆتایی میهرەجانەکەدا، بریاری لەسەر دراو، یان بابڵێین ووترا، دەبێت هەر دوو ساڵ جارێك میهرەجانێك بۆ شیعری کوردی ساز بدرێت، ئێمە ئەوە بە پێویستی‌یەکی شارستانیەتی دەزانین و ئەو هەنگاوە پیرۆزانە هان دەدەین، بەرەو وەدی هێنانی ئەو ئاواتە دێرینە بۆ پێشەوە دەڕۆن و ئەوەیش دەخەینە پێش چاو، کە بەر لە سازدانی هەر میهرەجانێکی شیعری، ئەو رەخنەگرو نووسەرانەی بە لێکۆڵینەوە بەشداری‌ی تێدا دەکەن، پێش چەندین مانگە، با بڵێین لە سێ مانگە کەمتر نەبێت، شیعرو لێکۆڵینەوەکانیان بۆ سەرپەرشتی کارانی میهرەجانەکە رەوانە بکەن و ئەو بەرهەمانە تەماشا بکرێن و بریاریان لەسەر بدرێت و، پروگرامێکی رێك وپێك بۆ سازدانی میهرەجانەکە دابنرێت، نەك هەر شاعیرێك بیەوێت بەشداری بکات و، دەست بە باخەڵ دا بکات و شیعرێك دەربهێنێت و بچێتە سەر مایکرۆفون.

هەروەها نەك لێکۆڵینەوەکان پەیوەندی‌یان بە شیعری کوردی‌یەوە نەبێت و لەو بازنە بچنە دەرەوە، سەرەرای ئەوەیش نەك لێکۆڵینەوەکان بەسەر خورمە بقرتێندرێن و، میهرەجانەکە لە سنووری (جدی)یانەی خۆی بچێتە دەرەوە.

● هەر چۆنێك بێت، یەکیەتی نووسەرو ئەدیبانی کورد لە هەولێر، کاریکی چاکی کردو، شایانی رێزو ئافەرین کردنەو، دەشبێت ئەم دەستپێشکەری‌یەی بە کاریکی پیرۆز بژمێرین و ستایشی بکەین و.. دەزگاکانی تری راگەیاندنیش ئافەرین بکەین، کە خۆیان لە سازدانی ئەم میهرەجانەدا نوواند...

دەسا با هەر پایەداربێت ووشەی پیرۆزی کوردی، لەپێناوی دا هێنان و شارستانیەت و یەکیەتی‌ی نیشتمانی‌دا، ئیتر ئیوەو تا میهرەجانێکی‌تر.

رۆژی پارێزگای سلێمانی
رۆژی شادی‌و کامەرانی

پارێزگای سلێمانی لەم رۆژانەدا لە خۆئامادەکردنێکی تەواودایە بۆ ئاهەنگ گێران بە بۆنەی رۆژی سەرکەوتن ١١/٣ ئەو رۆژەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین مژدەی سەرکەوتنی گەیاند بە هەموو گەلی عیراق سەرکەوتنی سوپای قارەمانمان لەبەرەکانی پێنجوێن.

هەر بەم بۆنە پیرۆزەوە هەموو جەماوەری پارێزگای سلێمانی بەشداری ئەم ئاهەنگە گەورەیە دەکەن و بۆ ئەمە بەرنامەیەکی تێرو تەسەل دانراوە کە لە رۆژی (١٩٨٦/١١/٣)ەوە دەست پێ دەکات.

ئەوەی شایانی باسە دەزگاکەمان دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی ئەمساڵ ئەرکی لە چاپ دان و ئامادەکردنی هەموو پێویستیەکی چاپەمەنی گرتە ئەستۆی خۆی لەوانە دەرکردنی فۆڵدەریکی رەنگاو رەنگ کە بەرنامەی ئاهەنگەکانی تێدایەو رۆژنامەیەکی رەنگاو رەنگی چوار لاپەڕەیی بە ناوی پێنجوێن لەگەڵ پاشکۆیەك و پۆسترێك ئەمەش لە ئاستی ئەو هەموو چالاکی‌یە بەرفراوانانەیە کە دەزگاکەمان دەیگێڕێت لە سەرتاپای کوردستان دا.

بەرنامەی ئاهەنگی رۆژی سەرکەوتنیش ١١/٣ بەم جۆرەیە!

- نوێنەی سەرەکی فەرماندە پەردە لادەدا لەسەر دوو وێنەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین لە دەروازەی شاردا.

- پەردە لادان لەسەر تابلۆی قەد دیوار کە دابەش دەکرێت بە پارێزگادا.

- پەردە لادان لەسەر کەوانەی سەرکەوتن.

- وتەی پارێزگای سلێمانی.

- ڕێزەی کەژاوەکان کە هەموو دەزگاکانی پارێزگاو قەزاکان بەشداری تیا دەکەن.

- رۆژی دووەم: -

- کردنەوەی پیشانگایەکی وێنەی مندالان.

- رۆژی سێیەم: -

- میهرەجانێکی وەرزشی لەلایەن بەڕێوەبەرێتی چالاکی وەرزشی.

- بروسکەیەك بۆ سەرەکی فەرمانده.

- پەیانێکی بە خوێن نووسراو.

- کۆتایی هێنان بە میهرەجانەکە بە سلاوی کۆماری.

- کردنەوەی پیشانگایەکی پۆستەری سیاسی.

- لقی سلیمانی -

«ئەم هونەرمەندە بناسە»

نازا حسیب قەرەداغی

● سیروان خۆشناو ●

● لە سالی ١٩٦٠ لە سلێمانی لە دایك بووە.

● لە سالی ١٩٨٠ کولیجی «بەڕێوەبردن و ئابووری‌ی» زانکۆی مستنصریەی تەواو کردوە

١٩٧٩ - پیشانگایەکی هاوبەشی لەگەڵ «سامان قادر» دا لە باخچەی یەکیەتی نووسەرانی کورد لە شاری سلێمانی کردوتەوە.

١٩٨٠ - بەشداری ڤیستڤالی هونەری زانکۆکانی عیراقی کردوە لە شاری بصرە.

١٩٨٠ - یەکەم پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی گوێژە لە شاری سلێمانی کردوتەوە.

١٩٨٢ - پیشانگەی هاوبەشی لەگەڵ «نەهرۆ شەوقی» لە شاری هەولێر کردوتەوە.

١٩٨٢ - بەشداری ڤیستڤالی رۆشنبیری کوردی کردوە لە هەولێر

١٩٨٣ - بەشداری پیشانگەی هاوبەشی حەوت هونەرمەند کردووە لە هۆڵی مۆزەخانە لە شاری سلێمانی.

١٩٨٥ - بەشداری پیشانگەی شەشەمی سالانەی هونەرمەندانی سلێمانی کردووە.

١٩٨٦ - بەشداری پیشانگەی گشتی هونەرمەندانی کوردی کردووە لە شاری هەولێر.

● نەخشەی بەرگ وێنەی هەندێ لە چاپ کراوە کوردی‌یەکانی کێشاوە.

● چوار نامیکەی فیر بوونی وێنەکیشان بۆ منداڵان بەزمانی عەرەبی لە چاپ گەیاندووە.

● ئێستاش وەك هونەرمەندێك لە گۆڤاری (کاروان)دا کار دەکات.

چیرۆك بۆ منداڵان

ئەوە سێیەکە

لە یەکێك لە ماڵەکانی گوندێکی کوردستان، کە ماڵی (سامان) بوو. پەرەسێلکەیەك هێلانەی لە بن میچی ژوورەکەیان کرد بوو بەنیازی پشوودان بۆ خۆی‌و پاشە رۆژی بیچووەکانی رۆژێکیان (سامان) بەبێ بیرکردنەوە داریکی درێژی هێناو هێلانەکەی روخاند.

بۆ ئیوارە بە دایکی ووت: - دایە ئەمرۆ هێلانەی ئەو پەرە سێلکەیەم خاپور کرد کە لە ژوورەکەمان کرد بووی دایکی ئەمەی بیست بە تووڕەیەوە ووتی: - جا کوڕم بۆ رۆخاندت نازانی گوناهە؟

تۆ حەز دەکەی یەکێك بێت ماڵەکەمان بروخێنی؟

سامان لە وەڵام دا ووتی: - نەخێر.. نەء

ئەنجا دایکی پێی ووت ئەویش وەك ئێمە حەز ناکات چوونکە رەنجی لەگەڵ داوەو هیلاك بووە تاکو دروستی کردوە.

ئەی نەت بیستووە گوتویەتی:

(قوڕ دێنم لە قورە شبنە)

(ئاو دێنم لە مەدینە)

(هەر کەسێ هێلانەم خراپ کات کافرو بێ دینە)

سامان دوای ئەوەی گوێی لەم باسانە گرت، غەم و پەژارە دای گرت و بێ دەنگ بوو.

تا دایکی پێی ووت: - کوڕی خۆم ئەم جارە قەی ناکا.. چونکە نەتزانی. بەڵام جاریکی تر شتی وا نەکەیت.

سامان گەشایەوەو پەیانی‌دا ئیتر هەرگیز هەڵەی وای لێ نەوشێتەوەو بەیانیش قسەکانی دایکی‌و وانەی پەرەسێلکە بۆ هاوریکانی بڵێتەوە.

نەوزاد عەلی حەسەن

لە چاپگراوەکانی دەزگاکەمان

حەمەغای گەورە

زنجیرەی ژمارە ١٤٦ی بڵاوکراوەی دەزگاکەمان دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی (حەمەغای گەورە) یەکە دەربارەی ژیان و بەسەرهاتی حەمەغای گەورەیە لە قەوارەیەکی مام ناوەندی‌و بەرگێکی رازاوە بە وێنەی حەمەغای گەورە لەم رۆژانەدا کەوتە بەردەست خوێنەران.

بۆ زاخاوی مێشك

ئامادەکردنی
صبحی شیرکۆ

ئەستوونی‌و ئاسۆیی

١ - ئازار - هێکە شەیتانۆکە
٢ - جۆرەی ووشەی کوردی
٣ - دژی تەر - زیرەك
٤ - دوو پیتی بزوێن - دوو دڵی
٥ - یاری‌کە (بەتێکەڵی)
٦ - یەکەمین قۆناغی کۆمەڵایەتی، ئابووری
٧ - چەکوش - گریان
٨ - منداڵی تێرینە (هـ) تەمەن (هـ) گیانەوەریکی ماڵی
٩ - خانووی مبری - نیوەی (زمان)
١٠ - داماو - راناوی پرس
١١ - ماڵی - ناساز

تێبینی: - هـ = هەڵگەراوە



هاوکاری

دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی
وەزیریە
تەنیشت
(المعهد القضائی)

تەلەفون
٤٢٥١٨٤٦
٥ خەت

شیعر بۆ منداڵان

«بەرخەکەم»

وشیار احمد اسود

هۆ بەرخۆڵە بەر خۆڵە
با برۆینە ئەو چۆڵە

ئەم رو بە بێ دەنگ ماوی
سك برسی راوەستاوی

هۆ بەر خۆڵەی قۆچ بەسەر
وەرە بتبەم بۆ لەوەر

بە باعە باع پێشکەوە
رووی جوانی خۆت گەش کەوە

ناگە رینەوە ئەمرو
تاوەکو تیر نەبی تۆ

محمد ئازاد شوان

پەری حەمە رەوف

کاوان بەرزان

سیامەند حەمە غریب

هبە وەلید

Institut Kurde de Paris